# پۆلیس و عیللەتەکانی



مولازمی پۆلیس
پێشڕەو عەبدوڵڵا

K.I.P.I

پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان

# پۆلیس و عیللەتەکان

مولازمی پۆلیس
پێشڕەو عەبدوڵڵا

هەولێر
٢٠٠٧

پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان
K.I.P.I

# پۆلیس و عیللەتەکانی

مولازمی پۆلیس
پێشڕەو عەبدوڵڵا

هەولێر
٢٠٠٧

کتیب: پۆلیس و عیللەتەکانی

نووسەر: مولازمی پۆلیس پێشڕەو عەبدوڵڵا

چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردن (٢٠٤) ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ.

هونەرکاری بەرگ و ناوەڕۆك: فەرید شێوەزووری

چاپخانەی: منارە

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: [redacted]٠ دینار

پێشکەشە

به شەهیدی سەرکردە (عەمید نەریمان)

ئەو پیاوەی بۆ هەمیشە لەگەڵمان دەژیت.



سوپاس و پێزانین

جێی ڕێزە بەڕێزان (هێمن میرانی، بەسام عەلی) ئەرکی پێداچوونەوەو هەڵەبڕی ئەم پەرتووکەیان گرتە ئەستۆ، سوپاسی ماندووبونیان دەکەم.



## پێشەکی

بەداخەوە لە کلتوری کوردیدا پۆلیس شوێنێکی خراپی هەیەو، چەندین نەقڵ و گێڕانەوەی ناشرین لەنێو کۆمەڵگا هاوسێکانی و بەتایبەتیش لەنێوان ئێمەی کورد لەسەر پۆلیس هەن. تەنانەت لە هەندێ ناوچەدا کە بتەوێ جنێوێکی ناشرین بە کەسێك بدەی پێی دەڵێن (هەی پۆلیس)*. ئەم بە (سووك) تەماشاکردنەی پۆلیس دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی داگیرکەران کە بە ناشیرینترین شێوە پۆلیسیان بەکار بردووە. بۆ نمونە پۆلیس عەدالەت دەپارێزێ ئەوان دونیایەك بێ عەدالەتییان بە پۆلیس کردووە پۆلیس هاوڵاتیان دەپارێزێ لە دزو جەردەو گێرە شێوێن وخراپکاران کەچی ئەوان پۆلیسیان بە کار هێناوە راورووت بکات شەریکی دزو جەردە وخراپکاران بێ.

لەو وڵاتانەی پۆلیس بەناوەرۆکیش پۆلیسە هەرکەسێ کارەساتێکی بەسەربێ پۆلیس پشتوپەنایە، کەچی کاری خەڵکی ئێمە خۆشاردنەوە بووە لە پۆلیس، کە منداڵ ون دەبێ پۆلیس دەستی دەگرێ و دەیباتەوەماڵی خۆی، لە شەقام دەیپەڕێنێتەوە کەچی لەلای ئێمە کە منداڵ دەگریا یان بزێو بوو پێیان دەگوت (بە پۆلیس دەڵێین یان پۆلیس هات) ئەمە بەس بوو بۆئەوەی منداڵەکە ژیربێتەوە.

بۆخەڵکی کوردستانی بەردەوام لە شۆرشدا پۆلیس بەردەوام هێزێکی سەرکوتکەر بوو لە دروستکردنی جاسوس لە سەر یەکتری و راپۆرت و راپۆرت کاری و بەرتیل و بە زۆر داگیرکردنی ماڵی خەڵکی هەژار. ئەمانەو کۆمەڵێ هۆکاری تریش وایان کردووە، بە چاوێکی نزم بڕواننە پۆلیس کە بە داخەوە دوور لە ئەرکو ناوی پۆلیسە کە لە واقیعدا کارەکتەرێکی پیرۆزە، چونکە پۆلیس واتە شار، شار واتە شارستانیەت، پۆلیس واتە ئەمنییەت واتە عەدالەت واتە رێکخستن و دیسپلین.

ناوی پۆلیس بە ناشیرینی چۆتە نێو فەرهەنگی کوردی، بۆ ئەمەش

وەك لە پێشەوە باسمانکرد کارێکی زۆر کراوە، ئەم کار بۆ کردنەش بێ بەرنامە نەبووە، وەك چۆن بە بەرنامە تەعریب کراوە، بەبەرنامە کار بۆ دروستکردنی تاکێکی نا مەدەنی کوردی کراوە، بەبەرنامە کار بۆ جەستەیەکی لاواز توندوتیژو تالانکەر کراوە.
بۆیە بۆ سڕینەوەی ئەم هەموو لایەنە ناشیرینانە و دروستکردنی کەسایەتییەك بۆ پۆلیس کە گوزارشت لە راستی و ئەرکو واجباتی بکات، دەبێ بەبەرنامەوە بچین، ئێمە لە پەیمانگای کوردستان هەر کە ئەم بەرهەمەی هاوڕێی خۆشەویستمان کاك پێشڕەومان پێگەیشت جگە لە دەستخۆشی و تەقدیرکردنی ماندوو بوونی بیر و هزرو بۆچوونەکانی، پرۆژەکەمان بە کارێکی گرنگ و گەورە و شارستانی وفەر بۆ ئەمرۆی کوردستان زانی. چونکە بەراستی پرسی پۆلیس و لاوازیەکانی و هەروەها بەکەم تەماشاکردنی پرسی سیاسی و کۆمەلایەتی و هەر ئەوهاش لێگەران و چارەسەرنەکردنی، دەرهاوێشتەی نەگەتیڤی و گەورەی لێ دەکەوێتەوە بە شێوەیەك رێگر دەبن لەبەردەم زۆر لەو پرۆژانەی ئێستا بە تیۆری باسیان لێ دەکەین. بۆیە ستافی پەیمانگا تێکرا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ئەمەیان ئەرکی پەیمانگایەو دوور ناکەوینەوە لە پرەنسیپەکانمان.
ئەگەر ولات خودانی پۆلیسێکی بیرو هزر فراوان و پۆشتەو بە ئیمکانیات بێ، زۆر کێشەی لاوەکیمان لەکۆل دەکاتەوە کە بەراستی لە ئایندەدا پرسی گەورە دەبن بە تایبەتیش گەندەلیە (بچوکەکان).
سالی ١٩٤٨ کە دەولەتی ئیسرائیل دروستبوو ئەو هەموو زولمەی نازیەکان دەر هەق بە جوولەکە کردبوویان وای کرد هەموو ولاتە ئەوروپییەکان هاریکاری لەگەل ئەو دەولەتە نوێیەدا بکەن، هاریکاریەکان زۆری بە پێشکەشکردنی مەبلەغی گەورەی دراوی بوون، دەولەتی سوید بڕیاریدا کە چەند خولێك بۆ پۆلیسەکانی ئەو ولاتە نوێیە بکاتەوە بە تایبەتی لە بواری (پۆلیسی هاتوچۆ). دلنیاین ئەوکات ئەو هاوکارییەی سوید زۆر بە کەمی سەیرکرا، بەلام دوای ماوەیەك دەسەلاتی ئیسرائیلی زانیان سوید چ خزمەتێکی بەو

وڵاته کردووه، دەڵێن ئێستاش پۆلیسی هاتوچۆی ئەو وڵاته له ڕێکخستنی بازار و شار زۆر ڕێکوپێك و سەرکەوتوون.

(پۆلیس) وەك ناوە مێژووییەکەی کە واتای شارو شارستانیەتە (وشەیەکی گریکی کۆنە)، ئاماژەیە بۆ ئەو هێزە ناوەکی و جەستەییەی کە گوڕ بە بەردەوامی هێزە چاکەکان دەداو کاردەکات بۆ شکستپێهێنان و چاککردنی ئەوهێزانەی دی کە لە خزمەت ئاسایشی گشتی و بەرژەوەندیە باڵاکانی نەتەوە و ئابووری و فەرهەنگ و دەوڵەتدا نین، بۆیە ناشێ بەبێ بونی هێزێکی ناوەکی کە خۆی لەبونی وشیاری و هەستکردن بەبەرپرسیارێتیەکاندا دەبینێتەوە ئەوا هێزە جەستەییەکەی پیادە بکات، بۆیە دەبێت تێکرای بازنەی کاری پۆلیس و بەپۆلیس بون ئاماژە بێت بۆ کۆی ئەو ڕەهەندانەی کە لە خزمەت بەرژەوەندی و بەرجەستەکردنی باش و باشترو خۆش و خۆشتر بێ بۆ مرۆڤەکانی.

دەبا ئەم بەرهەمەی بەردەستتان کە بەری ڕەنجی گەنجێکە و ماوەیەکی زۆر خۆی بۆ تەرخان کردووە دەروازەیەك بێ بۆ گۆڕینی پۆلیس لە ناوێکی ناشرین و کەم بەرهەم بۆ ناوێکی پیرۆز و پڕ بەرهەم.

**موسا ئەحمەد**
**بەرپرسی پەیمانگای کوردستان**
**بۆ پرسە سیاسیەکان**
K.I.P.I

* ئەمانە کۆمەڵێ دەستەواژەی ناشرینن بەرامبەر هەندێ پۆلیسی شۆڕشگێڕ و بە عەدالەت، بەڵام بە داخەوە زۆری وا بوو.



## پێش باس:

له ڕۆژگاری ئه‌مرۆماندا، که گه‌نده‌ڵیه‌کی زۆر نه‌ك هه‌ر به‌رۆکی فه‌رمانگه‌کانی حکومه‌ت، به‌ڵکو ته‌نگی به مرۆڤه‌کانیش هه‌ڵچنیوه، خۆ هه‌ر چاره‌سه‌رێکیش که تا ئه‌مڕۆ، به‌ به‌رچاومانه‌وه‌یه، چاره‌سه‌رێکی کورتخایه‌ن بووه، که له زه‌مه‌نێکی کورتدا باره‌که‌ی هێور کردۆته‌وه و، دواتر گه‌یشتوینه‌ته‌وه سه‌ر هه‌مان گیروگرفت و نه‌مانتوانیوه ریشه کێشانه ڕووبه‌ڕووی گرفته‌کان ببینه‌وه، ئه‌وه‌ی هانی منیدا، له‌م بواره‌دا، که بواری پۆلیسه، ئه‌م لێکۆڵینه‌وه‌یه ئه‌نجام بده‌م ئه‌وه‌یه که حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی کارگه‌لێکی باشی ئه‌نجامداوه له زۆربه‌ی ئۆرگانه‌کاندا، به‌ڵام بوارێك هه‌یه به‌رده‌وام له بیری ده‌چێت و بۆی به په‌رۆش نیه، ئه‌وه‌شی لێره‌دا، له سه‌ر پۆلیس وه‌ك به‌رمه‌جه‌یه‌ك ده‌خرێته به‌رده‌م حکومه‌ت ڕاستی، ئه‌وه نیه که حکومه‌ت کردوویه‌تی بۆ پۆلیس به‌ڵکو هێنانی حکومه‌ته، یا خود بانگه‌شه‌ی حکومه‌ته، بۆ سه‌ر خوانێك له سه‌ر پۆلیس، که تا ئێستا لای لێ نه‌کردۆته‌وه.

ئه‌مڕۆ پۆلیسی کوردستان بکه‌ین، به به‌راورد له‌گه‌ڵ ساڵانی پێشوو، پێشکه‌وتنی به‌رچاوی به خۆیه‌وه دیوه، گه‌ر دوورتریش بڕۆین، پۆلیس له دوای ڕاپه‌ڕینه‌وه هه‌ڵگری مانایه‌که که جیاوازه له پێش ڕاپه‌ڕین، ڕاستیش ئه‌مڕۆ ئێمه هێزه‌کانی پۆلیس هه‌موومان به‌رده‌وام ڕۆژانه گله‌یی له‌و واقعه ده‌که‌ین که پۆلیسی تێکه‌وتووه، به‌رده‌وامیش چاوه‌ڕوانین گۆڕانێك دروست بێت که هه‌موومان به‌ره‌و ئاسوده‌یی و ئه‌منیه‌ت به‌رێ، که‌واته گۆڕان ئه‌و خه‌ونه‌یه نه‌ك پۆلیس به ته‌نیا به‌ڵکو ته‌نانه‌ت هه‌مو مرۆڤ له ژیانی خۆیدا، به‌رده‌وام چاوه‌ڕوانیه‌تی، هه‌وڵده‌دا له ژیاندا به‌ره‌و باشترو گه‌شه‌سه‌ندوتر بڕوات، بۆیه لێره‌دا زۆر گرنگه ئێمه چه‌مکی (گۆڕان) بخه‌ینه ناو پرسیاره‌وه؟ بپرسین ئایا گۆڕان چیه؟ ئایا ئه‌وه‌ی که گۆڕان دروست ده‌کات چیه؟ له پاڵ ئه‌م

چەمکەشدا باسی (گەشەکردن) بکەین، چونکە ئەوە گەشەکردنە کە گۆڕان دروست دەکات دواتر ئایا گەشەکردن چیە؟ بەچی دەزانین شتێك گەشەی کردووە؟ یانی ئەوەی وا دەخاتە بەرچاو گەشەی پێ ڕوواوە لە شتێکدا چیە؟ دواتر بێین ئەم چەمکانە وابەستە بکەین بە پۆلیسەوە؟ یان ئایا پۆلیس گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئایا پۆلیس گەشەی کردووە یان گۆڕاوە؟ گەشەکردن لە پۆلیسدا چییە؟

پۆلیس بە بەراود بە ساڵانی پێشوو گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە، نموونە لە جلوبەرگ و چەك و مەشق و....هتد.بەڵام ئەمجۆرە لە گۆڕان گەشەکردنی تیا نیە. واتە گۆڕان بووە لە بارەی دەرەوەی پۆلیس، هەمووومان دەزانین پۆلیسێکی ئێستا لەگەڵ پۆلیسێکی چوار ساڵ لەمەوپێش لە رووخساری دەرەوەدا زۆر جیاوازە، بەڵام کێشەکە لێرەدا نیە کێشەکە ئەوەیە تا چەند باری ناوەوەی پۆلیس گەشەی کردووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ ئایا ئەو نائومێدیەی ئەوسای پۆلیس هەمان نائومێدی ئێستا نیە؟ ئایا بۆچی پۆلیس ناڕازییە لە واقعی خۆی؟ ئایا لە بەر ئەوەیە جلی ناشرینە یاخود مەشقی نەکردووە؟ ئایا پۆلیس چاوەڕوانیەکی گەورەتری نیە لەم شتانە؟

با لێرەدا هەوڵبدەین گۆڕان بخەینە ناو پرسیارەوە، سەرەتا دەبێ گۆڕان لە گەشەکردن جیا بکەینەوە. دەبێ ئەوە روون بکەینەوە کە رۆحی گۆڕان گەشەکردنە، گەر گۆڕانێ گەشەکردنی تیدا نەبوو ئەوا بە تەنها گۆڕانە بەبێ رۆح، بەڵکو سێبەری گۆرانە. با سەرەتا هەوڵبدەین سێبەرەکانی گۆڕان دیاری بکەین، شتێ هەیە بۆ خۆی حاڵەتی هەیە. ئەم شتە دەگۆڕێ بە هۆی شتێکی دیکەوە واتە گۆڕانی ئەو شتە لە سەر حسابی شتێکیتر بێ.

بۆ نموونە: کاتێك دەڵێین س= ١٤ ێ— ٢٥

ئەگەر (س=١٥) بەڵام (ێ=٢٤) واتە گۆڕانی (س)



له سەر حسابی کەمبوونی (یێ) بێت، ئەوکاتە ئەو گۆڕانە نابێتە (گۆڕان) بەڵکو سێبەری گۆڕانە، چونکە شتەکە لە ناو خۆیدا نەگۆڕاوە، بەڵکو لە دەرەوە بۆی هاتووە. گەر نموونەکە بگوازینەوە، منالێك کاتێك یەکێك لە دەستەکانی لە گەشەکردن دەوەستێ و دەپووکێتەوە، دواتر ئەو دەستەی دەبڕن و دەستێکی دەستکردی بۆ دادەنێ، ئەم گۆڕانە ڕاستی گۆڕان نیە، بەڵکو سێبەری گۆڕانە. ڕاستە دەستی بۆ دروستکراوە گۆڕانی بە سەردا هات، بەڵام لەبەرئەوەی گۆڕانەکە گەشەکردنی تیا نەبوو، بە واتای ئەو کاتە دەستی دەگۆڕا، کە خۆی گەشەی کردباو بگەیشتایەتە ئاستی قەبارەی ئەندامەکانی لەشی، ئەوە دەبووە گۆڕان، بەڵام لەم بارەدا کە پەلی دەستکردی بۆ دادەنێن. چونکە تەنێك لە دەرەوە هاتۆتە سەر لەشی نابێتە گۆڕان، بەڵکو دەبێتە سێبەری گۆڕان.

ئەمڕۆ کاتێك دەست دەکەن بە خزمەتکردنی پۆلیس، سەرەتا نایەن (پۆلیسناسی) بکەن. بە تایبەتی (پۆلیسی کورد) ئەو کاتە بە پێی هەڵگری چۆنیەتی ئەو پۆلیسە کار بکەیت لە سەر رۆحی پۆلیس. ئەمڕۆ ئەوەی دەکرێ بۆ پۆلیس تەنها خزمەتکردنەبە جەستەی پۆلیس. لە جل و دەمانچە و ...هتد لە کاتێکدا ئەمە دروستە، بەڵام کاتێك ئەم گۆڕانە نابێتە گۆڕان. نابێتە ئەوەی تۆ یاسا و ئەمنیەت بۆ دابین بکات کە لەسەر حسابی دەروون و لە سەر حسابی رۆحی پۆلیس بیکەی. چونکە (پۆلیسی کوردستان) بەردەوام بە عەمەلیەکدا دەبرێ کە کردەی لاساییکردنەوەی ولاتان خۆیەتی. (لە لاسایی کردنەوەشدا بەردەوام شتێك ون دەبێ). یانی کاتێك مرۆڤێکی پەیکەرتاشی دێ لاسایی مرۆڤ دەکاتەوەو پەیکەرێ دەتاشی

شتێك هەیە دەبێ ونی بکات ئەویش ڕۆحی مرۆڤەکەیە، واتە لە کردەی لاسایدا بەردەوام ڕۆحی شتەکە وەلادەنرێ تا بتوانرێ وێنا بکرێ. گەرنا ناتوانرێ ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەو گۆڕانانەی ئەمڕۆ لە ناو هێزەکانی پۆلیسدا دەکرێ، هەمووی لە سەر حسابی ڕۆحی پۆلیسە، پرسیارەکەئەوەیە بۆچی عەقڵی پۆلیسی نەگۆڕاوە یان گەشەی نەکردووە؟ هەر بەو عەقڵە کار دەکات کە پێش ڕاپەڕین هەبووە؟ بۆ تا ئێستا ئاوڕێك لە عەقڵیەتی پۆلیس نەدراوەتەوەو پۆلیسێك ساز بکرێ لە خەمی هاوڵاتیدا بێ نەك تەقە و گوللەی پێوە نێت؟ بۆچی حکومەت لە هەوڵی درێژکردنەوەی جەستەی پۆلیسدایە؟ ئایا خزمەتکردنی جەستەی پۆلیس (سەیارەو جلوبەرگ و دەمانچە...هتد، لە کوێدا دروستە؟

ئایا ئەوەی گۆڕان دروست دەکات، جلوبەرگی جوان و کەشخەییە؟ ئایا عەقڵە گەورەکان گۆڕان دروست دەکەن یان ڕوتبە گەورەکان؟

ئەوەی دەکەوێتە ناو سێبەرەکانی گۆڕانەوە، ڕاستی گۆڕانن لە دەرەوەی شتەکاندا و گەشەکردن تیایدا ونە، ئەم سێبەرەش هیچ پێویست بە بیرکردنەوە ناکات، بەڵکو بە تەنها بەلاسایکردنەوە دەتوانیت ئەنجامی بدەی. واتە تۆ گەر بتەوێ خۆت بگۆڕی لە باری دەرەوە دەتوانی قات و بوینباغ ببەستی و چاویلکەکە لە چاو کەیت و جانتایەك بگریتە دەست بە بیرکردنەوە نا بەڵکو بە لاساییکردنەوە، بەڵام گەشەکردن وابەستە نیە بە دەرەوەی شتەکان بەڵکو گەشەکردن لە ناو مرۆڤدا وابەستە بە عەقڵی ئەو مرۆڤەوە، کەوا لە هەرەتی لاویدا، بریار دەدات لە سەر شتێك، بەڵام کاتێك لە رووی عەقڵیەوە گەشە دەکات بسەیر دەکەی ئەو

بڕیارەی کە داویەتی لە سەردەمی لاویدا هەڵە بووە، ئەمەش وابەستە نیە بەوەی گەورە بووە لە رووی تەمەنەوە، بەڵکو پابەندە بە بیرکردنەوە، چونکە بە بیرکردنەوە عەقڵ گەورە دەبێ، نەك بە شتیتر، ئەوەش مانای وایە ئەوەی پەرە بە شتێك دەدات عەقڵێکی گەشەسەندووە نەك پیاوێکی ماقوڵ و خانەدان و خاوەن بنەماڵە، بەڵکو پیاوێکی خاوەن عەقڵ دەتوانێ پەرە بە شتەکان بدات. ئەمڕۆ حکومەت دەبێ بە شوێن ئەوانەدا بگەڕێ کەوا عەقڵیان گەورەیە نەك روتبەیان، زۆریان لیبکات و ئەو ئەرکەیان بخاتە سەرشان دەبێ حکومەت سەرەتا لە رووی عەقڵیەوە پۆلیس ساز و ئامادە بکات ئینجا لە ڕووی جەستە و مەشقەوە، ئەمڕۆ سەیر دەکەی مەرجەکانی بوونە پۆلیس زیرەکی و زرنگی نیە، بەڵکو جەستە یان خاوەن قەدو و باڵای باش و لیاقەی بەدەنی. بێجگە لە شتیتر و لە واستە و...هتد.

چونکە ئەم بنەمایانە بە لاساییکردنەوە ئەنجام دەدرێ یانی تۆ قیافەتت باش بێ، کەواتە تۆ دەبیتە پۆلیس و جل لەبەر دەکەی. لە کاتێکدا ئەرکی پۆلیس دەبێ بە بیرکردنەوە پێبگات واتە هەموو کەسێك نەتوانێ ببێ بە پۆلیس و پۆلیس بکرێتە ناو تاقیکردنەوەیەکی عەقڵی گەورەوە. چونکە تۆ شتە گەورەکان بە پۆلیس دەسپێری، وەك یاسا ئەمنیەتی هاوڵاتی....هتد. کێ ئێستا زەمانەتی پۆلیسێك دەکات کە پاسەوانی دەکات بۆ ئەمنیەت؟ گەر پرسیارێك لە حکومەت بکەی، ئایا زەمانەتی (گەرەنتی) تۆ چیە؟ کە ئەو پۆلیسە لە زەمەنێك خیانەتت لێناکات. بێگومان گەرەنتی نیە. گەر هەشبێ سزادانە. بەڵام سزادان دوای ڕوودانی کارەکەیە، گرنگە تۆ بتوانێ پۆلیسێکت هەبێ. کارەکە نەکات؟.بە وەعی بە ترس بیکات و سزا بدرێ؟



واتیش ئەم کارە پێویستی بە پلان و نەخشەی تۆکمە هەیە. بەڵام شتێکی ئەفسانە نیە! یا حکومەت (سێ ساڵ) خەریکی ئەمجۆرە کارە بێت ئەو کات دەتوانێت بناغەیەك دابنێ. کە بناغەت دانا خۆ (١٥) ساڵیتر، تۆ ئاسودەی. بەڵام ئەمڕۆ بناغە نیە گرنگی نیە. بۆ؟ چونکە بیرکردنەوە نیە. حکومەتی هەرێم بیر ناکاتەوە، تەنها لاسایی دەکاتەوە! ئەو دەیەوێ لە ڕێگەی هێنانی فرۆکەخانەو شتەکانی ئەوروپاوە. ڕۆحی ئەورروپا بهێنی بەڵام نازانی تۆ خاوەنی جەماوەرێکیت پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە.

دەمانچە لە ئەمریکاوە دەهێنی بۆ پۆلیس، بەڵام لەبەرئەوەی پۆلیسی تۆ پۆلیس نیە، بەو دەمانچەیە دەچێ تاوانی پێ دەکات نەك بەرگری لە یاسا. گەر پۆلیس بوو بە بیرکردنەوە، یان حکومەت بیر بکاتەوە پۆلیس چیە؟
ئەوانەشی کە دەبن بە پۆلیس بە بیرکردنەوە ببن، ئەو کاتە نەك پۆلیسی بە هەموو کەس ناکرێ، بەڵکو بەها و ئەرزشی خۆشی بۆ دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە، لێکۆڵینەوە نیە لەسەر ئەوەی یا مووچە زیاد بێ و با وا بکەین. ئەوەندەی گەڕانێکی ئازادیەك وردە، بە شوێن ئەو عەقڵانەدا، کە ئەمڕۆ لە ناو ڕیزەکانی پۆلیسدا کار دەکەن، دیارە کە دەڵێم پۆلیس هەر لە پۆلیسی پیادە بیگرە تا لیوا دەگرێتەوە، تا بزانین ئەو عەقڵانەی کار دەکەن لە ناو پۆلیسدا کامانەن؟ کامەیان وا دەکات پۆلیس گەشە بکات و بگۆڕێ، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەدا زۆر خۆمان پاراستووە لە هۆکانی دەرەوەی پۆلیس وەك (ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی) بەڵکو گەڕاوینەتەوە ناو پۆلیسەکان خۆیان و لە ڕێگەی ناسینی عەقڵەکانیانەوە، هەوڵمان داوە ڕاڤەیان بکەین و

بیانخەینە بەرچاو، دواتریش ڕێگە دۆزینەوەی چارەسەر بە شوێن کێشەکاندا، بۆیە لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا سەرەتا باسی ئەو عەقڵانە دەکەین کە چەند جۆرن لە ناو پۆلیسدا، دیارە لەوانەیە عەقڵی دیکە هەبن لە دەرەوەی پۆلیس بەڵام ئێمە تەنها باسی ئەو عەقڵانە دەکەین کە کەوتونەتە ناو پۆلیسەوەو ئەمڕۆ کار دەکەن. بۆئەوەی گەر ڕۆژێك لە ڕۆژان نەمانویستبێ یان نەمان ویرابێ بیر لە خۆمان بکەینەوەو خۆمان ئەمرۆ ببینین. ئەم لێکۆڵینەوەیە گەر زۆر کەمیش بێ، پشکی ئەوەی بەرکەوێ، گەر هیچمان پێ نەڵێ ئەوا ئەو شوێنە بهێڵێتەوە، کە قسە لەسەر خۆمان بکەین و شایەدی بدەین لەسەر چییەتی خۆمان، چونکە ڕاستی مەرج نیە نووسین یاخود دەق شتمان پێ بڵێ. گرنگ ئەوەیە پانتایی بۆ وتن جێبێڵێ، یانی نووسین نەتخاتە ناو دۆخی خۆیەوە، بەڵکو بمانخاتە ناو دۆخی خۆمانەوە، دۆخێك کە دواجار ماڵی ڕاستەقینەی خۆمانە، نەك ئەویتر.

**موڵازمی پۆلیس**
**پێشڕەو عەبدوڵڵا**
**هەولێر ـ ٢٠٠٧**



بەشی یەکەم

# جۆری عەقڵەکان

## ١- عەقڵی ئامێرسازی:

عەقڵی ئامێرسازی ئەوەیە کە سەیری بەرامبەر دەکات بەو شێوەیە کە لە لای خۆی هەیە. دیارە لێرەدا بەو مانایە بەکاردێ کە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا کاری پێ دەکات، نەك زانستێك دیکارت و هایدگەر باسی دەکەن، چونکە زانست بۆ خۆی لە لانەی خۆی هاتۆتەوە دەرو بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕوات، بەوەدا دەڕوات کەوا وێنای ناو بیرکردنەوەی خۆی ساغ دەکاتەوە بە سەر شتەکاندا، نەك بە پێی شتەکانی خۆیان مانایان تیادا بدۆزێتەوە. چونکە لە ڕاستیدا زانست ئەمڕۆ مامەڵە لەگەڵ درەخت ناکات وەك کائینێکی زیندوو، بەڵکو وەك بابەت سەیری دەکات و دەیکاتە کەرەستەی شوێنەکانی خۆی وەك (کورسی ، مێز ،تەپڵەك .. هتد )، گەر بۆ حەقیقەتی درەخت بگەڕێین لە ناو زانستدا ئەوا هەرگیز ناگەینە حەقیقەتی درەخت، چونکە هەر لە سەرەتاوە زانست حەقیقەت دادەبڕێت لە درەخت، بۆ ئەوەی بتوانێ کاری لە سەر بکات. ئەمجۆرە لە عەقڵ بۆیە بە ئامێرساز ناوزەندکراوە لە بەر ئەو خاڵەیە. کە روونمان کردەوە. چونکە ئەم جۆرە لە عەقڵ شتەکان و کەسەکان وەك بابەت سەیر دەکات نەك وەك خۆی کە خاوەنی حەقیقەت و مانایەکی جیاوازە بە خۆی، یان کاتێك یەکێك لە نوێنەری ئەمجۆرە عەقڵە دەبێتە بەرپرس لە ناو هێزەکانی پۆلیسدا، بەردەوام سەیری کارمەندو فەرمانبەرو بگرە هاوڵاتیان دەکات وەك ئامێرێك سازییان دەکات یان دروستیان دەکات وەك کەرەسەیەك نەك وەك مرۆڤێك.

سیاسەتی بەعس سیاسەتی بە ئامێرکردنی شتەکان بوو، زۆرێك لە سەرۆك عەشیرەتەکان کە بەعس شەڕی دەبوو لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا هەموو کارێکی بۆ دەکردن، بەڵام دوای تەواو بوونی

شەرەکە خۆی لە ناوی دەبردن، ئەمە تاکە سیاسەتێك بوو کە بەعسی بەرەو ماڵ ویرانی برد، چونکە دوایی ئەو کەسە لە شوێنیکی ترەوە نابێتە بابەتی تۆ، بگرە ئەو تۆ دەکاتە کەرەسەی خۆی و فێڵت لێدەکات، چونکە تۆ سەرەتا فێڵت کردووە هەر بۆیە رِاپەرین زۆربەی بە چەکی جاش و موستەشارەکان کرا.

لە راستیدا خەتەرناکی ئەم عەقڵە لەوەدایە کە کەسەکان ناناسێتەوە، بگرە کاری بە ناسینی کەسەکان نیە. بەڵکو ئەو تا ئەو شوێنە دەیەوێ کەوا پێویستی پێی هەیە تا ئەو شوێنەی دەبێتە نامێری پێویستی ئەو.

گەر سەیری ناو پۆلیس بکەی، دەبینی زۆربەی پۆلیسەکان گلەیی لە بەرێوەبەرو لە ئامرەکان دەکەن، کە هیچ حسابێك بۆ پۆلیس ناکەن و ناتوانن بیان بینن وەك مرۆڤێك بەڵکو وەك کەرەسەیەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن، دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کاتێك بەعس ڕووخا شتەکانی بەجێمان بۆ کورد، هەر بە هەمان بنەمایانەوە بەجێمان و ئێستاش کاریان پێدەکرێ، بەرێوەبەرەکان، کوردن، پۆلیسەکان بە کوردی قسەی دەکەن بەڵام جەوهەری کارەکان بنەمای بڕیارو یاساکان ڕاستی ئەخلاقیەتێکی کوردی نیە. بەڵکو ئەخلاقیەتێکی عەرەبیە کە دەڵێم عەرەبی دیارە مەبەستم (شۆفێنیزمی عەرەبی)ە.

ئەمرۆ پۆلیس دەبێ کوردانە پۆلیسیی بکات نەك عەرەبانە، یان پۆلیس دەبێ بە رۆحیەتی پێشمەرگەوە کار بکات، ئەو پێشمەرگەیەی لە سالانی زوودا دڵسوزانە خەباتی دەکرد، بە بێ گەرانەوەی ئەو رۆحیەتە مومکین نیە گۆرانێك رووبدات، چونکە بەعس ئەو رۆحەی خستە باری وەستانەوە کە ئیدی گەشە نەکات، بەڵکو هات عەقڵێکی دیکەی لە ناو کوردا چاند.

بەشێوەی دەزگای وریاکردنەوە یا بنکەیەکی توێژینەوەی وا کە کار لەسەر کێشە و ناکۆکیەکان بکات، یا ئەوانەی دەبنە پۆلیس بە تەجروبەیەکی عەقڵی دروستیان ببات ئینجا ببنە پۆلیس، لە ڕاستیدا ئەمڕۆ حکومەت دەبێ بیر لە ناو واقعی خۆیدا بکاتەوە نەك کرانەوە بەوە تێبگات کە سنورەکانی وڵات بکاتەوە، بە رووی کۆمپانیاکانی وڵاتانی تردا، کرانەوەی ڕاستەقینە واعیبوونی مرۆڤەکانە بە خۆیان، کرانەوە بە رووی خۆتداو تا بزانیت بۆ خۆت چیت لە ڕێگەی ئەم چیەتی خۆتەوە دەست بدەیتە ئیش و ببیتە پۆلیس یان مامۆستا یا هەر شتێکی دیکە.

عەقڵی ئامێرسازی عەقڵێکە بەپێی سەردەم و کات مامەڵە دەکات واتە بەردەوام لە دەرکەوتنی شتەکاندا هەیە نەك لە جەوهەریان. پۆلیسێك کاتێك ئەمجۆرە عەقڵە لە ناویا کار دەکات، کاتێك دەبیتە بەڕێوەبەر ئەوانەی خوار خۆی وەك کەرەسە سەیر دەکات، یان بەو شێوەیە دەیان بینێ کە خۆی وێنایان دەکات، یان کاتێك وێنای کارمەندێك بە خراپە دەکات، خراپی ئەو کارمەندە لە مێشکی ئەودایە نەك لە ناو کارمەندەکەدا.

زیانەکانی ئەم عەقڵە لەوەدایە رۆح یان جەوهەری شتەکان فەرامۆش دەکات، یاخود کاتێك پۆلیسێك سەیری خوار خۆی دەکات، وەك کەرەسە دەبێ سەرەتا رۆحی ئەو بکوژێ چونکە بە بێ کوشتنی جەوهەری ناتوانێ بیکاتە کەرەستە، بۆ نموونە فەرمانی پێدەکرێ کە تۆمەتبارێك دەستگیر بکات ئەویش شەش پۆلیس بە کاردێنێ بۆ دەستگیرکردنی، لە کاتێکدا سەیری حەقیقەتی پۆلیسەکان ناکات کە ئایا لەو شوێنەدا بە کەڵك دێ، یان خۆیان خەڵکی ئەو شوێنەن. ئەو دەیەوێ هەرچی زووترە فەرمانەکە جێبەجێ بکات تا سەروی خۆی سزای نەدات. کاتێك



ئەم کارە دەکات بەردەوام ئەگەری هەڵەیە کە تێی بکەون. لەوانەیە پۆلیسەکان نەیکەن یا خود بچنە پیاسە و بڵێن لەوێ نەبوو، بۆ؟ چونکە کارەکە لە سەرەتاوە بناغەی نیە، لێرەدا گرنگە ئێمە دوو قۆناغ جیا بکەینەوە لە بەئامێربوونی پۆلیس:

**قۆناغی یەکەم:**

بوونە بەرپرس لە ناو پۆلیسدا سەرەتا دەبێ سەرووی خۆی ئەوە ساغ بکەنەوە کە ئەو کەسە چەند دەتوانێ هەماهەنگ بێتەوە لەگەڵ ئەو وێنەیەی کە لەلای خۆیان هەیە، ئەمەش ئەمڕۆ بە ڕێگەی دروستی خۆی نارِوات بەڕێوە، یان ئەمڕۆ بوونە بەرپرس ئەوە نیە تا چەند ئەم پیاوە وێك دێتەوە لەگەڵ قەزیەکەدا، یان تا چەند بەکەڵکی قەزیەکە دێ نەك تا چەند وێك دێتەوە لەگەڵ مێشکی سەرووی خۆیدا، بۆیە لەم بارەدا بە ئامێربوون دێتە ئاراوە ئەو کاتە ئەو بەرپرسە سەرەتا دەبێ خۆی بکاتە بابەت، یان ئەو وێنەیە کە سەرووی خۆی لێی داوا دەکات. ئەمەش ڕاستی بیرکردنەوە دەکوژێ.

ئەمڕۆ باشترین پۆلیس و بەرپرس ئەوەیە کە جوانتر ئەو وێنەیە بەرجەستە دەکات کە سەرەوە لێی داوا دەکات. نەك قەزیەکە یان حەقیقەتەکە، ئەم جۆرە ئیش کردنە بەعس تەواو بە کاری دەهێنا لە پێگەیاندنی کادرەکانی خۆیدا یان کاتێك هێزەکانی بەعس لە کوردستان بوون، بەعس وێنەیەکی هەبوو لەسەر کورد کە کورد قەتل و عام بکات هەموو ئەو کەسانەی دەنارده کوردستان بۆ کار کە زیاتر کورد قەتل و عام دەکەن یان ئەو وێنەیە بەرجەستە بکەنەوە کە بەعس دەیەوێ، بەڵام ئەوەی جێی داخە کاتێك تۆ یەکێك دەکەیتە بابەت، کێشەکە ئەوەیە ئەو کەسە زەمانەت (گەرەنتی) نیە ئەمڕۆ پۆلیسی تۆیە، سبەی دەبێتە نۆکەری

بێگانە!

سوپای عیراقی لە شەڕی کوێت هەر ئەو سوپایە بوو کە کوردی بۆ ئەنفال دەکرد، بەڵام لە کویت بە جێی هێشت، بۆ؟ چونکە لە سەرەتا ئەم کەسە کراوەتە کەرەسە و بە باوەڕەوە نەهاتۆتە ناو ساحەکەوە، ئەوەی جێی داخە ئەمڕۆ ئەم سیستەمە زۆر بە خێرایی گەشە دەکات لە ناو هێزەکاندا بێ ئەوەی کەس خەمی بخوات و پێی بزانێ، خۆ شیخ زانا هەمان شتی بەکارهێنا سەرەتا ئەو خەڵکانەی هێنایە سەر ئەوەی کە ببنە ئالەت یان ئەوە بکەن کە شێخ دەیەوێ کێشەکە سفرکردنەوەی ئەو کەسانەیە، شۆردنەوەی بیرکردنەوەو کوشتنی رۆحی ئەو مرۆڤانەیە، شێخ زانا زۆر بە ئاسانی ماستەرو مامۆستاو ملازم و ..هتد دەکاتە جەلادو بابەتی خۆی، بۆ؟ چونکە ئەمانە لە سەرەتاوە لە پەروەردەو لە پێگەیاندنیاندا بە سیستەمێك هاتونەتە ئاراوە. سیستەمی بیرکردنەوە نیە بەڵکو سیستەمی لاساییکردنەوەیە. چونکە گەر ئەوان یەکێکیان بە تەنها بیریان بکردایەتەوە، ئەو کاتە دەیانزانی چی دەکەن چونکە گەر مرۆڤ واعی بێ نابێتە ئالەت و بە ئوتۆماتیکی ئیش بکات، دەمێك ببێتە پۆلیس و دەمێك جەلادو دەمێك پیاو چاك.

کارەساتەکە ئەوەیە کاتێك کەسێك دەبێتە بابەت ئیتر وەك تەختەی لیدێ، هەموو کەس دەتوانێ بە کاری بێنێ. یەکێك لەوانە ئەفسەری پۆلیس بوو ئەو لە دوو شوێنەوە کرایە بابەت، یەکیان هێزی شێخ زانا، دووەم هێزی ئەو پرۆگرامەی بە لاساییکردنەوە خەڵك دەکاتە پۆلیس کە ناهێڵی بیر بکاتەوە بۆچی دەبێتە پۆلیس؟ بۆیە شێخ زانا چەندە تاوانبارە دواجاریش ئەو هێزەی کە بڕیار لە سەر پۆلیسبوونی خەڵك دەدات ئەویش هەروەها، چونکە



لەم شوێنەدا ئەم دوو هێزە نەك دژی یەكن. بەڵكو زۆر خزمەت بە یەك دەكەن لە كردنی مرۆڤێك بە ئامێر (بابەت).

بۆیە ئەمڕۆ پێویستمان بە زانستگەلێك هەیە كە تیایدا بیر بكەینەوە نەك كڕمان بخەن لە سەر كۆمەڵە بیروڕا یا خود سیستەمێك. ئەمڕۆ دەبێ هەموو زانست و چەمكەكان مەحكەمە بكەین و بزانین چین و وەزیفەیان چیە؟ بۆیە دیكارت لە گەورەترین بانگەشەی خۆیدا دەڵێ (من بیر دەكەمەوە كەواتە هەم)، چونكە مرۆڤ كاتێك بیردەكاتەوە دەكەوێتە ناو خۆی و، واعی دەبێ بە خۆی ئەو كات خۆی دەبینی، كە مرۆڤ خۆشی بینی دەزانێ چیە و چ دەكات؟ خۆ ئەوانەی لەگەڵ شێخ زانا بوون كێشەكە ئەوە بوو بیریان نەكردەوە چونكە ئەو كات واعی دەبوون بە خۆیان، خۆیان دەهاتن دان بەو تاوانەدابنێن نەك لە ڕێگەی خەڵكەوە كەشف بكرێن.

**قۆناغی دووەم:**

لە قۆناغی یەكەمدا ئەوەمان ڕوون كردەوە كە دەبێ پۆلیس تەبابێتەوە لەگەڵ وێنەی سەرووی خۆی، دوایی ئەمە بۆ خۆشی دەبێتە بابەت یان ئالەت، بەڵام ئەم ئالەتە پێویستی بە بەشی دیكە هەیە كە هەڵسێ بە كردەوەی بەرجەستەكردنی وێنەكە، ئەویش ئەو كەسانەن كە دەكەونە خوارخۆی واتە ئەم بازنەیە بەم شێوەی لێدێ كە هەریەكە و پەیوەستە بەویترەوە. لەم بارەدا دەگەڕێتە ناو ئەوەوە، سەروی خۆشی دەبێ بە بەرامبەر ئەو كاری بۆ بكات. واتە ئەوە هەر سەرەوە نیە خەڵك دەكاتە بابەت، بەڵكو ئەویش خۆی بابەتە. لێرەدا پۆلیسێك بەرهەم دێ كە تۆ ناتوانی زەمانەتی بكەی باشە، گرەنتی ئەو پۆلیسە چیە كە كلیلی زیندانی بە دەستە، كە شەوێك بێتاقەت نابێ و هەموویان بەرەڵا



ناکات؟ بێگومان هیچ نیه. بۆیه لێرەدا پۆلیس نابێته مرۆڤ بەڵکو دەبێته تەختە. دەتوانی ناوی نێین (تەختە پۆلیس) یاخود (پۆلیسی ئامێری)، کە عەقڵێك تیایدا حوکم دەکات کە عەقڵی ئامێرسازییە.



## - عەقڵی کۆمەڵایەتی:

بێگومان مرۆڤ کە تەنیا نیە لە ژیاندا بەردەوام لە پەیوەندیدایە بە شتەکانی دەوروبەرەوە، وەك پەیوەندی مرۆڤ و سروشت مرۆڤ و مرۆڤ ...هتد. ئەوەی گرنگە لێرەدا باس بکەین پەیوەندی مرۆڤە بە مرۆڤەوە، یاخود پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگاوە. دیارە مرۆڤ کاتێك لە دایك دەبێ و دێتە ناو کۆمەڵگاوە. دەبێتە تاکێکی کۆمەڵایەتی، بوون بە بونەوەری کۆمەڵایەتی مانای ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ، دەچێتە ناو ئەو سیستەم و یاسایانەی کە کۆمەڵگا دەیمن بەڕێوە ئەو سیستەمانەش بۆ خۆی هەڵگری پیرۆزین کە تا چەند لە خزمەتی تاکدان. گەر سەیری منداڵ بکەین سەیر دەکەی منداڵ ئەو شتانەی فێری دەبێ شتانێکن لە ناو کۆمەڵگاوە فێری دەبێ، واتە لەو قۆناغەدا مرۆڤ بەرجەستەکەرەوەی هەمان سیستەم و هەمان ئەخلاقیاتە و تاك خۆی هیچ بەشداریەکی نیە لە بنیاتی کۆمەڵ و بیرکردنەوەو سازدانی شتەکاندا. دواتر لە قۆناغەکانی دیکەدا هەر لە کۆمەڵگادا گەشە دەکەن و کۆمەڵ بەرامبەر بە تاك داواکاری هەیە و تاکیش بەرامبەر بە کۆمەڵگا بە هەمان شێوە.

هێزی کۆمەڵگا هێزێکی سست و ناچالاك نیە کە کار نەکات، بەڵکو زۆر کاریگەرو بەگوڕە لە ناو مرۆڤەکاندا. کە دەکات تاك چی بکات؟ چۆن بیر بکاتەوەو چی هەڵبژێرێ؟ بۆ نموونە ئەمڕۆ ئێمە کاتێك دەمانەوێ شتێك هەڵبژێرین لە کاتی خوێندندا ئەوکات نایەین سەیری ئەو هێزە ناوەکییەی خۆمان بکەین کە بیین بەچی، بەڵکو دێین ئەو وەزیفەیە دیار دەکەین کە لە ناو کۆمەڵگادا بەرەواج و بەرچاوە، لەم بارەدا تاك بەرهەمی کۆمەڵگایە، واتە ئەو تاکە بە بێ کۆمەڵگا ناتوانێ هیچ بکات



یا خود بیر بکاتەوە ئەوەی ئەمڕۆ کە لە کەسەکان دەکات ببن بە پۆلیس ئایا حەزی تاکەکەس خۆیەتی یان شتێکی ترە؟ ئایا بوونە پۆلیس لە کوێوە وابەستەیە بە کۆمەڵەوە؟ چونکە مرۆڤ کاتێك دەچێتە ناو قۆناغەکانی گەنجی و دوانزەوە ئیتر منالەکەی جاران نیە، بەڵکو ئەویش بیر دەکاتەوە بەلاّم چۆن؟

لێرەدا زۆر باشە ئەو ساتە دیاری بکەین یا خود بە شوێن دووهێزدا بگەڕێین، یەکەم ئەو هێزەی کۆمەڵگا دروستی دەکات لە ناو کەسەکاندا، تاکو بڕیار بدەن لە سەر ئەوەی ببنە پۆلیس، دووەم ئەو هێزە ناوەکیەی کەوا دەکات تۆ بەرەو ئەوە بڕۆی ببیت بە پۆلیس.

*أ- کۆمەڵگا وەك هێزێکی بڕیاردەر:*

سەرەتا پرسیارێك بکەین ئایا ئەوەی ئەمڕۆ بووە بە پۆلیس خۆیەتی یان نا؟ یان ئەو هێزەی ئەوی کردە پۆلیس ئەوە بڕیارێك بوو لە ئەنجامی خۆ کەشفکردنەوە هاتووە یان شتێکی ترە؟ یان برسێتی یان کۆمەڵگایە تۆ ئاڕاستە دەکات بەو ڕێیەدا کە ببی بە پۆلیس؟ چونکە پۆلیسی مەکانەی هەیە لە ناو کۆمەڵدا و خەڵك بە شتێکی گەورەی دادەنێن. لەم حاڵەتەدا ئەوەی لەبەر ئەم وێنەیە دەبێتە پۆلیس کە لە زەینی کۆمەڵگادایە ئەوا هیچ خۆی نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەش نەبۆتە پۆلیس تا خزمەتی حیکایەتەکە بکات، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەویش وەك کەس خۆی بخاتە ناو زەینی کۆمەڵگاوە یان خاوەنی مەکانە و کەسایەتی بەرز بێ، لەبەر ئەوەش نیە کەوا ئاسوودە بێ چونکە ئاسودەیی لەم ڕێگەیەوە فەراهەم نایەت، با بزانین ڕێگاکانی ئەوەی پۆلیسێك بڕیار دەدات بە هێزی کۆمەڵگا چۆن بە دوای یەکدا دەڕۆن؟

سەرەتا لە ناو کۆمەڵگا ناوی پۆلیس بە دەردەکەوێ جا لەبەر



یە یان مووچە زۆری، یاخود هەر هۆیەکی دیکە بێ. ئەو وێنەیەی دەچێتە زەینی کۆمەڵگاوە، ئەم وێنەیە گەورە دەبێ و کۆمەڵگاش دەیخاتە ناو تاکەکانەوە، ئیتر تاکەکان لەم بارەدا لە ژێر سێبەری کومەڵگادابڕیار دەدەن یان گەر کۆمەڵگا لە زەمەنێکدا ئەم وێنەیەی شکاند ئەوا ئەو پۆلیسەش دەشکێ. کومەڵگای کوردی هەر جارەو شتێك بەرز دەکاتەوە، لە ساڵانی نەوەدا چوونە هەندەران یەکێك بوو لەو وێنە گەورانەی کە کومەڵگا بەردەوام گەورەی دەکرد، ئەوە بوو زۆربەی خەڵکانی ئێمە دەچوونە هەندەران، جا یەکێك لەو حاڵەتانەی ئەوە بوو زۆر کەس باری دارایی زۆر باش بوو، بەڵام دەیەوێ خۆی تەباکاتەوە لەگەڵ وێنە کۆمەڵایەتیەکە، بۆیە دەچووە هەندەران، ئەوەی لێرەدا زۆر جێگەی ترسناکە کاتێك پۆلیسێك بەم ڕێگایە دەبێتە پۆلیس سەرەتا دەبێ کاری لە سەر کوشتنی خۆی کردبێ، چونکە گەر بێ و خۆی حازر بکات واتە خۆی بناسێ دەبێ نەبێتە پۆلیس، بەڵام بۆئەوەی ئەم کارە بکات سەرەتا خۆی ون دەکات یان خۆی لەلای خۆی ون دەکات تا لە ناو کومەڵگادا دەرکەوێ، کاتێك پۆلیس بەم لۆژیکە دەبێتە پۆلیس، ئەو کەسە خاوەن عەقڵی خۆی نیە، بەڵکو خاوەنی عەقڵی کۆمەڵگایە، لێرەدا ئیتر عەقڵی کۆمەڵایەتی کار دەکات لە ناو مرۆڤ و پەرە بە خۆی دەدات، لەناو هێزەکان دەموچاوەکانی ئەم عەقڵە زۆر بە ئاسانی دەدۆزینەوە، تەنانەت ئەم لۆژیکە ئەمڕۆ حکومەت کاری پێدەکات، چاو لە واقع دەنوقێنێ و سەیری ئەورووپا دەکات، واتە خۆی ون دەکات لە ناو خۆیدا، کۆمەڵە شتانێك دەکات تا خۆی پیشانی وڵاتانی دەرەوە بدات بۆئەوەی بڵێن مافی ئافرەت و دیموکراسی و...هتد بەرقەرارە، دیارە مەبەست ئەوە نیە ئەو



شتانە نیە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کاتێك ئێمە چاو لە خۆمان کوێر دەکەین و بە شوێن چاوێکی دیکەدا دەگەڕێین سەیرمان بکات.

کێشەی ئەم هێزە کۆمەڵایەتیە ئەوەیە کە دەموچاوی نیە یان کەسێك نیە قسان بکات و دیار بێ، بەڵکو کۆمەڵە فشارێکە لە ناو مرۆڤدا گوێ دەگرێ و گوێشی نیە، قسان دەکات و زمانیشی نیە، واتە هێزێکە توانای ئەوەی هەیە بە بێ دەمو چاویش کاری خۆی بکات.

ئەمڕۆ لە ناو ئێمەدا، رووتبوون عەیبە، یان یەکێك بە رووتی و بە شۆرت و فانیلە بێتە ناو بازار یەك دنیا چاو سەیری دەکەن لە دەرەوەی خۆی و لە ناو خۆیدا. کاتێك ئەم پیاوە دەچێتە هەندەران و بە رووتی دەچێتە سەر شەقام بۆ یەکەمجار سەیر دەکەی توشی هەمان حاڵەت دێت، چونکە هێزەکە دەگوازرێتەوە ناو مرۆڤ کەوا لە ناو ئەودا پێی دەڵێ (عەیبە) واتە ئەم هێزە بە بێ دەم و چاوو بە دەمو چاو دەتوانێ کار بکات .

خۆ کوشتنی ئەم هێزەش بەوە نیە کەوا ئێمە لێی ڕابکەین ئیتر تەواو ئەو هێزەمان کوشت و خۆمان داوەتەوە دەست خۆمان؟ نەخێر. کابرایەك گەر زۆر گوناهبار بێ یاخود تاوانکارو، ئێمە ئەم کابرایە لێرە هەڵگرین و بیبەینەوە بۆ مەدینە و بۆ مزگەوتی پیغەمبەر، ئایا بە راکردنی ئەو دەتوانێ لەو هێزە تاوانکاریە رابکات ؟ نەخێر، بەڵکو رێگەی کوشتنی ئەو هێزە ئەوەیە، هێزەکە لە خۆت بکەیتە دەرەوە. نەك خۆت لە هێزەکە رابکەی، دەبێ توانای ئەوەت هەبێ لە ناو خۆتا ئەم هێزە بکوژی و بیکەیتە دەرەوەی خۆت، تەنانەت مەسەلەی ئازادی مرۆڤ لێرەوە دەست پێدەکات. ئەوانەی وادەزانن ئێمە بە دیموکراسی و

مەحکەمیەت ئازاد دەبین لەوەدا دەکەونە هەڵەوە، کە ئازادی بەوە سەیر دەکەن کە لە دەرەوەی مرۆڤ دێ و مرۆڤ ئازاد دەکات بەڵکو ئەو کاتە مرۆڤ ئازاد دەبێ کە هەموو ئەو هێزانەی دەرەوە کەوا ئاراستەی دەکەن بیانکوژێ و خۆی بداتەوە دەست خۆی، لێرەدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو ئازادیەوە نەك بە کۆنفراس و یادکردنەوەو شتیتر.

ب- مرۆڤ وەك خۆی لە ناو بڕیاردا:

کەوتنەوە دەست خۆت وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەوەیە مرۆڤ سەرجەم هێزە ئاراستە کەرەکانی دەرەوەی خۆی، دەکاتە دەرەوەی خۆی و بە هێزی خۆی و ئاراستەی خۆی دەڕوات، واتە خۆی لە دەست کۆمەڵگادەسەنێتەوە و خۆی دەداتەوە دەست خۆی؟ کەوتنەوە دەست خۆت یانی مرۆڤ دەکەوێتەوە ناو خۆی لە رێگەی بیرکردنەوەو کەشفکردن، بە هیچ شێوەیەك دانابڕێ لە واعیبوون بە خۆی و بەرامبەرەکەی، لێرەدا پرسیارێك رێمان پێ دەگرێ. ئایا کەوتنەوە دەست خۆت. مانای ئەوەیە مرۆڤ بە کەیفی خۆی بکات و هەرچی دڵێ ئەنجامی بدات بە بێ گوێدانە دەوروبەر؟

بێگومان نەخێر! چونکە ئەم حالەتەیان دەچێتە ناو قاڵبی عەقڵی رانستیەوە لێرەدا مرۆڤ کاتێك واعیە بە خۆی، دەزانێ وەزیفەی ئەو چیە بەرامبەر بە شتەکان ئەوکاتە مرۆڤ بە دڵی خۆی ناکات بەڵکو بە دڵی حەقیقەت دەجوڵێتەوە، بۆ نموونە تۆمەتبارێك دەکەوێتە دەست پۆلیس ئەو پیاوە بە میزانی کۆمەڵگا پیاوێکی باش و خواناسە هەروەك (شێخ زانا) گەر بێ و ئەم پۆلیسە بە عەقڵی کۆمەڵگا بیر بکاتەوە. دەبێ وازی لێبێنی، بەڵام کاتێ ئەم پۆلیسە دەکەوێتەوە ناو خۆی و بیردەکاتەوە. ئەو کات لە

کردەی کەشفکردنی ئەو کەسەدا دەبێ و کەشفی دەکات کە ئەو چیە؟ ئایا ئەو، ئەو پیاوە باشەیە کە کۆمەڵگا شایەتی بۆ دەدات، لەم بارەدا، پۆلیس کە دەبێ لە ڕێگەی خۆیەوە هەوڵی کەشفکردنی ئەو بدات نەك لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە. واتە بە کەیفی حەقیقەت شت دەکات نەك خۆی. کە ڕەنگە هەندێجار بە زیانی خۆی تەواو بێ.

پێشمەرگە لەسالآنی بەعس زۆر باش دەیانزانی دەمرن، بەڵام ئەوان بۆ حەقیقەتێك دەژیان کە کورد بوو نەك سیستەمی بەعس و بەهەشتە درۆزنەکانی، لە راستیدا دەبێ پۆلیس لەوە پاك بێتەوە. بە عەقڵی کۆمەڵگا بیر بکاتەوە، دەبێ پۆلیس بە تەجروبەیەکی هۆشەکیدا بڕوات و ئەو کات بکرێتە پۆلیس نەك جەستە و قیافە و شتی دیکە.

هەندێجار عەقڵێکی گەورە لە ناو پیاوێکدایەکە قاچی نیە، عەقڵی کۆمەڵایەتی، لە ناو خۆیدا مانای نیە بەڵکو لە دەرەوەی خۆی مانای هەیە، واتە خۆی نیە ئەوەی وادەکات هەبێت، کۆمەڵە یان پۆلیسی کۆمەڵایەتی تەنها لە ناو واجبا پۆلیسە کە خەڵك دەیبینن لە ناو جلی سەربازیدا بەڵام لە کاتی دەوام نەبێ ئەو بۆ خۆی دەست دەداتە تاوان و خراپەکاری، بەڵام گەر لە دەست خۆیدا بوو بە بیرکردنەوە گەیشتبووە ئەو قۆناغە ئەو کات لە دەرەوەی دەوام و لە هەموو شوێنێکدا خزمەت دەکات بە ئەمنیەت و بەقەزیەکە.

عەقڵی کۆمدلایەتی لەگەڵ ئەمانەشدا تەنها بە ئامادەیی کۆمەڵگا کار دەکات، واتە گەر هات و بە تەنیامایەوە لە ناو بەرپرسیاریتی خۆی و زانی کەسی بە دەورەوە نیە، ئەو کاتە زۆر بە ئاسانی دەست دەکات بە دزی و نایاسایی...هتد.

بەلام نەوەی لە دەست خۆیەتی خۆی چاودێرە بە سەر خۆیەوە، بۆیە بەی خەڵك و کۆمەڵگاش هەر دڵسۆزە چونکە بەو ئافەرین و پارەو...هتد کار ناکات، بەڵکو بۆ خۆی کار دەکات، تەنانەت قیمەتی خۆی کەس ناتوانێ کەمی بکات یا خود زیادی بکات. شەری هەر زیندووە چونکە بۆ خۆی ژیاوە.

زۆر گرنگە ئەمڕۆ حکومەت نەك هەر پۆلیس بەڵکو خەڵکانێك ساز بکات کە واعی بن بە خۆیان و بیر بکەنەوە، ئەم کارەش بەوە نیە کەوا بنێردرێتە دەرەوەی وڵات بۆ دەورەو ...هتد

بەڵکو دەبێ بنێرێتەوە ناو خۆی و لە ناو خۆیدا هەست بە بوونی خۆی بکات، بۆیە زۆر گرنگە کە ئەمڕۆ حکومەت لە هەوڵی دانانی پڕۆژەیەکی وەهابێت کە فەرمانبەر بەرهەم نەهێنێ، بەڵکو (عەقل) ئامادە بکات ئەوەی حکومەت لە سەریەتی زەمینە خۆش کردنە بۆ ئەوەی (عەقڵی گەورە) دەرکەوێ و ئەو توانا تێکیەی کە تیایدایە بێتەدەر، چونکە راستی ئەوەی وا دەکات ئێمە بچینە پێشەوە بە نوێنەرایەتی ئەم عەقڵە گەورانە دەتوانین پێشکەوتن و گەشە بکەین لە پێناوی گۆڕانێکی جەوهەریدا.

### ٣- عەقڵی سایکۆلۆژی:

لەبەرئەوەی مرۆڤ لە پەیوەندیەکی توندوتۆڵدایە لەگەڵ شتەکانی دەوروبەری، بۆیە بەردەوام دووچاری کارو کاردانەوە دەبێ، سایکۆلۆژیا کارکردنە لەناو شوێنێکی مرۆڤدا، کارکردنە لە سەر دەروون، دەروون بە مانا فرۆیدیەکەی، فرۆید دەروونی دابەش کرد بە سەر سێ بەشدا ئەویش (ئەو، من، منی باڵا).

سەرەتا با ئەو چەمکانە شی بکەینەوە بە پێوەرەکانی فرۆید:

أ- ئەو: بریتیە لە وێنەی بەرامبەر کاتێك دێتە ناو زەینەوە، دواجاریش غەریزەکان کاری لە سەر دەکات، نموونە غەریزەی سێکسی پێویستی بە بەرامبەرە، چاو پێویستی بە تەنێك هەیە تا سەیری بکات، بەڵام (چاو) ناتوانێ خۆی ببینێ، یاخود مرۆڤ ناتوانێ سێکس لەگەڵ خۆی بکات، هەروەها (ئەو) لەوەدا کورت دەبێتەوە کە پەلەکانی مرۆڤ یا خود ئەندامە هەستیەکانی مرۆڤ پێویستی بە ئەوێك هەیە لە دەرەوەی خۆیدا هەتا کاری خۆی بکات.

ب- من: (من) لە فەرهەنگی فرۆیددا کەسایەتی مرۆڤ دەگرێتەوە، بەواتای ئەو وێنە کۆمەڵایەتیەی کە ئەو مرۆڤە وەریدەگرێ لە ناو کۆمەڵگادا، چونکە ئەم وێنەیە دەستکردی مرۆڤ خۆی نیە بەڵکو مەکانەیە کە لە ناو کۆمەڵدا دروست دەبێ (فرۆید) باسی ئەوە دەکات کە (من)یش هەر لە ئەوەی بەرامبـ وە دێتە ئاراوە بەڵام (من) رێکوپێکترە، ئەوەی (ئەو) دەیکات (من) نایکات. بۆئەوەی وێنەی خۆی نەشکێ لە ناو کۆمەڵگادا.

ج- (منی باڵا): فرۆید بەشی سێیەم لە دەروون دیاری دەکات ئەویش منی باڵایە کە دابەشی دەکات بە سەر دوو بەشدا:

١- ئەو وێنە زەینییەی کە لەناو کۆمەڵگادایە لە سەر شتێك دواتر مرۆڤ بە لاساییکردنەوەی دەتوانێ پێی بگات واتە وەك پیاو چاکێك هەیە یا خود مامۆستا قوتابی لە ڕێگەی لاساییکردنەوەی مامۆستاکەی فێری ڕەوشتی باشی دەکات.
٢- ویژدان: لە بەشی کۆتایی فرۆید ویژدان دیار دەکات، بەڵام کێشەی فرۆید ئەوەیە لە ویژداندا ئەوەی ئەو باس دەکات بەزەیی و سۆزە نەك ویژدان، دواتر ویژدانیش بە مانای فرۆیدیەکەی دەچێتەوە ژێر قاڵبی (من)، لە ڕاستیدا ئەمەمان بۆ ئەوە هێنایەوە فرۆید (من)ی مرۆڤ بە دەستکردی دەرەوە دەزانێت، واتە مرۆڤ لە فەرهەنگی فرۆید دا بەرهەمی کۆمەڵگایە نەك خۆی، بەڵام لای (دیکارت) منێك هەیە. کە پێشینەی مرۆڤە.
ئەوەی لێرەدا وابەستەیە بە باسەکەی ئێمەوە ئەوەیە لە ناو سایکۆلۆژیادا مرۆڤ وەزیفەی کاتێك بە دیار دەکەوێ کە دەکەوێتە ناو پەیوەندیەوە لەگەڵ دەوروبەردا، یان ئەوە دەوروبەرە وا لە مرۆڤ دەکات خۆشەویستی بکات، چاکە بکات، دواجاریش شەڕو ئاژاوە بکات ڕاستی شەڕو کێشە وململانێ ئەمانە تەواو ڕاستن یان سەربە دەرەوەی مرۆڤن، بەڵام (چاکە) هەیە سەر بە ناوەوەی مرۆڤە، ئەوەی لێرەدا چنگمان دەکەوێ ئەوەیە کە بەرامبەر چەند گرنگە لە ناو سایکۆلۆژیای مرۆڤدا.
لە عەقڵی سایکۆلۆژیای ئیرادەی مرۆڤ پەرت دەبێ بۆ چەند لایەنێکیتر، بڕیار دانیشی دواجار دەچێتەوە لای کەسی بەرامبەر، ڕاستی بەرامبەریش دابەش دەبێ بۆ دووبەش:
١- بەرامبەرێکی بەرجەستە کە ئەو تەنانە دەگرێتەوە کە هەن و دەتوانین هەستیان پێبکەین.
٢- بەرامبەرێکی نابەرجەستە وەك ئەو وێنانەی لە ناو زەینی

مرۆڤدا هەن وەك دێو (جنۆكە) ..هتد.
ئەمانە هەموویان دەچنە ناو قاڵبی سایکۆلۆژیاوە، عەقڵی سایکۆلۆژی لەوێدا خەتەرناکە کە دەبێتە کۆیلەی بەرامبەر، چونکە عەقڵی سایکۆلۆژیا بە تەنیا ناتوانێ بژی و بە تەنیا ناتوانێ هەبێ و بە ئەویتر بوونی هەیە، نەك مرۆڤ خۆی هێزی بوونی خۆی بێ، جا ئەو هێزە زۆرجار بە شاراوەیی کار دەکات. بۆ نموونە پۆلیسێك لە ترسی بەرێوەبەرەکەی کارەکان زۆر بە چاکی دەکات، لەم بارەدا ئەوەی پۆلیسەکە وا لێدەکات چاپوك بێت، خۆی نیە، بەڵکو هێزی بەرێوەبەرەکەیە لە ناو ئەودا تەحەکوم بەو دەکات، یان زۆرجار لەبەرئەوەی پۆلیسێك حەیای نەچێ بەرتیل وەرناگرێ، لێرەدا هێزی نەکردنی ئەو تاوانە خۆی نیە بەڵکو (ئەو)ە، یان پۆلیسێك کاتێك بە عەقڵی سایکۆلۆژیا کار دەکات بەردەوام دەترسێ لە خەڵك کە حسابی بۆ نەکەن، یا خود کارێکی باش بکات کەس پێی نەزانێ واتە هێزی کارکردنی، ئیرادەی خۆی نیە، بەڵکو ئیرادەی ئەویترە، چونکە ئیرادە کردنی کارێکە دوور لە هەر هێزێکی دەرەکی. یان کاتێك مرۆڤێك کارێك دەکات ئەو کارە کاتێك دەزانرێ بە ئیرادە کراوە کە هیچ هێزێکی دەرەکی لە دەرەوەی مرۆڤەوە نەهاتبێ و ئەمی ناچار نەکردبێ ئەو کارە بکات یان نەیکات. بەڵام چۆن ئیرادە لە ناو مرۆڤدا حزور پەیدا دەکات؟ ئایا پۆلیسی ئێمە تا چەند بە ئیرادەی خۆی بووە بە پۆلیس؟
ئەم پرسیارانە بۆ خۆیان مەترسیدارن، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ تەرحی بکەین ئەوەیە کە جورێکی دیکە هەیە لە پۆلیس و سیستەم و کارکردن، بەڵام دۆزینەوەی ئەم سیستەمە بە بێ پرسیارکردن لەم فەوزایە نابێ، ئێمە بۆ گەیشتن بۆ ئەو بەهەشتە

هەر دەبێ لە ناو ئەم جەهەنەمەدا بسوتێین، ئەوەی گرنگە لێرەدا چۆن بتوانین ئەو عەقڵانە کەشف بکەین کە ئەمڕۆ ئیش دەکەن یا خود بڕیار دەدەن ئێمە کارمان بە عەقڵەکانە نەك دەم و چاوەکان.

پێشتر ئاماژەم پێدا عەقڵی سایکۆلۆژی لەبەر ئەویتر کار دەکات، زۆرێك لەو کەسانەی کە تووشی دوژمنداری بوون لەبەرئەوەی دوژمندارن، دەبنە پۆلیس و پێشمەرگە و ..هتد، تا لەلایەك خۆیان بپاریزن لەلایەکی دیکەش لە ڕێگەی ئەم وەزیفانەوە لە دوژمنەکانیان بدەن، دیارە ئەمانە هەمووی وابەستەن بە سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە.

عەقڵی سایکۆلۆژی بە سۆز و عاتیفە و رق و کینە کار دەکات، ئیتر ئەوەی تەبا بێ لەگەڵ خۆی سۆزی هەیە بۆی، ئەوەشی ناکۆك بێ لەگەڵ خۆی ئەوە بە رق کار دەکات لەگەڵی تەنانەت فکرەی شەڕانگێزی و کوشتاریش دواجار دەچنەوە ناو قاڵبی سایکۆلۆژیا، ئەمڕۆ تیرۆر لە سەر ئەم بنەمایە کار دەکات، بەرپرسە ئیسلامیە توندڕەوەکان دێن وێنەی کافر دەخەنە ناو زەینی کەسەکان، ئیتر ئەوان کاریان بە منداڵ و ژن نیە، گرنگ ئەوەیە کافر لە ناوبەرن، دێن بەردەوام لە وێنەی ناوزەینی خۆیان دەدەن، لە واقعدا ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی حاڵەتێکی سایکۆلۆژیەوە بۆ کەسەکە دەیخەنە ناو حەماسێکی گەورەوە و بڕیار دەدات لە لەحزەیەکی بچوکدا خۆی بتەقێنێتەوە ئەگەر نا دوایی لەو حاڵەتە بێتەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، پەشیمان دەبێتەوە لەم حاڵەتە.

ڕاستی کارکردنی ئەمجۆرە عەقڵە زۆر بەربڵاوەو زۆری دەوێ، هەر لە ڕێگای دەمجبوونی وێنەکانەوە تاکو حزور پەیداکردنی

هەر دەبێ لە ناو ئەم جەهەنەمەدا بسوتێین، ئەوەی گرنگە لێرەدا چۆن بتوانین ئەو عەقڵانە کەشف بکەین کە ئەمڕۆ ئیش دەکەن یا خود بڕیار دەدەن ئێمە کارمان بە عەقڵەکانە نەك دەم و چاوەکان.

پێشتر ئاماژەم پێدا عەقڵی سایکۆلۆژی لەبەر ئەویتر کار دەکات، زۆرێك لەو کەسانەی کە تووشی دوژمنداری بوون لەبەرئەوەی دوژمندارن، دەبنە پۆلیس و پێشمەرگە و ..هتد، تا لەلایەك خۆیان بپاریزن لەلایەکی دیکەش لە ڕێگەی ئەم وەزیفانەوە لە دوژمنەکانیان بدەن، دیارە ئەمانە هەمووی وابەستەن بە سایکۆلۆژیای مرۆڤەوە.

عەقڵی سایکۆلۆژی بە سۆز و عاتیفە و ڕق و کینە کار دەکات، ئیتر ئەوەی تەبا بێ لەگەڵ خۆی سۆزی هەیە بۆی، ئەوەشی ناکۆك بێ لەگەڵ خۆی ئەوە بە ڕق کار دەکات لەگەڵی تەنانەت فکرەی شەڕانگێزی و کوشتاریش دواجار دەچنەوە ناو قاڵبی سایکۆلۆژیا، ئەمڕۆ تیرۆر لە سەر ئەم بنەمایە کار دەکات، بەرپرسە ئیسلامیە توندڕەوەکان دێن وێنەی کافر دەخەنە ناو زەینی کەسەکان، ئیتر ئەوان کاریان بە منداڵ و ژن نیە، گرنگ ئەوەیە کافر لە ناوبەرن، دێن بەردەوام لە وێنەی ناوزەینی خۆیان دەدەن، لە واقعدا ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی حالەتێکی سایکۆلۆژیەوە بۆ کەسەکە دەیخەنە ناو حەماسێکی گەورەوە و بڕیار دەدات لە لەحزەیەکی بچوکدا خۆی بتەقێنێتەوە ئەگەر نا دوایی لەو حاڵەتە بێتەوە حاڵەتی ئاسایی خۆی، پەشیمان دەبێتەوە لەم حاڵەتە.

ڕاستی کارکردنی ئەمجۆرە عەقڵە زۆر بەربڵاوەو زۆری دەوێ، هەر لە ڕێگای دەمجبوونی وێنەکانەوە تاکو حزور پەیداکردنی

دوژمن، ئەمانە هەمووی باسن، بەڵام لێرەدا ئەوەی کاری ئێمە رایی دەکات، ئەو عەقڵە سایکۆلۆژییە کە ئەمڕۆ لە ناو هێزەکانی پۆلیسدا کار دەکات، بۆ خۆی لە بەر دوژمن داری بۆتە پۆلیس، باکی نیە، لەوانەیە زۆر کردەی ترسناك ئەنجام بدات، ئەوکات بە پاڵەوان ناوی دەرِوات، بەڵام نازانرێ ئەو لە راستیدا پاڵەوان نیە، بەڵکو خۆی کردووە بە پاڵەوان.

یا خود لە شوێنێکدا بە سۆزو عاتیفە کار دەکات، دەڵێن زۆر پیاوی باشە، بەڵام نازانن باشی ئەم لە کوێوە هاتووە. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئێمە توانیمان جۆرێکی دیکە لە عەقڵ کەشف بکەین کە ئەویش عەقڵی سایکۆلۆژیە.

## ٤- عەقڵی پەتی:

لە بەشەکانی پێشوودا کەم تا زۆر باسی جۆری عەقڵەکانی ترمان کرد کە ئەمڕۆ لە ناو هێزەکانی ناوخۆدا، کار دەکەن، ئەو جۆرانەی ئێمە جیامان کردنەوە بۆ گەڕان بە شوێن دەموچاوەکانیاندا زۆرن، بەڵام کێشەی ئێمە ئەمە نیە، عەقڵی پەتی یا خود عەقڵی راستەقینە (پەتی) لێرەدا بەو مانایە دێ کە عەقڵی راستی یان هەر ناوێکی لێدەنێن، ئێمە مەبەستمان ئەو عەقڵە سەلیمەیە کە بە لۆژیك کار دەکات، کێشەی ئەم عەقڵە ئەوەیە، زۆر کەم دەردەکەوێ، ئەمەش هۆی خۆی هەیە، چونکە دەرکەوتنی ئەم عەقڵە راستی کێشە دروست دەکات بۆ عەقڵی (زانستی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی) چونکە ئەم عەقڵە هەمیشە سەردارە بە سەر ئەوانیترەوە، بەوەی هەمیشە بەئاگایە بە خۆی بە بەراورد بەوانی دیکە بێ ئاگان بە خۆیان، عەقڵی پەتی عەقڵێکە بەردەوام قیمەتی خۆی لە چاوی خۆیدا دەبینێ، باکی بەوانی تر نیە، ئەوەی تر کاتێك حزور پەیدا دەکات لەلای ئەم کاتێك پێکەوە دەکەونە ناو پرۆژەیەکەوە کە لەسەر بنەمای حەقیقەتێك کۆ دەبنەوە، بەڵام عەقڵەکانی دیکە بە بەرژەوەندی لەگەڵ یەك کۆدەبنەوە، بۆیە بە تەنها مانایان نیە، ئەوەی قیمەت دەداتە ئەوان ئەوانی ترە، نەك خۆیان، واتە بەردەوام بە پەیوەندی دەژین لەگەڵ بەرامبەرەکاندا، بۆ نموونە کاتێك پۆلیسێك دێ مامەڵە لەگەڵ جەماوەردا دەکات، گەر لە عەقڵەکانی دیکە بێ (حەقیقەتەکە) کە عیبارەتە لە کارەکە دەکاتە قوربانی بەرژەوەندی خۆی، یان بە حەقیقەتەکە پەیوەندی دروست دەکات تا کارەکانی خۆی رایی بکات لە سەر حسابی کارەکە، بەڵام لە عەقڵی پەتیدا لەوێدا پەیوەندی دەبەستێ بە

کەسێکەوە کە ئەو کەسە خاوەنی حەقیقەتێکە، واتە حەقیقەتەکە دەیبەستێ بە کەسەکەوە نەك لە ڕێگەی حەقیقەتەکەوە بیەوێ ببەستریێ بە کەسەکەوە، دیارە ئەوانەی پۆلیسن لە عەقڵەکانی دیکە، بەردەوام هەوڵی فراوانکردنی پەیوەندی خۆیان دەدەن، بۆئەوەی گەشە بە وێنە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان بدەن، خۆ هەموو راستیەکیش دەکەنە قوربانی ئەم وێنەیە، عەقڵی پەتی بە پاڵنەرە دەرەکیەکان کار ناکات، بەڵام عەقڵەکانی دیکە بەردەوام هێزەکانی دەرەوە وای لێدەکەن بیکات، یان کاتێك کارێکی باش بکات بەڵام کەس ستایشی نەکات، ئەو کات گلەیی دەکات و سارد دەبێتەوە لە کارەکە، بۆ؟ چونکە لە بنەما هێزی کارکردنی ئەو خۆی نەبووە بەڵکو بەرامبەرە، یا خود دەبێ کارێك هەیە بیکات بەڵام نایکات، دەڵێ (کە منەتی پێیەتی) لە راستیدا ئەم رستەیە قابیلی وەستانە، تا لەو هۆیە بکۆڵینەوە کە ئەم رستەیە بەرهەم دەهێنێ.

عەقڵی پەتی: خۆی منەتی بە خۆیەتی کە کار بکات، (ئەو) هەرگیز نابێتە هێزی کاری، ئەوەی بڕیار دەدات بە تەنها هەر بۆ خۆیەتی، دیارە بڕیاردانیشی هەروا هەڕەمەکی نیە، چونکە ئەم عەقڵە بە ئاگایە بە خۆی و بەرە حیکایەتەی کار دەکات بۆی بۆ زیاتر ڕزگاربوون لەم کێشەیە، لێرەدا پێویستە سێ قۆناغ دیاری بکەین کە ئەم عەقڵە پیایدا تێپەڕ دەبێ تا بڕیار لە سەر حەقیقەتی شتێك بدات، چونکە زۆر کەس ئەمە وا دەبینن کە ئەمە خۆپەسەندی بێ بۆیە قۆناغەکان روون دەکەینەوە:

**١- قۆناغی درککردن بە خۆی (وەعی):**

عەقڵی پەتی لە یەکەم هەنگاویدا بیر دەکاتەوە، بیرکردنەوەش بۆ خۆی یەکەمین بازدانی مرۆڤە بۆ چوونەوە ناوخۆی، کاتێکیش



مرۆڤ دەچێتەوە ناو خۆی، بەردەوام لە دیالۆگدا دەبێ لەگەڵ خۆیدا، واتە قسان دەکات لەگەڵ خۆیدا، بەڵام ئەم لەگەڵ خۆیەدا مەرج نیە خۆی بێ، چونکە کاتێك مرۆڤ دەچێتەوە ناوخۆی هەموو ئەو دەنگانەش بە قسە دێن کە هاتونەتە ناویەوە، خۆ ئەگەر مرۆڤ بە تەنیاش دانیشێ هەمیشە ئەوانیتر حازر دەکات بۆ قسەکردن لە ناویدا، لە راستیدا عەقڵی پەتی کاتێك دەچێتەوە ناوخۆی شەڕێك بەرپا دەکات لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە لە ناویدا قسان دەکەن، عەقڵی پەتی لەم قۆناغەدا هەموو دەنگەکان فڕێ دەداتەوە دەرەوەی خۆی بە تەنها دەنگی خۆی نەبێ واتە لە رێگەی بێ دەنگکردنی ئەوانیترەوە رێگە بە خۆی دەدات کە قسان بکات، لە کاتێکدا عەقڵەکانی دیکە کاتێك بیریش دەکەنەوە خۆیان نین، بەڵکو هەر ئەو دەنگانەی ناو واقعن دیسانەوە بە قسە دێنەوە لە ناویا و ئاراستەی دەکەن.

بۆ نموونە کاتێك پۆلیسێك کارێك لە بەردەم بەڕێوەبەرکەیدا بە ئەمری ئەو دەکات، کاتێکیش بە تەنیا دەمێنێتەوە کارێك دێتە بەردەمی و دەبێ بڕیار بدات نابێ وا بڕیار بدات، کە حەقیقەتە بەڵکو بەرێوەبەرەکە لە ناویا بڕیار دەدات و ئەویش دەمی خۆی دەکاتە کەناڵێ بۆ قسەکانی بەرێوەبەر کە لەوێش نیە.

لە عەقڵی پەتیدا تەواو ئاگادارە بە خۆی و زۆر وردە لە ناسینەوەی دەنگەکان، یان بەردەوام ئەوە دەپرسێ ئایا ئەوەی بڕیاریدا من خۆم بووم، یان یەکێکیتر، یان لە ناو وەعیدایە و دەزانێ چی دەکات و چی نەکات؟ بەڵام عەقڵەکانیتر کار دەکات و نازانێ بۆ؟ (٢٠) ساڵە پۆلیسە و نازانێ بۆ؟ عەقڵی پەتی کاتێك بڕیار دەدات ببێتە پۆلیس، لە وەعیەوە دەبێ و بیردەکاتەوە لەو کارەی دەیکات، کاتێك دەکەوێتە ناو ئەوەی دەبێ بڕیار بدات

بڕیارەکان بە حەکیمی دەدات، پاشان لە بەرچی ئەو بڕیارەیدا؟
ڕاستی کاتێك پۆلیسێك وەعی نیە بە خۆی و خۆی لە دەستی خۆیدا نیە، ئەوا دەکەوێتە دەست کەسانیترەوە، کاتێك عەقڵی پەتی وەعیە بە خۆی، ئەو کات ئاگاداریشە بە هەموو ئەو فکر و بیرۆکانەی دێتە ناو زەینیەوە.
یان کاتێك بونە (پۆلیس) دێتە ناو زەینیەوە، ئەو کات لە خۆی دەپرسێ: ئایا بۆچی ئەم فکرەیە، هاتۆتە ناو زەینیەوە، ئەوکات دێ و شۆین ئەم بیرۆکەیە دەکەوێ تالە ڕاستی و دروستی بپێچێتەوە، بۆیە بەردەوام لە هەوڵی خۆ بە خەبەرکردنەوەدایە، لێرەوە کاتێك ئەم (بیرۆکە)یە، تەواو بیرکردنەوەی دادەپۆشێ، دەچێتە ناو هەنگاوێکیترەوە کە ئەویش قۆناغی دووەمە.
**٢- قۆناغی دەرچوون:**
لەم قۆناغەدا عەقڵی پەتی دوای (بیرۆکەکە) دێتە دەرەوەی خۆی و دەردەچێ واتە بیرۆکەکە لە ناو (بیر)دا کامڵ دەبێ و دوایی مرۆڤەکە بە شوێن ئەم بیرۆکەیەدا دەگەڕێ، لە واقعدا وەك ئەوەی کابرایەك بیرۆکەی ژنهێنان دەچێتە ناو بیرییەوە، دوایی ئەم برۆکەیە پێویستی بەوەیە کە لە ناو واقیعدا مومارسەی بکات، یان بیخاتە باری جێبەجێکردنەوە، لێرەدا شتێك هەیە دەبێ سەرەتا کەشفی ئەو بیرۆکەیە بکرێ، ئایا ئەم بیرۆکەیە لە ناو کەسەکە خۆیەتی، واتە خەونی ڕاستەقینەی ئەوە، یا خود ئەم بیرۆکەیە هاتۆتە ناویەوە؟ یان لە دەرەوە خەونێکە و هاتۆتە ناو ئەمەوە؟ لەم بارەدا عەقڵی پەتی شوێن بیرۆکەیەك ناکەوێ هاتبێتە ناویەوە، بەڵکو شوێن بیرۆکەیەك دەکەوێ کە لە ناو خۆیەتی، یان حەزی کەسی خۆیەتی و ژیانی وابەستەیە بەم بیرۆکەیەوە، چونکە لەم بارەدا ئەو بیرۆکەیە حەقیقەتێکی گەورەیە سەبارەت بەو کەسەوە،

بۆیە دەبێ ئەوە روون بکەیتەوە کە بیرۆکەکە خەڵکی کوێیە.
أ) بیرۆکەکە لە ناویا بێ:
کاتێك باسی ئەوە دەکەین کە لە ناویا بێ یان ئەو بیرۆکەیە یا خود ئەو کارە گەر (پۆلیسبوون) بێ حەزی خۆیەتی و بۆ خۆی لە ناو خۆیدا گەیشتۆتە ئەوەی کە ببێتە (پۆلیس)، لەم بارەدا پۆلیس بوون، دەردەکەوێ بە مانای وشە، واتە ئەم پۆلیسە هەڵگری جەوهەری پۆلیسبوونە یان کاری خۆی دەکات بە بێ گوێدانە هەموو شتێ، لە ناودابوون یانی مرۆڤ خۆیەتی، بەدەر لە هەر کەسێ.
بۆ نموونە برایم پێغەمبەر کاتێك (بیرۆکە) یەك لە ناویا بوو ئەویش (خودا ) بوو، ئەو دەیزانی ئەو بتانەی باوکی دەیپەرستن خودا نیە، بەڵکو هات بە شوێن (خودا) گەڕا، واتە بیرۆکەکە لە دەرەوە نەهاتبووە ناوی و لەزەمەنێکا وازی لێ بێنێ ، بەڵکو بیرۆکەکە سەر بە ناو خۆی بوو. بەو مانایەی شوێنی حەقیقەت دەکەوێ چونکە حەقیقەت لە ناو مرۆڤدا تەجەلا دەبێ.
ب) بیرۆکەکە هاتبێتە ناویەوە:
لەم بارەدا مرۆڤ حەزێکی بۆ دروست دەبێ هی خۆی نیە، جا لەوانەیە بۆ خۆی بزانی و لەوانەشە نەزانێ کە هی خۆی نیە. لەم حاڵەتەدا وەك کابرایەك لە منالیەوە پێی دەڵێن ببە بە پزیشك، ئەو کاتەی گەورە دەبێ و دەبێتە پزیشك، راستی ئەم خەونە هی خۆی نیە هاتۆتە ناویەوە، کاتێکیش مرۆڤ بە خەونێك هەستێ کە هی خۆی نەبێ، ئەوکاتە ئەویش خۆی نیە یان لە بنەچەدا ئەو کابرایە خۆی نیە دکتۆرە، یا خود پۆلیسە، ئەم بارە راستی دەکەوێتە ناو سنوری عەقڵەکانی ترەوە، بۆیە ئەمڕۆ لەبەرئەوەی کەسەکان خۆیان نین بە هەزاران مامۆستامان

هەیە کە پیاوی ئاینین، کەچی رۆژ بە رۆژ تاوان زیاد دەکات، هەزاران مامۆستای زانکۆمان هەیە، کەچی قوتابی نەخویندەوار بەرهەم دەهێنن.

### ٣- قۆناغی گەڕانەوە:

لەم قۆناغەدا کاتێك مرۆڤەکە کارەکە ئەنجام دەدات لە قۆناغی دووەمدا، ئەم لەم بارەدا ئەم کارە بەراورد دەکات لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کە پێشتر لە قۆناغی یەکەمدا لە ناویدا سەری هەڵدا بوو، بۆیە ناومان ناوە گەڕانەوە، چونکە مرۆڤ لەم بارەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەو وێنایانەی کە خۆی هەیبووە لە ناوزەینیداو دواتریش بەراوردکردنی لەگەڵ ئەنجامەکەیدا، لەم بارەدا وەك کابرایەك برادەرێکی هەیە کاتێك لە یەك دور دەکەونەوە زۆری خۆشی دەوێ بەڵام کاتێك بە یەکەوەن هەست بەو خۆشەویستیە ناکات، ئەمە وێنەیەکە لە زەینی کابرادا بەرامبەر بە برادەرەکەی، بەڵام کاتێك برادەرەکەی دووردەکەوێتەوە لەگەڵ وێنەکە دەژی، بەڵام کاتێك پێکەوەن کابرا دەکەوێتە ناو بەراوردەوە، یان دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی، بۆ لای وێنەکە، سەیر دەکات وێنەکە لەگەڵ برادەرەکەی وێك نایەتەوە، بۆیە ئەو خوشەویستیە نامێنێ کە لە دوورەوە هەیەتی، تەنانەت لەبنەماوە زۆربەی خۆشەویستیەکانیش دەچنە ناو ئەم جۆرە.

هەر لێرەوە کاتێك مرۆڤێك دەبێتە پۆلیس عەقڵی پەتی بەردەوام بە دوای وێکهاتنی هەردوو وێنەکەدا دەگەڕێ، تا بزانێ بە راست ئەو پۆلیسە یان شتێکیترە؟ با لێرەدا پرسیار بکەین ئایا بۆچی شتەکان لە دوورەوە جوانن؟ ئایا ژیان خۆی وایە؟ ئایا ئەوە چیە شتانێك هەن لە دوورەوە مانایان هەیە؟ لێرەدا زۆر گرنگە دوو بار جیا بکەینەوە:

أ- باری یەکەم:

بارێکە مرۆڤ دەبەستێتەوە بەو بیرۆکەیەی کە هاتۆتە ناویەوە، یان خەونەکە هی خۆی نیە. بۆیە لەم بارەدا ئەو خەونە، هەتا دوور بێ مانای هەیە، بەڵام کاتێك ئەو خەونە وەدی دێ، خەونەکە دەمرێ، بیرۆکەکەش دێتە دەرو مانای نامێنی، شتەکە یان (تەنەکە) ش مانای نامێنی، چونکە گەیشتن بەم خەونە گەیشتنە بە مردن، لە ژیانی رۆژانەماندا شتانێك هەن دەبێتە خەون و خولیامان وەك سەیارە و مۆبایل و ..هتد لەبەرئەوەی ئەم شتانە وەك بیرۆکە دێنە ناومانەوە، سەیر دەکەی هەتا دوورن مانایان هەیە بەڵام کاتێك پێیان دەگەین، هەم بیری کڕینی مۆبایلێك دێتە دەر لە زەینمان، هەم مۆبایلەکەش نامانگەیێنێتە بەختەوەری، لەم حاڵەتەدا، بیرۆکەکە لەبەرئەوەی لە دەرەوە لە دایکبووە، هەر دەرەوەش دەیبات لەگەڵ خۆی، واتە ئەمە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە ئەم بیرۆکەیە پوخت نیە، لە راستیدا ئەم بنەمایە لەوەدا بۆ ئێمە گرنگە، کاتێك یەکێك دەبێتە پۆلیس توشی حاڵەتێك دەبێ کە هەست دەکات ئەوە نەبوو کە ئەو خەونی پێوە دەدی، لێرەدا پۆلیسەکە دوچاری روخان دەبێ، دووجار زەرەر دەکات، یەکیان ئەوەیە کارێك دەکات هی خۆی نیە، چونکە کاتێك مرۆڤ کارێك بکات کە هی خۆی نیە ئەو مرۆڤە توشی کوێربوونەوە دەبێ، یان ئەو ئیشەی کە دەبێ بیکات تووشی چەپاندن دێ و کوێر دەبێتەوە، هەروەها حکومەت زەرەر دەکات چونکە ئەو پۆلیسە کار ناکات بە دڵەوە یان کارەکان بەڕێ دەکات و ئەو رۆتینانە دروست دەبێ کە ئەمڕۆ دەیبینین، سەیرکە یەك دنیا فەرمانبەری تەمبەڵمان هەیە چونکە کارەکان دوورن لە حەز و وەعی.

ب- باری دووەم:
لەم بارەدا کە بیرۆکەکە هی ناو مرۆڤ خۆیەتی، بیرۆکەکە تەبا دێتەوە لەگەڵ حەقیقەتی شتەکەدا، بەڵام ئەم کردەیە راستی تەجرەبەیەکی تەواو کەسیەو بە دەستە جەمعی نابێ، دۆزینەوەی ئەم راستییەش دەکەوێتە سەر شانی مرۆڤەکە خۆی، واتە قودرەی ئەو مرۆڤە دەخوات بۆ کەشفکردنی ئەو راستییە.
بۆ نموونە دەتەوێ حەقیقەتی ئاگر بزانی چییە، لەم بارەدا بیرۆکەی ئاگر لەگەڵ حەقیقەت ئاگر وێك دێتەوە، واتە تۆ دەچیتە ناو ئاگرەوە، ماناکانی دەزانی، واتە دەزانی وەزیفەی چیە؟ لە بەرامبەر ئەم ناسینەدا دەشزانی تۆش وەزیفەت چییە بەرامبەر بە ئاگر؟ بە پێی ئەم بنەمایە گەر یەکێك بووە پۆلیس، ئەو کاتە دەزانێ پۆلیسی چیە؟ یان دەزانێ دەبێ پۆلیس چی بکات؟ لەم بارەدا پۆلیسی دەبێتە حەقیقەت و ئەمجۆرە لە پۆلیس بە چاودێری کار ناکات، بۆئەوەی ئافەرین وەربگرێ یا سزا بدرێ.
ئەمڕۆ وتەیەك هەیە لە ناو کاردا ئەویش ئەوەیە (کێ منەتی پێیەتی) راستی ئەم رستەیە، بەرهەمی عەقڵێکە کە قیمەتی خۆی لە چاوی خەڵکەوە دەبینێ، یان ئامادە نیە کارێك بکات کە باشیش بێ بەڵام کەس پێی نەزانێ، بەڵام پۆلیسی پەتیی، لە رێگەی کەشفکردنی شتەکانەوە بەردەوام زانیاری دەست دەکەوێ لەسەر خۆی، واتە دەکەوێتە ناوخۆناسینەوە، لە راستیدا ئەم (عەقڵ)ە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام ڕێگەی لێگیراوە دەرکەوێ، چونکە دەرکەوتنی ئەم جۆرە عەقڵە مردنی ئەوانیترە، بۆیە بەردەوام دژایەتی دەکرێ و بەردەوام رێگەی لێگیراوە دەرکەوێ.
ئەوەی دەمەوێ ئەوەیە کە بۆ خۆمان سەیری خۆمان بکەین لە



ڕێگەی ناسینی خۆمانەوە، دەست بدەینە کار و حکومەتیش
بە سیستەمێکی دیکە کار بکات نەك سیستەمێك فەرمانبەر
بەرهەم بهێنێ، بەڵکو دەبێ حکومەت (عەقڵ) بهێنێتەدەر
لەناو مرۆڤەکاندا، چونکە سیستەمی فەرمانبەر سیتەمێکە کە
ئیش دەدۆزێتەوە بۆ کەسەکان، بەڵام دەبێ ئێمە کەس بۆ ئیش
بدۆزینەوە، دەبێ ئەمرۆ بگەڕێینەوە بۆ ناو تەبیعەتی کورد؟
لێرەوە دەست بە کوردناسی بکەین؟ چونکە کاتێك کوردمان ناسی
دەزانین کورد چی دەوێ؟ بۆ گەران بە شوێن ئەم تەبیعەتەشدا
دەبێ لە خۆمانەوە دەست پێبکەین، سەیری مێژوو نەکەین
وەك مێژوو، بەڵکو دەبێ ئەخلاقیاتی کوردی بدۆزینەوە لە ناو
مێژوودا ئەو عەقڵە مەزنانەی کە کوردیان هێناوەتە ئێرە، دەبێ
لۆژیکەکانی ئەم عەقڵە ببنە بنەمای کارو ئیش، نەك لۆژیکی
کەسانی دیکە، یا خود قەومی دیکە، چونکە ئێمە باسمان لەوە
کرد کەوا گەشەکردنی شتێك ئەوەیە کە قدرە ناوەکیەکانی تیا
دەرکەوێ. یانی ئێمە دارێکمان هەیە بە ناوی (توو)، ئەم دارە
بەوە دەزانین گەشەی کردووە، تۆوەکە بەرەبەرە گەشە دەکات و
تا دەگاتەوە خۆی یان دەگاتەوە تۆوەکە، چونکە تۆوەکە دەڕوێ
دەبێتە درەخت و دواتر بەر دەگرێ، بەرەکەش بەرهەمهێنەرەوەی
تۆوەکەیە ئەمە راستی جەوهەری گۆڕانە؟ بەڵام گەر تۆوەکەمان
موتوربە کرد بە (شاتو) کە جۆرێکی دیکەی دار تووە، سەیر
دەکەی ئەمە ڕاستە گۆڕانە بەس گەشەکردن نیە، چونکە هەمان
(تۆو) بەرهەم نایەتەوە بەڵکو (شاتو) بەرهەم دێتەوە، بۆیە ئێمە
زۆر گرنگە بیر لەم جۆری دیکەی سیستەمی کار بکەینەوە،
هەتا بگەینەوە ئەو شوێنەی کە بە راستی عەردی راستەقینەی
خۆمانە.



بەشی دووەم

# جۆرەکانی پۆلیس



گەر جۆرەکانی پۆلیس لە هەر کەسێك بپرسین، یەکڕاست ئەوە دێ بە خەیاڵیدا، کە پۆلیس ریز بەند بکات هەر لە پۆلیسێکی تازە دامەزراوەوە هەتا لیوا، ئەمانە جۆرەکانی پۆلیسن لە دەرەوە یانی شتانێکن ئێمە دەتوانین بە چاو بیان بینین و جیایان بکەینەوە، تەنانەت پلەو دەسەڵاتەکانیشان دیاری بکەین، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەمانە نیە یان سەنگی مەحەکی ئێمە بۆ جیاکردنەوەی پۆلیسەکان لە یەکتری، پلە و روتبەکان نیە، ئەوەندەی عەقڵەکانە، یان ئێمە لە سەر جۆری عەقڵەکان جیاکاری دەکەین، نەك لە سەر بنەمای روتبە و دەسەڵات، بۆیە لێرەدا گرنگ ئەوەیە بە یاد خۆمان بهێنینەوە کە پێشتر کەم تا زۆر، باسی عەقڵەکانمان کرد هەر لە عەقڵی (زانستی، کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی، پەتی )

خوئەم عەقڵانەش بۆ خۆیان عەقڵێکی رووت و ئەبستراکت (مجرد ) نین، بەڵکو ئەم عەقڵانە هەموویان لە ناو کەساندان، واتە لە ناو پۆلیسەکانداو لەناو ئەوەی کەوا ئاڕاستەی ئەوان دەکات، بەتەنها جەستە نیە، بەڵکو عەقڵیش لەم ئاڕاستە کردنە بەشدارەو وەك یەکەیەکی بێماناو بێکار لە ناو مرۆڤدا دانەنیشتووە، سەرەتا دەبێ ئەوە روون بکەینەوە (عەقڵ ) ئەوە نیە کە لای زانستی پزیشکی بە(مێشك) ناودەبرێ، نەخێر ئەمە لە راستیدا سەر بە جەستەی مرۆڤە ئەوەی ئیمە ناومان ناوە (عەقڵ ) ئەو فکرەو بیروباوەڕو ئایدیایانەیە کە مرۆڤەکان وا بەستەن پێوەی و لەسەری دەڕۆن، یان لە زانستی پزیشکیدا باس لەوە دەکرێ، کە (مێشك) رابەرە، لە هەموو کارەکانی مرۆڤ، یان بەم لۆژیکە بێ ئەوەی (مێشك) ئاڕاستەی بکات بۆئەوەی موسڵمان بێ ئەوا ئەوکەسە موسڵمان دەبێ، لە راستیدا مەسەلەی بیروباوەڕ شتانێکن دەکەونە

دەرەوەی (مێشك) مێشك بۆ خۆی بەشێكە لە جەستە، جەستە هەتا شوێنێك مروڤ ئاراستە دەكات ئەوەی دیكە كە هەیە دەكەوێتە ناو ناوچەیەكیتر لە مرۆڤ، كە ئەوانیش دەروونە، دەرونیش بە تەنیا بۆخۆی یەكلاكەرەوەی شتەكان نیە، بۆیە با سەرەتا ئەوە لەبەرچاو بكەین كە (عەقڵ) لێرەدا بەكارهێنەری زۆرەو غەدر لە (عەقڵ) دەكرێ كە زۆرجار دەدرێتە پاڵ شتانێك كە عەقڵ نیە، بەڵكو شتێكی دیكەیە.

یانی ئەوەی مەبەستمە لێرەدا بیروباوەڕەكان یا خود جۆری عەقڵەكان بۆ ئێمەیە، چونكە دواجار ئەم عەقڵانە دێن و كار دەكەن، كاركردنیشیان راستەوخۆ (مامەڵەیە) لەگەڵ كۆمەڵگادا، بۆیە گرنگترین شت بۆ هێزەكانی ئاسایش ناوخۆ راهێنانی پۆلیسە لەسەر زانستەكانی مرۆڤناسی و دەروونناسی و فەلسەفە ... هتد. چونكە، كاتێك ئێمە دەڵێن پۆلیس لەگەڵ كۆمەڵگادا تەماسی هەیە یاخود بە پاڵ یەكدیەوەن، ئەوا دەبێ دوو جۆر لە كۆمەڵ جیا بكەینەوە:

**١-كۆمەڵگا لە باری هەستیدا:**

ئەو كۆمەڵگایەیە كە هەمووومان دەیبینین، لە بازار خەڵك لە حاڵەتی (هەستیدان) كرێكار لەگەڵ فرۆشیار، زۆر ئاساییانە مامەڵەی خۆیان دەكەن، فەرمانگەكانی دیكە، كاتێك مامەڵە لەگەڵ هاولاتیاندا دەكەن هەم فەرمانبەر هەم هاولاتی لە حاڵەتی وەعی دان و كارەكان وابەڕێوە دەچن كە تووشی هیچ شتێك نابن ببێتە هۆی كوشتن و دزین و....هتد.

كاتێك رۆژانە سەیری یەك رۆژی حكومەتی هەرێم یاخود یەك رۆژی شاری هەولێر دەكەین، بەیانیان خەڵك هەمووی دەچنە سەر كارەكانی خۆیان كرێارەكان شتەكانی خۆیان دەكڕن و



دەرۆنەوەو فرۆشیارەکان هەروەکتر یان شارێك دەبینین لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدایەو هەموو خەڵك وابەستەن بە شتانێکی گشتی یان کۆمەڵە ئەخلاقیاتێکی گشتیەوە، بێ ئەوەی کەس بەچاوی خۆی رووداوێك ببینێ، واتە مەبەستمە (هەست) لە مرۆڤدا رێنادات کەس بە ئاشکرا دزی بکات یا خود لە ناو بازاڕدا یەکێك بکوژێ، یاخود، تاوانێکی جنسی ئەنجام بدات، بۆ؟ لەبەرئەوەی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا وابەستەیە بە ئەخلاقیاتی کۆمەڵگاوە. کۆمەڵگاش وەك نەریتێکی باو ئەمانە بەردەوام رەفز دەکاتەوە، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا شارێکی دیکە هەیە، کۆمەڵگایەکی دیکە هەیە لەژێر ئەم کۆمەڵگایەدا کە ئەویش جۆری دووەمە.

**٢-کۆمەڵگا لە باری نەستیدا:**

لەم شارە نهێنیەدا، یاخود لەم کۆمەڵگا نهێنیەدا مرۆڤەکان ئەو مرۆڤانە نین کەلە بازارو فەرمانگەو شوێنە گشتییەکان دەیانبینین. مرۆڤ بەتەنها حاڵەتی هۆشیاری نیە زۆرجار تۆ کابرایەك دەبینی زۆر بەڕێز، پیاوچاك، بەڵام کاتێك ئەودیوی هەڵدەدەیتەوە سەیر دەکەی یەکێکیترە، خۆ شێخ زانا باشترین نمونەی بەرجەستەکەری ئەم فکرەیە، کە لەحاڵەتی نەستی خۆیدا چ دڕەندەیەك و، لە هەستیشدا چ شێخێك، پیاو چاك و لە خواترس بوو.

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی پێ بدەم پۆلیس زۆر کەم مامەڵەی لەگەڵ دەکات، لە حاڵەتی هەستیدا، چونکە کەس نیە سەرپێچی بکات، ئەویش لەبەر ئادابی گشتی، لە بەر ئەوەی کەشف نەبێ، لە بەرئەوە مرۆڤ حەز دەکات کاتێك تاوانێك ئەنجام بدات کەس پێی نەزانێ، واتە یەکەمجار فێڵ لە خۆی دەکات کە بیرنەکاتەوەو دوو دڵ نەبێ، دواییش کەس نەزانێ، جا



پۆلیس راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم شارە نهێنیە و ئەو جۆرە کەسانەدەکات کە جیاوازن لەوەی لە ناو وەعیدان.

ئایا واباش نیە کە حکومەتی هەرێم پۆلیس لەسەر ئەوە پەروەردە بکات کەوا پڕچەکی بکات بەو زانستانەی پەیوەندی هەیە بە ئەودیوی کەسەکانەوە.

پۆلیس لە شاری نهێنیدا دەژی، لەگەڵ نەستی کەسەکاندا مامەڵە دەکات، راستەوخۆ ئەو حاکمی شارێکە پڕ لە غەریزە پڕ لە فکرو بیرو باوەڕ پڕلە ....هتد. تەنانەت تا ئێستا چارەسەرێك، یاخود ناتوانرێ مامەڵە لەگەڵ تیرۆر بکرێ ئەوەیە کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. لەناو (هەست)دا یان لە کۆمەڵگای هەستدا مامەڵە لەگەڵ تیرۆر دەکەن، نایەن مامەڵە لەگەڵ (تیرۆرست) بکەن، پێش ئەوەی لە(تیرۆر بگەین دەبێ (تیرۆریست) بناسین، چونکە (تیرۆر) بەرهەمی تیرۆریستە، نەك تیرۆریست زادەی تیرۆر بێ، کە دێین، مامەڵە لەگەڵ دەرەوەی ئەواندا دەکەین، شێخ زانا مامەڵەی لەگەڵ کرا لەدەرەوەی خۆی، وەك ئەودیوی خۆی مەبەستم ئەوەیە با ئێمە لە رێگەی پسپۆرانەوە لەگەڵ ئەوەی حکومەت دێ خول دەکاتەوە بۆ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، یاخود خەڵکان دەنێریتە دەرەوەی وڵات، با بەرنامەیەکی دیکە هەبێ کە پۆلیس پەروەردە بکات لەرووی جەستەیی و دەروونی و رۆحییەوە، جا کاتێك پۆلیس تەماسە لەگەڵ ئەودیوی شارو ئەو دیوی کۆمەڵ و ئەو دیوی مرۆڤەکاندا، ئایا نابێ پێش هەموو شتێك خۆی لە حاڵەتی وەعی بە خۆیدا بێ؟ ئایا ئەوەی لێرەدا مامەڵە دەکات نابێ پەروەردەیەکی رۆحی باش کرابێ؟ ئایا لێرەدا جەستە حوکم دەکات، روتبە و سمێڵ و ....هتد. دەتوانین بیر بکەنەوە؟ بۆیە پێش هەموو شتێك دەبێ عەقڵەکان جیا بکەینەوە،

لە سەر بنەمای عەقڵەکان پۆلیسەکان پلەبەند بکەین:

**١) پۆلیسی ئامێریی:**

ناوی ئامێریی لێرەدا بەوە بەکارمان هێناوە کە دەگەڕێنەوە بۆ بیرکردنەوەی ئامێریی، بیرکردنەوەی ئامێریی بیرکردنەوەیەکە پڕە لە خۆپەسەندی و خۆ فەرزکردن بەسەر شتەکاندا، واتە بە بیرکردنەوەی خۆی پێوانەی شتەکان دەکات.

پۆلیسی ئامێریی ئەو کەسەیە کە رای بەرامبەر لەلای ئەو رایەکە نەبیستراو نەگوتراو نەشیاو، ئەوەی لە دیدی ئەم پۆلیسەدا کاتێك مانای هەیە کە خۆی لە شوێنێکدا کاری پێی هەیە. گەرنا، بەدەر لەوە هیچ نیە، جگە لە یەکێ بچوکتر لە ئەو، نزمتر لە ئەو.

بەعسیزم و شۆفێنیەتی عەرەبی بەردەوام کاریان لەسەر بچوککردنەوەی بەرامبەر دەکرد، رازی نەبوون بەوەش، بەڵکو دەستیان کرد بە کوشتنی کورد بۆئەوەی هێندە بچوك بێتەوە کە بە چاو نەبینرێ، هەروەها کورد کاتێك مانای هەیە بە لای بەعس کە شەڕی ئێران و عێراق یان شەڕی کوێت هەبوو؟ چونکە کاری بە کورد هەبوو، تا شەری پێ بکات دژی دوژمنەکانی خۆی، پۆلیسی زانستی پۆلیسێکە لە سەرەوەی خۆیەوە دەکرێ بە ئامێرو کەرەستە، دواتریش ئەو خوار خۆی دەکاتە ئامێرو کەرەستە، بە جۆرێك بازنەیەك دروست دەبێ کە بەردەوام یاریەکان دووبارە دەبنەوە، کاتیك ئەم پۆلیسە دەبێتە سەرۆکی فەرمانگەیەك یا خود بەڕێوەبەر لە شوێنێك، کارەسات لەوەدایە ئەم پیاوە بەفکری خۆی و بە بێ باوەڕی خۆی کەسەکان و شتەکان هەڵدەسەنگێنێ، ئەمەش ئەو بێ بەرنامەییە دروست دەکات کە ئەمڕۆ دروست بووە، ئەو قەیرانەی کە دواجار ئەو گوتەیە بەرهەمهاتووە کە

(کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا نیە)، بۆ؟ چونکە شتەکان بە فەرمان جێبەجێ دەکرێن نەك بە لێهاتوویی و حەزو خولیا، ئەو کارانەی فەرماندە دەیکات گەر جێبەجێش بێ بەرهەمی نیە، بەڵام ئارەزوو هەمیشە بەرهەمی هەیە. بۆیە ئەمرۆ سەیر دەکەی ئێمە وەك حکومەت کێشەمان نیە لەوەی کە فەراغمان هەیە لەوەی کادری بەشەکانمان نیە، بەڵکو هێندە زۆرن بەشی حکومەتێکی دیکە دەکەن، بەڵام کارەسات ئەوەیە ئەمانە بە فەرمان و بە ئەمرکردن کراون بەکادر، دوور لە خولیاو حەزی تاکە کەسی.

مەلا مستەفا بارزانی لە درێژەی خەباتی سیاسی خۆیدا هیچکات بە فەرمان شتی نەکردووە، لە پەرینەوەی ئاوی ئاراس کاتێك بارزانی هەست بە نائومێدیەکی گەورە دەکات، کاتێك لەناو خۆیدا تەنیا دەبێتەوە، بەرادەیەك بڕیار دەدات بە تەنیا بڕوات و سەفەر بکات، لەو کاتە تەنیایەدا کەدەستی لە هەموو شتەکان بەردەبێ لە خاك لە منالّ و خێزان لە...هتد.

لەو ساتە ناسکەدا بە هاورێکانیی خۆی دەڵێ (من دەچم بۆ مردن کێ دێ کەیفی خۆیەتی و بۆ خۆی دێ کێش نایەت با بڕواتەوە ماڵی خۆی). دیارە دەرکەوتنی ئەم رۆحە کە بەردەوام بەرامبەر لای ئەو خاوەنی رێزو دیدو بەهای خۆیەتی لە ناو بارزانیدا، ئایا ئەم جۆرە لە مامەڵە، ئەمجۆرە لە ئەخلاقیات دەبێ وەك میرات بەش بکرێ و بکرێتە مێژوو، یا خود دەبێ گەشە بەم ئەخلاقیاتانە بدەین، ئایا ئەخلاقیاتی ناو رێزەکانی پۆلیس، مامەڵەی بەرپرس و کارمەندو ئەفسەرو پۆلیس ئایا ئەخلاقیاتێکی کوردانەیە کە مەلامستەفا پەیرەوی دەکرد، یا خود ئەخلاقیاتێکی عەرەبی و بەعسیانەیە؟ ئایا ئەمرۆ ئێمە گەشە بە کام جۆرە لە تەبیعەت و

ڕێسا دەکەین؟ کاتی ئەوە نەهاتووە بیر بکەینەوە کە چ گەلێکین؟ ئایا زەمینە خۆشکردن بۆ تەجەلابوونی ڕۆحی کوردی لە ناو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆدا تا چەند زەروورو گرنگە؟

ئەمرۆ ڕۆحی کورد کە بریتیە لە ئەخلاقیات و تەبیعەتی کوردی لە ناو ئێمە غائیبە، ئەوەی لە ناو ئێمەدا حازرەو بڕیارو فەرمان دەردەکات هێزێکە بەدەرە لەو ڕۆحە، ئەمرۆ دەبێ کار بۆ گەڕانەوەی یاخود هاتنی ئەو ڕۆحە بکەین، بە بێ هاتنی ئەو ڕۆحە هیچ مومکین نیە گۆڕان دروست بێ، ئەو شۆینەی ئێمە چاوەڕێی دەکەین ئەوەیە بەردەوام لەم واقیعە ناڕازین، ئەوەی دەمانباتە ئەوێ دیموکراسی و مەدەنیەت نیە، ئەوەندەی حازربوونی ئەو ڕۆحەیە، کە هەموو قەدرەکانی کوردی تیایە. ڕۆحیکە بەردەوام لە گەڵ بەرامبەردا وامامەڵە ناکات کەوا بابەتە بۆ ئەو، خۆ گەر دوژمنیش بێ، چونکە کورد لە مێژوودا کاتێك دوژمنەکەی دەکەوێتە بەردەست چەند بە بەزەیی و مرۆڤانەیە بەرامبەری.

هەرچی زووە نەك حکومەت بەڵکو حزبیش بە خۆیدا بچێتەوە، جارێکیتر ناوچە و لقەکان بنیات بنێتەوە دواتر زەمینە بۆ حازربوونی ئەم ڕۆحە سازبکات نەك شتێکیتر. ڕزگاربوونیش لە فکرەی ئامێرسازی یان پۆلیسی ئامێریی بەوە چاك نابێ ئێمە بیکوژین، یاخود بیگۆڕین، بەوە چاك دەبێ کە ئێمە واعی بکەینەوە بە خۆی و بەردەوام خۆی بیر بخەینەوە، چونکە دڵنیام گەر مرۆڤ بزانێ ئەوەی دەیکات هەڵەیە نایکات، یاخود گەر کردبێتی پێشتر دەستبەرداری دەبێ. پۆلیسی ئامێریی دوو شتی زۆر گرنگی هەیە کە تێکەڵی لێ دەکات، هەر ئەم هەڵەیەشە وادەکات کە بەو جۆرە کارەکان ڕاپەڕێنێ. ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە پۆلیسی ئامێریی باوەڕی تەنها بە فکرە و ڕایەکانی خۆی

هەیە، دواتریش هەر فکرو بیرو بۆچونێك كە جیاواز بێ لەو، ئەو وامەزەندەی دەكات كە دژی ئەوەم، واتە جیاوازی لای پۆلیسی ئامێری مانای دژبوونە، بەڵام با بپرسین ئایا دوو شت كە جیاوازبن لەیەك مانای ئەوەیە كە دژی یەكن؟ بێگومان نەخێر. گەر سەیری چرایەك بكەین پێكهاتووە لە (بلور، پلێتە، نەوت) ئەمانە بە جیا بۆ خۆیان جیاوازنین لە یەكتر، بەڵام ئایا هەموویان پێكەوە چرا دروست ناكەن؟ كەواتە هەموو جیاوازیەك دژ یەك نیە، بەڵكو ئێمە بۆ دروستكردنی هەر شتێك پێویستیمان بە كۆمەڵێك شتی جیاوازە، بەڵام لە عەقڵی ئامێرسازیدا كە حزوری هەیە لای پۆلیسی ئامێریی، هەمیشە جیاوازی یەكسانە بەدژ، هەروەك ئەو شەڕەی ئەمرۆ دەیبینین لەنێوان (پۆلیس، زیرەڤانی، ئاسایش)، گەر ئامارێك بكەین زۆرن ئەو كێشانەی كە لەنێوان ئەم هێزانەدا دروست بوون، كە ئەویش بەرەنجامی ئەو عەقڵە ئامێرسازیەیە، كە هەمیشە جیاوازەكان بە دژ ناوزەند دەكات، لە كاتێكدا یەك ئامانجی پیرۆز ئەمانە كۆدەكاتەوە كە ئەویش ئارامی وئاسایشە، بەڵام لە ئەنجامی تێكەڵكردنی شتەكان، هەروەها رەفز كردنەوەی بەرامبەر، دنیایەك كێشە دێتە رێمان، یان ئەمجارە بۆ خۆمان دەبینە بەر بەست لە رێگەی یەكترو لێرەدا دەبینە دژی یەكتر.

كاركردنی سیستەمی بەعس لە ناو تاكی كوردیدا بەوە رزگارمان نابێ ئێمە بەعسیەكان بكوژین، دەبێ پێش هەموو كەسێك خۆمان بكوژین، یانی خۆمان دەست بكەینەوە بە پاكسازی لەناو خۆماندا، چونكە دواجار خۆمان بەرهەمهێنەرەوەی هەمان سیستەمیشن، ئەم سیستەمەش بەوە ناكوژرێ كە كویرانە شتەكان تێكەڵ بكەین، بەوە دەكرێ كاتێك ئێمە سیستەمێكی دیكە بدۆزینەوە،



که ئەویش ئەخلاقیاتی کوردە، بەبێ دەرکەوتنی ئەم ئەخلاقیاتە هیچ ئەگەرێك نیە بۆ رۆیشتنی ئەخلاقیاتێکی عەرەبی و بەعسی و ناکوردی.
دەموچاوەکانی پۆلیسی ئامێریی زۆرن، رۆژانە دەبینرێن، ئەوە خوێنەر خۆی دەبێ ئەو کردەی دابەشبوون و جیاکردنەوەیە ئەنجام بدات، چونکە کاری ئێمە بە تەنها گەڕانە بە شوێن یەك پرسیاری جەوهەریدا کە ئەویش پۆلیس چییە؟
هەموو ئەم باسانەش ڕێخوشکەرن بۆ کردنی ئەو پرسیارە، هەتا دواتر پۆلیس لە ناپۆلیس جیا بکەینەوە، لەسەر بنەمای ئەم شتانە کارو پلە و ماف و ئەرك دابەش بکەین نەك بنەمای تر کە هیچ حیکمەتێکیان تێدا نادۆزیتەوە. خۆ گەر ئەمرۆ سەیری کێشەی کورد بکەین، کورد لەگەڵ ئەمریکادا کێشەی ئەوەی هەیە ئەمریکا لەلای خۆی کوردی بە جۆرێك وێنا کردووە کە لە راستیدا کورد خۆی ئەو وێنەنیە کە ئەمریکا ئیشی لەسەر دەکات، لە ناو شۆرشەکانی کورددا دەبینین هەمیشە کورد دەبێ پێ لە سەر ئەوەدا داگرێ کە ئەویش هەیە، بەڵام لە عەقڵی ئەوروپادا کورد جارێ ئەو گەلە نیە کە هەیە، یانی ئەوروپا تا ئیستا نەیتوانیوە کورد ببینی، چونکە ئەو چاوەی ئەوروپا سەیری کوردی پێ دەکات توانای بینینی کوردی نیە. بۆیە سەیر دەکەی کێشەی کورد لەگەڵ ئەوروپادا تەنها لە رووکارو لە بارەی دەرەکی شتەکاندا تەبایە، کاتێك دەکەوێتە ناو وردەکاری و بەشە سەرەکیەکانەوە کێشە دروست دەبێ، واتە گەر سەیری ئەمریکا بکەی کاتێك پشتی کورد بەر دەدات لە ساڵی ١٩٧٤ یا خود شۆڕشەکانیتر.
کێشەی سەپاندنی وێنەیەك بۆ کورد کەخۆی ئەو وێنەیە نیە لە

ڕۆژگاری ئەمرۆمانیشدا هەر هەیە و زیندووە، کورد بەردەوام خۆی نیشانی ئەمریکا دەدات، دەڵێ ئەوە منم، بەڵام بێئاگا لەوەی ئەمریکا توانای بینینی کوردی نیە.

شوێنێکی دیکە هەیە کە ئەویش جۆرێکیترە لەو ئیش بەڵام تا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە بەرجەستەی بکەین دەبێ لەوە گەڕێین خۆمان نیشانی ئەوروپا بدەین. چونکە لە خۆنیشاندان بە دەرەوەدا، هەمیشە ناوەوە لە بیر دەکرێ و دەرەوەش دواجار دەستبەردارت دەبێ.

ئەمرۆ حکومەتی هەرێم زۆرتر کار بۆ دەرەوەی خۆی دەکات تادنیا ببینێ، بەڵام لە سەر حسابی ناوەوەی خۆی، واتە لە زۆر شوێندا گەل پشت گوێ دەخات بۆ دەرەوە، ئیتر گەلیش لە شوێنێکدا حکومەت پشتگوێ دەخات، باشترین شتێك ئەوەیە ئەمرۆ حکومەت و دەزگا حزبیەکان بگەڕێنەوە ناو خەڵك، دەست بکەن بە خەڵك ناسین وەك خۆ ناساندن، لەوێوە کار بکرێ نەك لە دەرەوە ڕا.

زۆرجار لە باسەکە دەچینە دەر، بەڵام ئەم نموونانە تەنها بۆ یارمەتیدەری خوێنەرن بۆ بەرجەستەکردنی فکرەکان بە تەنها وەگەرنا ئەو باسانە (کوردو ئەویتر) پێویستی بە دیقەتێکی زۆرە بۆ کار لەسەر کردنی.

**٢) پۆلیسی کۆمەڵایەتی:**

دیارە ناونانی جۆری دووەمی پۆلیس بە پۆلیسی کۆمەڵایەتی لەوەوە نەهاتووە کە پۆلیس کائینێکی کۆمەڵایەتیە بێشك ئەوە وایە ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە. کۆمەڵایەتی لێرەدا بەو مانەیە بەکارمان هێناوە کە بریتیە لەو هێزەی لەدەرەوەی پۆلیس دێتە ناوەوەی، پۆلیس ئاڕاستە بکات، لە کاتێکدا پۆلیس دەبێ

خۆی خۆی ئاراستە دەکات، لەم بارەدا دوو حاڵەت هەن دەبێ وە بەر چاویان بخەین.

أ. حاڵەتی یەکەم:

دیارە پۆلیس گەر وەك مەسلەك یان ڕاژە وەربگرین خاوەنی کۆمەڵێك قانونی خۆیەتی و لەسەر ئەم یاسایانە دەڕوات، ئەم یاسایانەش لە ڕاستیدا جیاوازە لەیاساو ئادابی گشتی و کۆمەڵایەتی ناو خەڵك، لەناو کۆمەڵگادا پیاوی بەساڵاچووی کامڵ هەمیشە ڕێزی زیاترە لە یەکێکی گەنج و لاو، بەڵام لە ناو پۆلیسدا تەمەن و عەشیرەت و ئەم شتانە نەهاتونەتە ناو یاساوە، بەڵکو زۆرجار (ڕێپێدراوێکی پۆلیس) تەمەن زۆرەو دەبێ بە ئەفسەرێکی لاو بڵێ گەورەم، لەم حاڵەتەدا قانون و یاساکانی کۆمەڵگا دزە دەکەنە ناو یاساکانی پۆلیسەوە کاریان پێدەکرێ یان یەکێك خۆی لە خێزانێکی عەشایەری بێ گەر یەکێك لە عەشیرەتەکەی خۆی وەك تۆمەتبار بکەوێتە بەردەستی، لێرەدا گرنگی بە تومەتباریەتی نادات ئەوەندەی بە خزم و عەشایەریەکەی، یان ئەم جۆرەی پۆلیس بەردەوام کۆمەڵگا کاریگەری هەیە لە سەر بڕیارەکانی وکۆمەڵگا ئاڕاستەی دەکات، لەوەی یاسا بپارێزێ یا خودنا.. ئەمە بارێکە زیاتر مامەڵەی پۆلیس دەردەخات لە دەرەوەدا واتە لە دەرەوەی خۆی کەلە مامەڵەدایە لەگەڵ کۆمەڵگادا.

ب. حاڵەتی دووەم:

ئەم حاڵەتە جیاوازە، لێرەدا پۆلیس خۆی بە تەنهایە بەڵام بیروباوەڕی عەشیرەتگەری خۆی یاخود ئەو هێزانەی ناو کۆمەڵگا لە ناویان ئاراستەی دەکەن، ئەم پۆلیسە بەردەوام پارێزگاری لە کەسایەتی خۆی دەکات نەك یاساو قانون، یان خۆی وەك پۆلیسێك وێنەیەکی هەیە لەناو کۆمەڵگادا بەردەوام بە خزمەتی



پۆلیس و بەو مەکانەی کە هەیەتی، ئەو وێنەیەی خۆی گەورە دەکات و دەیپارێزێ، خۆ بڕیاردانیش هەر لە سەرەتاوە لە سەر داخوازی کۆمەڵ بووە نەك خۆی، چونکە سەیردەکات کۆمەڵگا زۆر گرنگی بە (ئەفسەر) دەدات، ئیتر ئەو بڕیار دەدات یا خود لە ژێر فشاری ئەم وێنە کۆمەڵایەتیەدا دەبێتە (ئەفسەر)، بەڵام پۆلیسبوونی ئەم کەسە لە بنەمادا بۆ خزمەتی یاساو نیشتمان نیە، ئەوەندەی بۆ خزمەتی خۆی و کەسایەتی خۆیەتی، جا کێشەی ئەمجۆرە پۆلیسە ئەوەیە کە بەردەوام خاوەن خۆی نیە، بەردەوام یاری بە قانون دەکات، بەردەوام لە جیاتی ئەوەی یاساپارێز بێ، دەبێتە جەلادی یاساو ئامادەیە هەمیشە یاسا بکاتە قوربانی رای خەڵك و قوربانی بەرژەوەندییە کەسیەکانی خۆی.

خەڵکانێك زۆر لە رۆژگاری باشبونی راتبی پۆلیسدا کە پۆلیس مەکانە و مانایەکی باشی هەبوو، لە کۆمەڵگادا خەڵکانێکی زۆر بەلێشاو هاتنە ناو ریزەکانی پۆلیسەوە، بەڵام لە زەمەنی ئێستادا کە پۆلیس باری باش نیە چەند دەست لە کار کێشانەوە هەیە. سەرەتا مرۆڤ پێش ئەوەی هەر بڕیارێك بدات دەبێ بیر بکاتەوە کە درۆ لەگەڵ خۆیدا نەکات، دواتر درۆ لەگەڵ حکومەت و یاساشدا نەکات، دەبێ حکومەتی هەرێم لەمەودوا بیر لەوە بکاتەوە کە خەڵکان پێش ئەوەی ببنە پۆلیس بپرسێ بۆ..؟ دواتر لە رێگەی زەمینە خۆشکردن بۆ گەشەکردنی ئاسۆی بیری پۆلیس کار بکات ئەم زەمینەیەش بەتەنها نارەخسێ بە دابینکردنی پارەو... هتد. ئەوەندەی بەوە دێتە ئاراوە کە لە پاڵ باشکردنی دەرەوەی پۆلیس گرنگی بە ناوەوەی بدرێ، بەو رۆحەی کە لەناویدا خەوی لێکەوتووە.



ئێمە پێش هەموو شتێك دەبێ ئەو رۆحە بەخەبەر بێنین کە رۆحێکی ژیان دۆست و جەنگاوەرە لە پێناوی ژیاندا، لە سالانی زوودا پێشمەرگە لە سەردەمی بەعسدا لەبەرئەوەی رۆحی لە خەو هەستابوو باکی بە هیچ شتێك نەبوو نەپارە، نە سەیارە، نە پلە....هتد. چونکە کاتێك رۆحێك هەیە کە رۆحی کوردە بەخەبەر دێ زۆربەی شتەکانی لا بچووك دەبنەوە، ئەوەش گۆڕان دەکات ئەمرۆ لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا، لە راستیدا مەدەنیەت و دیموکراسیەت نیە. ئەوەندەی قانوونی ئەو رۆحەیە کە لە مرۆڤدا تەجەلا دەبێ، چونکە ئەو رۆحە بۆخۆی واعیە بەخۆی وبە ئەویتر جا ئەم ئەویترە هەر شتێك بێ. ئێمە دەبێ پێش کوشتنی دوژمنەکانی خۆمان، خۆمان بکوژین، خۆمان بە مانای ئەو بیروباوەرو سیستەمانە بکوژین کە هی بێگانەن و ئێمە کاریان پێدەکەین.

لێرەدا زۆر گرنگە ئاماژە بە وتەیەکی سەرۆك مسعود بارزانی بکەم کەلە کۆنگرەی (١٢)ی پارتیدا وتی: (ئێمە دەبێ سیستەمی بیرکردنەوەمان بگۆڕین). لەراستیدا ئەم وتەیە شایەدی ئەوە دەدات کە ئەو سیستەمەی ئەمرۆ ئێمە کاری پێ دەکەین لە فەرمانگەو لە شوێنەکاندا سیستەمێکی تەواو عەرەبیە سیستەمێکە تەبا نابێتەوە لەگەڵ ئەخلاقیاتی کوردیدا، پێش ئەوەی ئەم سیستەمە فرێدەین دەبێ سیستەمەکەی دیکە کەشف بکەین، دەبێ وێنە راستەقینەکە بدۆزینەوە، چونکە بەبێ دۆزینەوەی ئەخلاقیاتە راستەقینەکە نەك ناتوانین ئەمە فرێدەین بەڵکو ئەوکاتە دەکەوینە ناو فەوزاوە، دەکەوینە ناو مەهزەلەیەکی گەلێك ئاڵۆزەوە، ئێمە کە توانیمان سیستەمە راستەقینەکە بدۆزینەوە، پێویست بە کوشتنی ئەوەیتر ناکات، چونکە ئەو لێرە بە ئاسایی خۆی لەناو



دەچێ. بەڵام ئێستا بەبێ ئەوەی هیچ شتێکمان کردبێ و هیچ لێکۆڵینەوەو کردەی پشکنینمان کردبێ، بڕیار بدەین، ئەو بڕیارە تەنها لەسەر کاغەز دەنوسرێ و گەرنا لە واقیعدا جێبەجێ نابێ.

پۆلیسی کۆمەڵایەتی لەو یادە نەتەرناکە کە هیچ زەمانەتێکی نیە، واتە جێگەی متمانە نیە، چونکە گەر کۆمەڵگا کەوتە بەرەی دژی حکومەتەوە ئەوکاتە پۆلیس دەبێتە ئۆپۆزسیون، لە شەڕی بەعس و میللەتی کورد، چونکە جاشەکان تەنها بەبێ سەروبەریی کرانە چەکدار لە راپەریندا ئەوان بوونەوە هێزێکی دژ بە حکومەت، کە حکومەتی بەعس بوو، ئەمرۆ خەڵك یا خود پۆلیس ئەوەی لە بیر کردووە کە حکومەتی کوردی ماڵی ئەوە، ئەو کاتێك بە خەم نیە بۆ حکومەتەکەی نازانێ ئارامی ماڵەکەی ئارامی حکومەتەکەشیەتی، دەبێ حکومەتیش بەو ئاراستە دابڕوات کە خەونی بنیاتنانەوەی ماڵی کوردی هەبێ، هەموو فەرمانبەرێك دواجار خزمەتکارێکە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئایا ئەم حەقیقەتە ئەمرۆ ون نەبووە؟ ئایا بۆچی تیرۆریست دەتوانێ کەسێك پەروەردە بکات خۆی بکوژێ، بۆچی حکومەت ناتوانێ پۆلیسێك پەروەردە بکات کە بە بێ مووچە ئامادەیی هەبێ کارو فەرمانەکانی خۆی بکات؟ ئایا چ لۆژیکێك لە پشت تیرۆریستەوە هەیە و چ لۆژیکێکیش لە پاڵ حکومەتدایە؟

ئایا کاری حکومەتی هەرێم پیرۆزتر و باشتر نیە ئەی باشە بۆ کەس نیە ئەم فکرە گەشە پێ بدات لە ناو فەرمانبەرەکانی خۆیدا، ئایا پاراستنی ئەمنی وڵات ژیاندۆستی نیە، ئەی باشە ئەم ژیاندۆستیە بۆ گۆڕاوە بە مەرگپەرستی؟ لە راستیدا دەزگا راگەیاندنەکان ئێستا بە چاوی رەخنەی رووخێنەر سەیری



ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆیان کردووە بۆ؟

١- لەبەرئەوەی هێزەکانی ناوخۆ بەرەو ئەوە دەڕوات کە حەقیقەتی تیا ون بێ.

٢- دەزگا راگەیاندنەکانیش کاتێك یاخود رۆشنبیرانی ئێمە لە رەخنە زیاتر هیچ زمانێکی دیکە نازانن بەرنامەیەکیان پێ نیە بۆ رێککردنی گەڕەکێك، جا چ جای شارو وەزارەت و حکومەتێك ئەمرۆ دەبێ لەپاڵ رەخنە و نارەزایدا کاتێك دەڵێین ئەم کارە وانیە دەبێت ئەوەشی لە پاڵدا باس بکەین کە کاری راستەقینە چیە و کامەیە.

### ٣) پۆلیسی سایکۆلۆژی:

دەبێ سەرەتا ئەوە بزانین کە سایکۆلۆژیا زانستی دەروونناسییە، دەروونیش بۆخۆی بەشێکە لە پێکهاتەی مرۆڤ. دەروون (سۆزو عاتیفە و غەریزەکان) بەشێکی گەورە پێکدەهێنن، ئەمانە بۆ خۆیان کاریگەری گەورەیان هەیە لە سەر مرۆڤ.

پۆلیسی سایکۆلۆژی، پۆلیسێکە کە بەردەوام لەناو سۆزو عاتیفەو غەریزەکان مامەڵە دەکات، چوونە ناو ئەم شتانەشەوە بۆ خۆی کێشەی گەورەی بەدواوەیە چونکە ئەوکاتە پۆلیس دەکەوێتە ژێر ئاراستەی ئەمانەوە، لە کاتێکدا پۆلیس خۆی ئەو هێزەیە کە پارێزگاری لە یاسا دەکات، بەڵام لەناو سایکۆلۆژیادا پۆلیس دەبێتە ئەو هێزەی ئارەزووەکانی خۆی تێر دەکات لە سەر حیسابی یاسا.

لێرەدا وردە وردە نزیك دەبینەوە لەوەی بگەینە ئەوەی پۆلیس چییە؟ چونکە بە بێ گەیشتن بەم جەوهەرە ناتوانین نزیك بینەوە لە ئەرك و مافەکانی پۆلیس. بۆیە هەموو جار ئەوانەش جیا دەکەینەوە کە پۆلیسی راستەقینە نین، بەڵکو بەرگێکن بۆ

شاردنەوەی (پۆلیس).
ئەمرۆ پۆلیس تەواو بەو ئاقارەدا رۆیشتووە کە هیچ یەکێك لە تاکەکانی کۆمەڵگا متمانەی نیە بە پۆلیس، تەنانەت تا ئیستا زۆربەی خێزانەکان زۆر بە ناشیاوی دەزانن کە ئافرەتێکیان بچێتە بنکەی پۆلیس، جا بۆ هەر کارێك بێ! هەموو ئەمانە دەگەرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان پۆلیس نین و بە ناوی پۆلیس و بەرگی پۆلیسەوە شۆین بەرژەوەندیە غەریزی و عاتفیەکانی خۆیان دەکەون.
لەلایەکی دیکە، ئەمجۆرە پۆلیسە خزمەت دەکات بە سلکی پۆلیس، بەڵام خزمەتێکی نادروست! چونکە پێشتر ئەوەمان روونکردەوە کە پۆلیسی سایکۆلۆژی زۆر بە کاردانەوە ئیش دەکات یان کاتێك کۆمەڵگا شتێکی لێدەکات ئیتر ئەو لە شۆینی خۆی هەموو کۆمەڵگا دەخاتە ناو ئەزیەت و نادروستیەوە.
کێشەی ئەمجۆرە پۆلیسە ئەوەیە خۆی لێدەبێ بە یاسا، وادەزانێ ئەو یاسایە، بەڵام (پۆلیس) خۆی یەکسان نیە بە یاسا، چونکە (یاسا) کەس نیە بەڵکو کۆمەڵیك پرەنسیپی ئەخلاقی مرۆیانەیە، کە مافی مافخوراو دەپارێزێ و سنور بۆ ئەوەش دادەنێ کەماف دەخوات لێرەدا دەبێ باشتر روون بکەینەوە کە ئەم پۆلیسە کاری بۆ خۆیەتی نەك بۆ پاریزگاری یاسا، دەبێ ئەوەش بزانین یاسا بریتی نیە لە وەزیر یا خود لە بەرێوەبەری پۆلیس، بەڵکو ئەویش وەك پۆلیس کاری پارێزگاریکردنی یاسایە لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمەڵگادا، بەڵام ئەو لە شوێنێکەوە خزمەت دەکات پۆلیس لە شوێنێکی دیکەوە، کێشەی ئەم جۆرە عەقڵە یا خود ئەم کەسانە ئەوەیە کاتێك دەبنە بەرپرس لە شتێ خۆیان لێدەبێ بە شتەکە.
بۆ نمونە سەدام وایدەزانی عیراقماڵی ئەوە، بۆیە ئەو کاری

نەدەکرد لە سەر ئەوەی کە خزمەت بە خەڵك بکات، بەڵکو بەوە پارێزگاری لە عێراق دەکرد وایدەزانی عێراقماڵی خۆیەتی، بۆیە کورو کچەکانی و خزمەکانی کرد بووە هەموو شتێك، یاخود ئەمرۆ لە ناو رۆشنبیری کوردیدا گروپێك دروست دەبن باس لە دیموکراسی یاخود لە ئیسلام دەکەن، کێشەی ئەمانە ئەوەیە خویان لێدەبێتە دیموکراسی یا خود ئیسلام، لە کاتێکدا ئەمانە بریتی نین لە کەس چونکە کاتێك (پۆلیس) خۆی لێدەبێتە حکومەت یا یاسا ئیتر وادەزانێ کە هەر شتێك لە بەرژەوەندی خۆی کرد لە بەرژەوندی حکومەتیشدایە. یان بە خزمەتکردنی وادەزانێ خزمەت بە حکومەت یا خود بە گەل دەکات.

ئەم پۆلیسە لەوێدا خەتەرە کە بەردەوام مامەڵە لەگەڵ بەرامبەر دەکات وەك یەکێك لە خوارتری خۆی، پێویستە ئەم پۆلیسە بناسینەوە کە کارێك دەکەوێتە ژێر فەرمانەکانی(غەریزە و سۆزی عاتیفەوە) چونکە پێدەچێ کابرایەکی تومەتبار لە سەر خانوو، کرێچیە، پۆلیس کە لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکات خۆشی کرێچیە، لێرەدا توشی حاڵەتی (وێکچون) دێ و وا مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە هاوخەمیەتی لە کاتێکدا ئەو تومەتبارە نەك کرێچی! کێشەی ئەم پۆلیسە ئەوەیە وەعی نیە بە خۆی و بە کارەکەی، نازانێ بۆچی دەبێت بە پۆلیس ؟ کۆمەڵگا چیە؟ مافی ئەویش چیە؟

لە کاتێکدا ئەمانە شتانێکی زۆر فکری قووڵ نین، بەڵکو شتانێکی زۆر وردن، کە هەموو رۆژێك پیاوانی پۆلیس رووبەرووی دەبنەوە، ئایا مەعریفە پەیداکردن بەم شتانە لە بەرژەوەندی یاساو حکومەت و کۆمەڵاتیە ؟ ئایا ئێستا چ لە کۆلێژی پۆلیس چ لە ناو دەزگاکانی پۆلیس؟ مەشقی هۆشەکی ئەنجام دەدرێن بۆ



پۆلیس؟ لەکاتێکدا پێش پێشکنینی جەستەو باڵاو ئەم شتانە زۆر گرنگە کە تەواو جەخت لە سەر لایەنی عەقڵی بکەنەوە.
ئەم لێکۆڵینەوەیەش تەنها هەوڵێکی زۆر بچوکە بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایە و بەس، کە لە خەمی هەمووماندایە، ئێمە دەبێ پەروەردەیەکی باشمان هەبێ ئینجا دەتوانین یەکێك بکەینە پۆلیس، چونکە پۆلیسبوون هەروا سانا نیە، ئەوەندەی پێدانی بەر پرسیاریەتیە لەسەر ئەمنیەت و ئاسایش و پاراستنی بەرژەوەندی گەل.
ئەمرۆ گەر سەیری ناو دەزگاکانی راگەیاندن بکەین زۆرترین قسە لەسەر گەندەڵی دەکرێ بەڵام بە تەنها یەکجار باس لە چارەسەریەکانی گەندەڵی ناکرێ، خۆ ئەو چارەسەریانەش کە دادەنرێ شتانێکن لە دەرەوەی مرۆڤن، یان بۆ نمونە دەڵێن گۆڕینی کلتورو بەرنامەو زیادکردنی مووچە... هتد.
ئەم چارەسەرانە بەشەکین، ئەوەی چارەسەری سەرەکیە ئێمە بگەڕێنەوە ناو مرۆڤەکان، لە ناو مرۆڤەکان دەست بە نەهێشتنی گەندڵی و نا بەرپرسیاریەتی بکەین چونکە وەك پێشتر باسمان کرد ئەوەی کاری گەندەڵی دەکات وابەستەیە بەو فەزاو بیرو باوەڕانەی ئەو کەسەوە کە لەسەری دەڕوات، ئێمە کەی توانیمان لەناو ئەو کەسەدا ئەو ئایدۆلۆژیایە تێك بشکێنین و وای لێبکەین خۆی بیر بکەوێتەوە، ئەو کاتە ئومێدی ئەوە هەیە کە چارەسەری بنەڕەتی بکرێ بەڵام بە گۆڕینی بەڕێوەبەرێك بۆئەوەیە لە بەر خاتری کەس..ەتی خۆی کۆمەڵە کارێك دەکات بەڵام دواجار هەمان بێتاقەتی . ەمان گەندەڵی سەر هەڵدەداتەوە. بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەستمان کرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر جۆری عەقڵەکان و دواتر جیاکردنەوەی پۆلیسەکان لەسەر ئەم بنەمایانە.



بۆ گەیشتن بە ماناکانی پۆلیس یاخود ناسینەوەی پۆلیسی ڕاستەقینە دەبێ شەبەحەکانی پۆلیس دیاری بکەین، چونکە زۆرجار ئەم سێبەرانە دەبنە مەرجی پۆلیس لە کاتێکدا خۆی پێویستی بە پەروەردە هەیە. پۆلیسی سایکۆلۆژی زۆر هەوڵی خۆ دەرهێنانیەتی، دەیەوێ پیشانی دەوروبەری خۆی بدات کە ئەو دڵسۆزە، واتە هەموو خزمەت و ئیشکردنی ئەم بۆ بەرژەوەندی گەل نیە، بەڵکو بۆ ئافەرینی سەرو خۆیەتی یان لەبەر چەپڵەی سەروی خۆی یاخود لە ترسی سزاکان کار دەکات، لێرەدا بنەما ئەساسیەکە ون دەبێ ئەوەش خزمەتکردنە بە گەل و بە خاك.

ئەمڕۆ دیاردەی تیرۆر لە جیهاندا ئەوەندەی بۆ ئەوەیە کە لە ڕێگەی دوژمنەکانی خۆیەوە خۆی دەربخات ئەوەندە بزوتنەوەیەکی خاوەن تەرح نیە کە سیستەمێك و جۆرێکی دیکەی لە ژیان لابێ بەڵکو ئەوە دەبێ خۆی دەربخات یان خۆی ببێتە ئەمریکا.

کێشەی پۆلیسی سایکۆلۆژی ئەوەیە ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکات بۆ نمونە (تیرۆر) دێ لە دەرەوەی تێرۆر کار دەکات یان شەر لەگەڵ دەرکەوتنەوەی تیرۆر دەکات، نەك شەڕ لەگەڵ فکری تیرۆر بکات، چونکە ئەوەی تیرۆر دەبات بەڕێوە (فکر)ە نەك چەکی ئەتۆم و دەسەڵات، ئێمە کەی توانیمان ئەو فکرە (مەرگدۆستیە) بشکێنین، ئەوکات دەتوانین (تیرۆر) لاواز بکەین و( تیرۆریستیش) وا لێبکەی دوو دڵ بێ لەوەی لەناو مەرگی خۆیدا ژیان بدۆزێتەوە، بەڵام ئەمجۆرە پۆلیسە لەبەرئەوەی خۆی هیچ مەعریفەیەکی نیە بە خۆی و بە کارەکەی، نەك توانای ئەم کارەی نیە بەڵکو ئامادەش نیە بیکات بەڵکو جێی گومانیشە کە خۆی نەبێتە تیرۆریست.

دەبێ حکومەتیش هاوکاری پۆلیس بێ لەم بارەدا زەمینەیەکی

باشی بۆ بڕەخسێنی، وای لێبکات کە ماڵی پۆلیس خاڵی بێ لە شەڕ واتە پۆلیسێك خۆی خاوەن کێشە بێ جا ماددی بێ یاخود دەروونی ناتوانێ بێتە دەرەوە شەڕ بۆ گەل و بەرژەوەندی گشتی بکات، دەبێ حکومەت پەروەردەیەکی وای پۆلیس بکات کە ببێتە باوکی کۆمەڵگا نەك خۆی ببێتە عیللەتی کۆمەڵ، چونکە یەکێك لە کارەکانی پۆلیس قەڵاچۆکردنی ئەو عیللەتانەیە کە روو دەکەنە کۆمەڵگا، ئەم فیکرەش راستی بە دەرکردنی بڕیارێك نایەتە ئاراوە، واتە بڕیارێك دەربکرێ ئەوەی بەرتیل وەر بگرێ وای لیدەکرێ و وا سزا دەدرێ، ئێمە دەمانەوێ خاوەن پاسەوانێك بین بە بێ سزاو چاودێرو بەرپرس کاری خۆی بکات دوور لە هیچ بەرژەوەندی کەسی. ئەمەش بەوە دەبێ زەمینەسازی بە یارمەتی کەسانی پسپۆرو شارەزا پۆلیس ببرێتە ئەو شوێنەی کە بڕیاری ئەوە دەدات کە بەرتیل وەر بگرێ لەوێدا (لەناو خۆیدا) هەست بەو تاوانە گەورەیە دەکات کە چیە ئەوکاتە دەتوانین ناوی بنێین (چاکسازی)، جا هەر ناوێکی لێدەنێ کێشە نیە کێشە ئەوەیە تۆ وا لە پۆلیس دەکەی خۆی بیر بکەوێتەوە.

### ٤) پۆلیسی پەتی:

لە بەشەکانی پێشوودا تارادەیەك توانیمان لەناو مرۆڤدا چەند بەشێك دیاری بکەین، یەکەمیان (جەستە) کە پۆلیسی کۆمەڵایەتی تیادا دیاریکرا، دووەم دەروون (نفس) کە لەناو جیهانی سایکۆلۆژیادا ڕێزبەندیان کرد، بەڵام مرۆڤ بەوەندە کوتایی نایەت، بەڵکو شتێکی دیکە ماوە کە بۆ خۆی رۆحی مرۆڤە بە مانای عەقڵ دێ، مرۆڤیش بەوە لە گیانلەبەرانی دیکە جیاواز دەکەینەوە کە خاوەنی (عەقڵ)ە واتە بیر دەکاتەوە بەڵام ئەم عەقڵە دەبێت بجولێنرێ، گەرنا مرۆڤ تەنها لەناو ئەو

هەموو بەشەی خۆیدا دەژیت یان بۆ تێرکردنی جەستە و دەروون لە (خواردن، وەرزش... هتد) دەروونیش بەردەوام بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێ کەوا ئارام بێتەوە. دوور بکەوێتەوە لەو شەڕەی بۆی دروست دەبێ، چونکە مرۆڤ لە ناوخۆدا توخمی خراپەی تیا نیە واتە شەڕانگێزی، بەڵام کاتێك دێتە ناو کۆمەڵگاوە تووشی حەق و ناحەق و مافخواردن دەبێ واتە دەرەوە وای لێدەکات کە بەردەوام لە شەڕدا بێ بۆ پاراستنی خۆی چونکە سایکۆلۆژیا بە بێ بوونی ئەویتر مانای نیە، ئەمانەمان زیاتر دابەشکرد بە سەر جۆرەکانی تری پۆلیسدا نەك بە (عەقڵ) پۆلیسی زانستی بە (خەیاڵ) شتەکان دەکات نەك بە(عەقڵ) لەوێدا کێشە هەیە کە بیرو بۆچۆنی خۆی بە (مەعریفە) یاخود (بەحەقیقەت) دەزانێ، واتە وێنەکانی مێشکی خۆی فەرز دەکات بە سەر شتەکاندا، بەڵام پۆلیسی پەتی کە لێرەدا دەکەوێتە بەرپرسیارە سەرەکیەکەمان کە ئەویش (پۆلیس) چییە؟

ئێمە رێگەیەکی زۆر دوورمان بڕیوە تا بتوانین ئەم پرسیارە بکەین، بۆیە دەبێ لێرەدا زۆر بە ئاگابین لە خۆمان، سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین پۆلیس وەك ئەوەی خۆی لەناو خۆیدا هەیە ئەوەیە پارێزگاری لە یاسا بکات یا خود یاسا بەرقەرار بکات یاساش بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە کۆمەڵگا لە باری سروشتی خۆیدا بژێت واتە یەکسانی و دادپەروەری، گەر بێت و رێگە کە کورت بکەینەوە، پۆلیس ئەو هێزەیە کە دادپەروەری دەپارێزێ لە کۆمەڵدا، کەواتە پۆلیس چۆن کاردەکات لەم بارەدا، لە راستیدا دەبێ وەها کار بکات کە لە پێناوی دادپەروەریدا بجەنگێ نەك بەرژەوەندیتر (کەس،خزم،...هتد.)

لێرەدا زۆر گرنگە ئێمە دوو شت لە یەکتر جیا بکەینەوە:

١- لە خزمەتی حەقیقەتدا:

وتمان حەقیقەتی پۆلیس دادپەروەرییە، ئەم حەقیقەتەش راستی خزمەتکردنی دەوێ یان دەبێ حەقیقەت خزمەت بکرێ واتە پۆلیس لە رێگەی مەسلەك و بنکەکانی خۆیەوە خزمەت بکات.

ئایا بۆ ناسینەوەی حەقیقەت پێویستیمان بە پۆلیسێك نیە کە خاوەنی عەقلێکی گەورە بێ تا بتوانێ دادپەروەری بەرقەرار بکات؟ لە نێوان شەڕو کێشەی خەڵکاندا؟ چونکە راستی (شەڕ و کێشەکان) بەردەوام دەگەڕێن و لە گۆڕاندان و حەقیقەتیش ناکرێتە یاساو کۆنکرێت بکرێ، چونکە کۆنکرێت کردنی یاسا، لێدانە لە یاسا خۆی بۆ نمونە:

مادەی کوشتنی بە ئەنقەست (٤٠٦) لە یاسای سزاداندا گەر پرسیارێك بکەین ئایا ئەم یاسایە چۆن دروست بووە؟ سەرەتا رووداوێکی کوشتن روویداوە لە ئەنجامدا دووبارە بۆتەوە بوئەوەی ئەم رووداوە روونەداتەوە ناچار بوون یاسایەك دابنێن بۆ نەهێشتنی ئەم تاوانە، ئەمەش(٤٠٦) بەڵام ئایا هەموو کوشتنێك تاوانە، واتە کێشەی یاسا لێرەدا ئەوەیە لە مادده یاساییەکەوە سەیری رووداوەکان دەکات نەك لە رووداوەکانەوە سەیری ئەگەرەکانی یاسا بکات، چونکە پێشمەرگە خۆ پیاوی دەکوشت واتە جەلاد بووە، بەڵام ئایا چەند پیرۆز بوو! واتە ئێمەش بۆ هەبوونی یاسایەك پێویستمان بە پۆلیسی بیرکەرەوە هەیە، پۆلیسێك کە بەپێی شتەکان هەڵسوکەوت بکات نەك بە پێی رای خۆی، لێرەدا دەبێت ئەوە روون بکەینەوە.

حەقیقەتی شتەکان لەناو خۆیاندا نەك لە لای ئێمەوە، بۆ نمونە هاوکێشەیەکت هەیە بە ناوی(س)، تۆش(ێ)، ئایا حەقیقەتی

(یێ) له ناو(س) دایه یان (یێ)؟ بێگومان لەناو (س)دا که خۆیەتی لەم بارەدا، دەکەوینە ژێر خزمەتی شتەکانەوە بۆ نمونە مەلا مستەفا شتێك هەبوو لای ئەو کە (قەزییەی کوردی بوو. مەلا مستەفا لە ڕێی کوردەوە خۆی دەوڵەمەند نەکرد، بیناو ئەم شتانەی پێ نەکڕی، نەخێر مەلامستەفا خۆی لە خزمەتی کورددا بووە، نەك کورد یان کێشەکە بباتە ژێر خزمەتی خۆیەوە، لەم بارەدا هەم(قەزییەی)کوردی چووە پێش هەم خۆشی وەك رابەرێکی رۆحی لە ناو دڵی میللەتا ئەژێت.

٢- بەڵام کاتێك حەقیقەت دەخەینە خزمەتی خۆمانەوە ئەو کاتە هەم حەقیقەت بزر دەبێ هەم خۆشمان دەکەوینە بەر نەفرەتی دادپەروەری خەڵك، یان پۆلیس کاتێك (پۆلیسی) دەخاتە ژێر خزمەتی خۆیەوە مامەڵەی پێدەکات ئەمنیەت و ناوبانگ بۆ خۆی پێ زیاد دەکات، ئەو کاتە (پۆلیس) وەك حەقیقەتێك ریسوا دەبێ و خۆشی وەك کەفی سەر دەریا دەڕوات.

ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئەوەیە پۆلیس پەتی بۆخۆی ئیش ناکات، بەڵکو بۆ قەزیەیەك ئیش دەکات کە گەورەترە لە خۆی.

لەم بارەدا گەر (پۆلیس) بریتی بێ لە حیکایەتێك ئەوا پۆلیس وەك پاڵەوان دەبێ، بەڵام ئەوەی گرنگە پاڵەوانەکان نیە بەڵکو حیکایەتەکەیە، واتە دەبێ پاڵەوانەکان خزمەتی حیکایەتەکە بکەن نەك حیکایەتەکە بخرێتە ژێر خزمەتی پاڵەوانەکانەوە.

مەلا مستەفا یەکێك بوو لە پاڵەوانەکانی حیکایەتی کورد، ئەو پیاوە خزمەتکاری ئەم حیکایەتە بووە نەك بەم حیکایەتەوە خزمەت بە خۆی بکات، ئەوانەی لە خزمەتی حەقیقەتدان دواجار ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە کە بژین، بەڵام ئەوانەی کە کاسبی بە شتەکانەوە دەکەن لەوەختی ژیانیشدا مردوون. خۆ گەر ئەمڕۆ سەیری ناو



وەزعی پۆلیس بکەین زۆر بە ئاسانی دەتوانین شتەکان جیا بکەینەوە دەزانین کێ بە مەسەلەکە دەیەوێ ناوو شۆرەت و ..... هتد ئەم شتانە بۆ خۆی دەستە بەر دەکات، ئەوەی کێشەی ناوەتەوە ئەو (عەقڵەیە) کە لەسەر بنەمای شتانێك کار دەکات کە بنەما نین، ئەوەی وا دەکات گەشە روونەدات و گۆڕانێکی جەوهەری روو نەدات، راستی غیابی ئەم پۆلیسەیە لەناو مەسەلەکەدا بەڵکو غیابی ئەو رۆحەیە کە شوێنەکان ئاوەدان دەکات، مەلا مستەفا لەبەرئەوەی خاوەنی عەقڵێکی گەورە بوو، قەزییەی کوردی بردەپێش، بەڵام ئەمرۆ سەیر دەکەین کە خەڵکانی ئێمە بە قەزیەکە خۆی دەباتە پێشەوە، بۆیە لە گەڵ گۆڕانی دەم و چاوەکان و نۆژەنکردنەوەی خانوەکاندا، یاریەکە هەر هەمان یاری جارانە، ئەوەی ئەمرۆ ئاسەواری نیە لە ناو کارمەندانی پۆلیسدا (قەزییەی کوردییە)، ئێمە بە سیستەمەکی نوسراو کار دەکەین نەك بە بەرژەوەندییەکانی گەل، خۆ ئەگەر چی سیستەمێکە وا دانراوە کە خزمەتی خەڵك بکات، بەڵام کێشەی پۆلیس ئەوەیە سیستەمی سەربازی ئێمە سیستەمێکە کوردی نیە، بەڵکو سیستەمێکە بۆمان هاتووە لە ئەوروپاوە، لە کاتێکدا لەوێ فرێدراوە ئێمە بەوە نابینە مەدەنی. لە ئەوروپاوە (چەمك) وەربگرین و کاری پێبکەین، بەوە دەبینە ژیاندۆست و مرۆڤدۆست ئەو ئەخلاقیاتە زیندو بکەینەوە. کە لە نێوان مەلا مستەفا و هاوڵاتیاندا هەبوو، نەك سەدام و دارو دەستەکەی، پرسیارێك لێرەدا دێتەپێشەوە ئایا گەر گەراین و سەیرمان کرد هەموو پۆلیسەکانی ناو حکومەتمان بریتی لە (زانستی و کۆمەڵایەتی، سایکۆلۆژی) ئایا چی بکەین؟ هەروا دانیشین و تەواو؟

لەراستیدا لەبەرئەوەی ئێمە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکەین رێگەی

رزگار بوون زۆره، چونکه مرۆڤ لەناو خۆیدا خاوەنی (عەقڵ)ە توانای ئەوەی هەیە کە بیر بکاتەوە بەڵام دەبێ ئێمە زەمینەی بۆ ساز بکەین هەروەکو منداڵ کاتێك ئێمە منداڵێك دەبینین سەیر دەکەین دوای گەورە بوونی ئەو هەموو توانایەی لە خۆیدا لە کوێ بووە کە ئەوها گەشەی کرد، بەڵام دەبێ ئێمە زەمینە بۆئەم مناڵە بسازێنین تا گەشە بکات، چونکە گەر زەمینەی بۆ ساز نەکرێ ئەو توانایانەی کە تێدایە وەك (گەورەبوون وکشانی دەست و لاقەکان) کوێر دەبێ، یان لێرەدا ئەوەنیە بڵێین چارەسەر نیە و تەواو، نەخێر ئێمە لەگەڵ ئەو شتانەی کە ساز دەبێ بۆ پۆلیسەکان پێویستمان بە مەشقی عەقڵیە، ئەمەش راستی دوو سیستەم هەیە کە دەبێ زۆر وریای بین:

**١- سیستەمی لاساییکردنەوە:**

ئەم سیستەمە ئەوەیە ئەمرۆ لە ناو زانکۆو کۆلێژەکاندا پەیرەو دەکرێ، کۆمەڵێك بابەت دیاریکراون و قوتابی تیایدا بە تەنها لەبەر دەکات، واتە چەندە توانای ئەوەی هەبێ کە ئەو زانستە وەربگرێ، دوایش بە هەمان شێواز بیداتەوە، لەم بارەدا (عەقڵ)ی قوتابی غائیبە، بەڵکو ئەوەی گرنگە لە ناو ئەم سیستەمەدا زاکیرەیە واتە زاکیرەی چەندە باشە، ئەوەندە ئەو سەرکەوتووە، گەر سەیری خۆمان بکەی، کۆلێژمان تەواو کردووە کەچی هەروەك خۆمان ماوین، هەمووومان دەتوانین ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین چی فێر بووین؟

یان چ شتێك لە سەر خۆمان فێر بووین کە هەست بکەین گۆڕاوین، راستی سیستەمی لاساییکردنەوە نە مامۆستا نە قوتابی تیایدا کارا نیە بەڵکو کارتێکراون بەو زانست و ماوەیەی بۆیان دانراوە، بە مەرجێك گەر قوتابی ئامادەش نەبێ لە ناو

دەرسدا ئەوا خۆی دەتوانی لە ڕێگەی (مەلزەمە) لەبەری بکات و دەربچێ، بۆیە بەمجۆرە لەو سیستەمە ڕزگارمان نابێ، بەڵکو پێویستمان بە جۆرێکی دیکە لە سیستەمە کە ئەویش سیستەمی بیرکردنەوەیە.

## ٢- سیستەمی بیرکردنەوە:

سیستەمی بیرکردنەوە (عەقڵ) تیایدا کارایە، واتە مرۆڤەکان ئارگۆمێنت تیادا و زانستەکان ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە بۆ ناو کەسەکان، لێرەدا زۆر گرنگە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ ئەو خول و کارانەی تردا لە ڕێگەی وۆرك شۆپی تایبەت، بە زانستەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی و تەنانەت (فەلسەفەش بخوێنرێ، چونکە ئەم زانستانە ڕاستەوخۆ وابەستەن بە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە، هەتا ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن کادری باش بین، کادرێك کە خۆی بێ و گۆڕان لە سەر دەستی ڕوویدات، ئەمەش بە تەنها پۆلیس خۆی ناکرێ بەڵکو حکومەت دەبێ هەرچی زووە پۆلیس لەو قەیرانە ڕزگار بکات، سەرەتا لە ماڵی پۆلیسەوە دەست پێبکات، واتە شەڕ لەناو ماڵی پۆلیسدا نەهێڵێ، ئەوجا پۆلیس ئامادە بکات بە عەقڵێکی ساغ و بیرکەرەوە بۆ شەڕەکانی دەرەوە، چونکە ئەوەمان لە بیر بێ ئەوەی شەڕ لە ماڵەکەی خۆیدا بێت ناتوانێ بێتە دەرەوە بۆ شەڕ، ئەوەی خۆی لە ناو مەیدانی دەروونی و نەخۆشی سایکۆلۆژیدا بژیت، ئەوەی خۆی وەعی نەبێ بە خۆی، ناتوانێ وەعی بێ بە دەوروبەرەکەی، ئەوەی خۆی مەعریفەیەکی ڕاست و دروستی لەسەر خۆی نەبێ، ناتوانێ مەعریفەی ڕاست و دروستی لەسەر بەرامبەر هەبێ.



بەشی سێیەم :

# میکانیزمەکانی ئیشکردنی پۆلیس

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین چۆنیەتی کارکردنی ئەم عەقڵانە بەرجەستە بکەین بۆئەوەی راستیەکان روونتر بێتەوە چونکە ئێمە لە ڕێگەی زانینی ئەو پرنسیپانەوە کە پۆلیسەکان کاری پێدەکەن دەتوانین تارادەیەك پۆلیس نیشانی خۆی بدەین. واتە وای لێ بکەین خۆی ببینی و لەرێگەی ئەم درککردنە بە خۆیەوە ئامادەبێ گەر هەڵە بوو ئەو بنەمایانە تێك پشکێنێ کە پێشتر کاری لە سەر کردوون. خۆ گەر ڕاستی بێ ئەوا لە رێگەی ئەم جۆرە لەمەعریفەوە بە خودی خۆی بتوانێ لە ئاڕاستەکردنی خۆیدا وریا بێ و نەکەوێتە ژێر ئاراستەی هێزی ترەوە دیارە لێرەشدا بەش بەشی پۆلیسەکان وەردەگرین و لە ڕیگەی چۆنیەتی عەقڵەکانیانەوە هەوڵدەدەین جەوهەری کارەکانیان دەر بهێنین. ئەوەشی نیشان دەدرێ دیارە ئەوەندەیە کە ئێمە درکمان پێکردووە، نەك هەمووی.

## ١- چۆنیەتی ئیشکردنی پۆلیسی ئامێرسازی:

سەرەتا ئاماژەمان بە پۆلیسی ئامێریی کرد کە بە عەقڵی خۆی کار دەکات یانی راو بۆچوونە کەسییەکانی خۆی ساغ دەکاتەوە بە سەر حەقیقەتی شتەکاندا. چونکە کێشەی (١/٧) ئەوەیە، خۆ گەر ڕاستیش بێ هەمیشە بەشێکی ئەو شتە دەبینێ و نابێتە مەعریفەیەکی تەواو بۆنمونە:

بەڕێوەبەرێك ڕای وایە (س) کارمەندێکی خراپە بۆ؟ لەبەر ئەوەی چەندین جار رووبەڕوی بۆتەوە لەو کاتانەدا کە کارێکی بە نیوە ناچڵی کردووە ئیتر لەلای ئەم بەڕێوەبەرە کە خۆی پۆلیسێکی ئامێرییە ئەم ڕایەی خۆی فەرز دەکات بەسەر (س) داو هەموو لایەنە باشەکانی دەسڕێتەوە لە کاتێکدا (س) لایەنی باشیشی هەیە. کێشەی ئەمجۆرە لە میکانیزم ئەوەیە ئامادەنیە دەستبەرداری (ڕای) خۆی بێ گەر بشزانێ هەڵەیە.

یاخود کاتێك پۆلیسێك لێکۆڵینەوە لەگەڵ تۆمەتبارێك دەکات ئاسایی ئەوەی کارەکەشی ئەنجام نەدابێ کە دەچێتە بەردەم هێزی لێکۆڵینەوە دەترسێ. کاتێك ئەم پۆلیسە دێ بەڕای ئەو ئەمە تۆمەتبارەکەیە دێ و ئەم وێنەیەی مێشکی خۆی فەرز دەکات بەسەر ئەو کەسەدا لە کاتێکدا ئەو کەسە تاوانبارە کە نیە بۆیە لێرەدا چی ون دەبێ؟ ڕاستیەك هەیە ون دەبێ ئەویش تاوانباری حەقیقیيە؟ لەناو ئەم جۆرە کارکردنەدا هەر هەڵەیەك بە چەندین هەڵە دەکەوێتەوە.

بو نمونە:

س: گومانلێکراو، ێ: تۆمەتبار

ع: پۆلیسی لێکۆڵەر لە جۆری (ئامێری)

ن: رووداوەکە کە کوشتنە (٤٠٦)



(س) پێشتر تاوانبار بووە بەپێی ماددەی(٤١٣) لە (ی. س) لێرەدا (ع) وێنەیەکی (س)ی وەرگرتووە بەوەی کەسێکی شەڕانیە کە ڕەنگە پێشتر ناچار کرابێ شەڕبکات و لە خەڵك بدات کاتێك (ع) جارێکیتر (س) دێتەوە بەردەمی لە ڕووداوێکی تردا بێ ئەوەی هیچ لێکۆڵێنەوە یا خود وردبینی بکات، دێ ئەو (تیۆرانە) کە بۆی دروست بووە لەسەر (س) خێرا لە هەمان ڕووداودا دەیچەسپێنێ بەسەر (س)داو تۆمەتباری ڕاستەقینەکە کە(ێ )یە لە یاد دەکات، لێرەدا یەك هەڵە چەندین هەڵەی تری لێ دەبێتەوە

*کەسێکی بێ بەری کردە تۆمەتبار.

* تۆمەتبارێکی کردە کەسێکی بێبەری.

*حەقیقەتی ڕووداوێك هەبوو شیواندی کێشەی ئەمجۆرە لە ئیش ئەوەیە، یاخود لەم (پۆلیسە) ئەوەیە دەستبەرداری ئەو بیرو باوەڕانەی نابێ لە سەر شتەکان، بۆ نمونە کاتێك پێی دەڵێ بۆچی لە تومەتبار دەدەی، یاخود بۆچی زۆر خراپی لەگەڵ خەڵك؟ ئەو وەڵامی ئەوەیە (خەڵك منەتی بە پۆلیس نیە، جا با تا لە بەردەستمانن ئەزیەتیان بدەین).

یان کێشەی ئەم عەقڵە ئەوەیە لە کارکردندا ڕاکانی خۆی ساغ دەکاتەوە بە سەر شتەکاندا، بۆیە بەردەوام کەسێك دانراوە ئامادەگی نیە بۆ گۆڕان بەردەوام لەسەر بیروباوەرەکانی خۆی بەردەوام دەبێ و ئامادەشە شەڕیان لەپێناودا بکات هەروەکو زانست، زانست کاتێك مامەڵە لەگەڵ سروشت دەکات وەك کەرەستەیەك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، واتە زانست پێشتر بیری کردۆتەوە داری ئەو وێنەیەی کە لای خۆیەتی پێویستی خۆی پێیە بۆ ئەوەی بیکاتە کورسی، نایەت لە حەقیقەتی (درەخت) بپرسێ



یاخود سروشت چییە؟ لە چی دروست بووە بۆیە دەیسەپێنی بە سەر سروشتدا؟ لەکاتیکدا حەقیقەتی (درەخت) کورسی نیە یاخود سروشت ئەوە نیە کە زانست بۆ مانی ئامادە دەکات، راستە لە ماوەیەکدا ئێمە دەکەوینە ناو ئارامی و ئاسانکارییەوە بەڵام لە شوێنێکی دیکەوە سروشت فێل لە مرۆڤ دەکات، یان لە بەر ئەوەی مرۆڤ فێلی لە سروشت کرد بەکاری هێنا وەك بابەت، سروشتیش حەقی خۆی دەکاتەوە یان خۆی دەدزێتەوە لە مرۆڤ، بەوەی لە ناکاو (بومەلەرزە و توفان و.....هتد) دێ و هەموو شتەکان دەروخینێ بە سەر یەکتردا، تەنانەت ئەم میکانیزمە ئیشکردنە ئەمرۆ هاتۆتە ناو دەزگاکانی ئەمن و پاراستنەوە کاتێك وا مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکەن وەك کەرەستەو ئالەتێك بە کاری دێنین بۆ خۆیان، بێ ئاگان لەوەی ئەم کەسە هەتا شوێنێك دێ لە شوێنێکدا هەموو ئەوانەی کردوویەتی هەڵی دەوەشینێتەوە، یاخود سەیرکردنی (ئەرکی پۆلیس) وەك (ئیش) یان وەك (پارە پەیداکردن....) یانیش هەمووی دەچنە ناو قاڵبی ئەمجۆرە ئیشە.

ئەم پۆلیسانە بە دوو شیواز کار دەکەن:

أ: قەراری پێشوەختە بەسەر شتەکاندا: واتە هەر بەو بیروباوەڕە کۆنانە کار دەکات کە لە کۆنەوە بۆی دروست بووە، یاخود پێش ئەوەی لێکۆڵینەوە لە کێشەکان بکات بریار دەدات.

ب: بیرکردنەوە تەنها بە مێشکی خۆی: ئەمەش دەچێتە ناو قاڵبی (ڕا)وە کە تەنها بە رای خۆی کاردەکات و بەس هیچ ئەرزشێك بۆ لایەنەکانی دیکەو کەسانی دیکە دانانێ.



## ٢- چۆنیەتی ئیشکردنی پۆلیسی کۆمەڵایەتی:

بۆ خۆی پۆلیسی کۆمەڵایەتی هەر لە سەرەتاوە هێزی بڕیاردانی بونە پۆلیس خۆی نیە، بەڵکو کۆمەڵگایە، چونکە سەرەتا کۆمەڵگا وێنەیەکی هەیە بەرامبەر بە پۆلیس ئەو وێنەیە لەناو کۆمەڵگادا زۆر جێگەی ڕەزامەندی بووە، ئیتر ئەو کەسە دێ لە سەر بنەمای ئەم وێنەیە دەبێتە پۆلیس، پۆلیسی کۆمەڵایەتی بە شیوازێك کار دەکات کە هەمیشە تەماس بێ لەگەڵ کۆمەڵدا.

بەردەوام چاودێری کۆمەڵگا دەکات کەچی لەناو کۆمەڵدا زۆر بە ڕەواجە و جێگەی باسە، ئەو دێ لەپێناو ئەم شتاندا قوربانی دەدات. واتە ئەمڕۆ کەسایەتی بۆتە خاوەنی سەیارەو مۆبایلێکی ئاخر مۆدیل، ئەوانەی ئەمڕۆ ئەم شتانەی هەبێ لەناو کۆمەڵدا خاوەن شەخسیەتە و بە ناوبانگە.

کێشەی ئەم پۆلیسە ئەوەیە، لەسەر حسابی مەسلەك و ئەرکی خۆی ئامادەیە هەموو شتێك بکاتە قوربانی بۆ ئەوەی بگاتە ئەو شتانە. لە راستیدا کێشەی پۆلیسی ئەوەیە کاتێك لەناو ئەرکی پۆلیسدا بە شوێن ئەو شتانەدا دەگەرێت بۆ نمونە:

لێکۆڵەرێکی پۆلیس خاوەنی ئوتۆمبیلێکە جۆری (مازدا) بەڵام سەیر دەکات ترومبێلی وەك شت بۆتە شەرەفێکی گەورە بۆ کەسەکان، ئەم پۆلیسە جیا لەوەی لەناو ئەرکی خۆیدا خیانەت دەکات، کاتێك تۆمەتبارێك کە تاوانێکی ئەنجامداوە، یەکەم پرسیاری ئەم پۆلیسە ئەوەیە (کارت چیە؟) کاتێك کابرا دەڵێ لە پێشانگاکانی سەیارە کاردەکەم ئەم عەقڵە دێ تەواو گرنگی دەدات بەم شتە و لێکۆڵینەوە دەکاتە قوربانی شتەکانی خۆی، لە رێگەی یارمەتیدانی تۆمەتبار لەسەر حسابی وەزیفەکە و دەگاتە مەرامی خۆی، ئینجا چاودێری شتێکی دیکە دەکات،

کێشەی ئەم پیاوە ئەوەیە بەردەوام لەو وێنەیە دەترسێ کە لەناو کۆمەڵگا بۆی دروست بووە، چونکە خودی ئەو ئەو وێنەیەیە کە کۆمەڵگا دەیداتی و بەردەوام لە خزمەت داخوازیەکانی ئەم وێنەیەدایە، بۆئەوەی نەمرێ لە ناو کۆمەڵدا، گرنگترین ریگاکانی کارکردنیشی ئەمانەن:

أ: وێنەیەك هەیە لە ناو کۆمەڵدا بەرەواجە وەکئەوەی یەکێك (ئەفسەر) بێ، ئەم پیاوە چاودێری ئەم وێنانە دەکات، چونکە ئەم وێنەیە بە تەنها کارێکی ئاسایی نیە، بەڵکو لە ناو خەڵکدا خاوەنی رێزو شەخسیەت و مەکانەی خۆیەتی، کێشەی ئەم عەقڵە ئەوەیە بەردەوام دەیەوێ خۆی تەماس کاتەوە لەگەڵ ئەو وێنانەی لە ناو کۆمەڵدا زۆر باون و زۆر بەرچاون وەك ئەم وێنەیە:

س: ئەفسەر، ێ: مامۆستا، ع: ئەندازیار، ن: کەناس. کۆمەڵگا لەم وێنەیەدا سەیر دەکەی زۆرترین وێنەی بەرچاو کە قیمەتی لەناو کۆمەڵگادایە.

(س)ەکە: ئەفسەرە، ئەم کەسە تەواو ئەم وێنەیەی لەلا دەچەسپێ کە هەوڵی بۆ بدات، چونکە گەورەترین پانتایی هەیە لەناو کۆمەڵگا.

ب: دواتر دێ خۆی دەکاتە خزمەتی ئەو وێنەیە، واتە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هێزی ئەو وێنەیەوە ئەو وێنەیەش لە بنەرەتا هی خۆی نیە و هی ناو کۆمەڵگایە، واتە لێرەدا ئەم پۆلیسە دەکەوێتە ژێر ئاراستەی کۆمەڵگاوە، گەر رۆژێك وێنەی (س)قیمەتی نەمێنی، وێنەی (ێ) قیمەت پەیدابکات، ئامادەیە هەموو قوربانیەك بدات بۆئەوەی خۆی یەکسان بکات بە (ێ).

ج: ئەم پۆلیسە کاتێك دەبێتە خزمەتکاری وێنەکانی ناو کۆمەڵگا، مەترسی ئەوەی لەسەرە کە جێی متمانە نین، چونکە بە ئەرکی

پۆلیسەوە کاسبی دەکات و بەردەوام دەیەوێ خۆی بسەلمێنێ لە ناو کۆمەڵگادا، گەر نمونەیەکی زیندوو وەربگرین:
شێخ زاناو گروپەکەی کە زۆربەیان فەرمانبەر بوون، کاتێك سەیر دەکەن ئەوەی کۆمەڵگا حسابی بۆ دەکات ئەوەیە خاوەنی ژن و خانوو ترومبێل بی، لە پێناوی خۆ یەکسانکردنی بەو ئایدۆلۆژیایەی کە لەناو کۆمەڵگادا باوە هەموو قوربانیەك دەدات بۆ گەیشتن بەو قیمەتە، بۆیە دەبێ زۆر وریا بین لەوەی کەوا کێ دەکەینە پۆلیس و کێشە ناکەین، هەتا بە ئەمانەت و لێپسراوییەوە ئەرکەکانی پێ بسپێرین بە خەڵکەکانمان، لە پێناوی بەرژەوەندی گەل و خزمەتکردنی بە قەزێیەك کە ئەویش قەزییەی کوردیە، خزمەتکردن بە ماڵێك کە ماڵی کوردە و هەمووومان دەبێ بۆی بجەنگین لەپێناو نەڕوخانیدا.

### ٣-چۆنیەتی ئیشکردنی پۆلیسی سایکۆلۆژی:

پۆلیسەکانی سایکۆلۆژی زۆربەیان ئەوانەن کە دوژمندارن، واتە لە ترسی دوژمنەکانیان بوونەتە پۆلیس یاخود ئەو کەسانەن کە نەخۆشی خۆ بەکەمزانینیان هەیە، ئیتر یان ئەوەتا لە منداڵیدا توشی گرێیەکی دەرونی بووە بەوەی بەردەوام شکاندویانەتەوە، بەمەش وردە وردە بۆتە کەسێکی دورەپەرێز لە کۆمەڵگاو بەردەوام خۆی دزیوەتەوە لە چاوی کۆمەڵگا، ئەم کەسە کاتێك هەست بەوە دەکات کەوا کۆمەڵگا هیچ حسابێکی بۆ ناکات، ئیتر بە شوێن ئەوەدا دەگەڕێ چۆن پارسەنگی خۆی یاخود ئەو کەموکوڕیە دەروونیە چارەسەر بکات، بەردەوام کێشەی ئەوەی هەیە کە ڕۆژێك ببێتە دەسەلاتدارێك یاخود کارێك بکات کە خۆی بکرێتەوە لە ناو کۆمەڵگا.
یاخود کابرایەکە زۆر غەدرو نەهامەتی توشبووە، بە منداڵی

غەدریان لێکردووە، یاخود شکاندویانە، کاتێك بڕیار دەدات ببێ بە پۆلیس لێرەوە بڕیاردانی لەسەر بوونە (پۆلیسبوون)ی جارێك خۆی نیە بەڵکو ئەوە رقی دوژمنەکانیەتی وای لیدەکات کە ئەرکی پۆلیس وەربگرێ، کێشەی ئەمجۆرە پۆلیسانە ئەوەیە بەردەوام دەیانەوێ قەرەبووی ئەو لەحزانەی خۆیان بکەنەوە کە بێدەسەڵات بوون، یاخود غەدریان لێکراوە و بەردەوام لە رێگەی دوژمنەکانی خۆیانەوە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئێمە چۆنیەتی ئیشکردنی ئەمجۆرە پۆلیسە ئاشکرا بکەین کاتێك ئەم کەسە بە ناو ئەم تەجرەبەیەدا دەڕوات دوژمن لە ناو زەینی ئەم کەسەدا حزور پەیدا دەکات واتە لێرەدا وێنەیەك هەیە لە زەینی ئەم کەسەدا ئەویش پۆلیسە حاڵەتی دەروونی ئەم کەسە لە دووبارەدایە:

أ: باری ناوخۆیی: یانی ناو میشکی کاتێك شەوان چاو دەنوقێنێ یاخود بەتەنیا بیر دەکاتەوە، بەردەوام لە ناو مێشکیدا لەم (وێنە)یە دەدات، بۆئەوەی ئەم(وێنە)یە بەرجەستە بکات لە ناو جسمێکدا بەردەوام جسمی بۆ دەدۆزێتەوە، واتە ئەم کەسە بەردەوام لە ناو شەڕێکی گەورەدایە لەگەڵ، خۆی تەنانەت خەوی ئەم پیاوە بەردەوام لە خەونەکانیدا راوی دەنێن و دەیکوژن، یاخود ئەو خەڵك دەکوژێ و شەڕ دەکات، ئەمە باری یەکەمە لە ناو زەینیدا روودەدات، لێرەدا مەرج نیە بە تەنها خەو بەڵکو زۆرجار لە حاڵەتی زەیندەخەودا ئەم کەسە دەچێتە ناو بیرکردنەوەی و بەردەوام شەڕ دەکات لەگەڵ دوژمنەکانیدا، بۆئەوەی خۆی بکرێتەوەو قەرەبووی ئەو خاڵە لاوازانەی بداتەوە کە لەناو کەسیەتی خۆیدا هەیە.

ب: باری دووەم: بریتیە لە حاڵەتی مامەڵەکردنی ئەم پۆلیسە



له ناو واقیعدا که ئەویش لەو پەیوەندیەدایە کە دەیبەستێتەوە بە دەوروبەری خۆیەوە، ئەویش کێن ئەوکەسەی زۆربەیان ئەوانەن کە ئەم وەك پۆلیس ئیتر(لێکۆڵەر، فریاکەوتن، رەگەزنامە، ئاسایش)ە هەر چ کارێك دەکات مامەڵە لەگەڵ خەڵك دەکات لە کاتی مامەڵە و کارکردنیدا دەکەوێتە ناو سۆزو عاتیفەو غەریزەکانەوە، لێرەدا جڵەوی خۆی شل دەکات بۆ سۆزو عاتیفە و رق و ئەو غەریزانەی کە لەناو مرۆڤدا هەن سەرەکیترین دوو بنەماش کە کاری پێدەکات ئەمانەن:

١- سەرەتا باسمان لەوە کرد کە ئەم پۆلیسە وێنەیەك (فکرەیەك) یاخود بیرۆکەیەك هەیە لەناو مێشکیدا کە ئەویش بیرۆکەی دوژمنە لەم حاڵەتەدا کاتێك مامەڵە لەگەڵ یەکێکدا دەکات کە کەسەکە هەمان گرفتی ئەمی هەیە بۆ نمونە:

لێکۆڵەرێکی پۆلیس خۆی باوەژنی هەبووە زۆر خراپ بووە لە گەڵی کاتێك تۆمەتبارێك دێت و ئەویش هەمان حیکایەتی ئەمی هەیە ئەم لێکۆڵەرە تووشی (اندماج)و تێکچون دێ و وا مامەڵەی لەگەڵ ناکات کە تۆمەتبارە، بەڵکو دەکەوێتە ناو عاتیفەوە و بەبەزەییەوە بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە خۆیەتی، بۆ زیاتر روونکردنەوە سەیری ئەم وێنەیە بکە:

س:باوەژن

باری (١)

یَ= تۆمەتبار، س= لێکۆڵەر، ع= باوەژن

باری (٢)

تۆمەتبار= لێکۆڵەر

لەم بارەیدا تۆمەتبار یەکسان دەبێتەوە بە لێکۆڵەری پۆلیسەکە و لێرەوە حەقیقەتی رووداوەکە لە بیر دەکرێ.

٢- بارێکی دیکە هەیە کاتێك ئەم پۆلیسە دەکەوێتە ناو مامەڵەوە لەگەڵ کەسێکدا کە لە دوژمنەکەی دەچێ، یاخود کابرایەکە ژنی تەلاق دراوە منالەکانی خستۆتە ژێر دەستی باوەژنەوە، لێرەدا کاتێك ئەم جۆرە لە پۆلیس مامەڵە لەگەڵ ئەم پیاوە دەکات ئەو وێنەیەی کە هەیەتی دەربارەی باوکی خۆی کە وەختی خۆی هەمان کاری ئەم پیاوەی کردووە، ئەم بیرۆکەیە دەخاتە ناو جەستەی ئەم کابرایە وەك باوکی، واتە (دوژمنێك) مامەڵە لەگەڵی دەکات لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو پیاوە غەدری لێکرابێ وەك ئەم وێنانەی خوارەوە:

س: وێنەی دوژمنەکە

(١)

ع: غەدرلێکراو بەڵام هاوشێوەی (س)ە لای (ێ)

ێ: لێکوڵەری پۆلیس

(٢)

لێرەدا (ع=س) ێ

واتە: کاتێ پۆلیسەکە دەکەوێتە لێدانی(ع)، بەڵام نازانی ئەو لە(س) دەدات، بەڵام لەناو جسمی (ع) دەدات، چونکە ئەو وێنەیە یاخود (س) کەوا بیرۆکەی دوژمنە لە مێشکی (ێ)دا کە لێکۆڵەری پۆلیسە لەناو واقیعدا پێویستی بەوە هەیە کە جسمی بۆ بدۆزێتەوە، بۆئەوەی ببێتە شتێکی بەرجەستە، هەتا ئەو بتوانێ لێی بدات، ئەم حاڵەتە راستی هەر تەنها لە ناو پۆلیسدا نیە، بەڵکو لەناو زۆربەی بوارەکانی تری ژیاندا دوبارە دەبێتەوە وەك هاوسەریەتی، خۆشەویستی و تەنانەت پەیوەندی کۆمەڵایەتیش.

٤- چۆنیەتی ئیشکردنی پۆلیسی پەتی:

پێشتر باسی ئەم پۆلیسەمان کرد سەبارەت بە پێناساندنی و چۆنیەتی گەشەکردنی خۆی، دیارە ئەوەمان زانی کە ئەم پۆلیسە یەکەمجار کاتێك بڕیاریداوە ببێتە پۆلیس لەژێر فشاری هیچ هێزێکی دەرەکی نەبووە، بەڵکو بە ویست و ئارەزووی خۆی بڕیاریداوە، واتە خۆشەویستی کارەکە وای لێکردووە بڕیار بدات ببێتە پۆلیس و نەبێتە شتێکیتر، ئەم پۆلیسە پێش هەموو شتێ وەعییە بە خۆی، واتە هەمیشە لە ناوخۆیدایە لە بەردەم کارەکانیدا کارکردنیشی کارکردنە بە عەقڵێکی حەکیمانە و سەلیم، چونکە ئەو لێدەگەڕێ بۆئەوەی شتەکان خۆیان حەقیقەتی خۆیان دەرببڕن، چونکە کاتێك یەکێك بە تومەتێك دەگیرێ حەقیقەتی ئەوەی ئایا ئەوە بکەری تاوانەکەیە لای خۆیەتی بە تەنها، پۆلیسی پەتی زەمینە خۆش دەکات بۆ دەرهاتنی ئەو زانیاریە نەك گومانی خۆی ساغ بکاتەوە بە سەر روداوو کەسەکاندا.

لە کاتی روودانی هەر کارێکدا ئەو رووداوە پەرت دێ، واتە پارچە پارچە دەبێ، پارچەیەك بە شاهید دەکەوێ، پارچەیەك بە تۆمەتبار، پارچەیەك ون دەبێ، کاری لێکۆڵەر لێرەدا ئەوەیە ئەم پارچەیە لێکبداتەوە لەپێناو دروستکردنەوەی رووداوەکە، بۆئەوەی جارێکیتر ئامادەی بکاتەوە.

لێرەدا کاتێك پۆلیسی پەتی سەیری رووداوێك دەکات ئەم رووداوە کە لە واقیعدا رویداوە، ئەم وەك لێکۆڵەر یاخود پۆلیس لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خۆی لەگەڵ ئەو رەمزانەی ناو رووداوەکەی یارمەتی دەدەن بۆ گەیشتن بە راستی شتێك، لەم بارەدا ئەوەی لە ئەنجامی بیرکردنەوەی خۆی بەرهەم دێ با ناوی بنێ (ێ) روداوەکەش (ێ) بەڵام ئەو دێ بەردەوام لە ناو روداوەکە گەمە دەکات، هەتا بزانی ئایا فکرەکەی خۆی هەماهەنگ دێتەوە

لەگەڵ ڕووداوەکەدا، دیارە گەر هاتوو فکرەکە هەماهەنگ بوودوە لەگەڵ ڕاستی ڕووداوەکە ئەوا لێکۆڵەر دەگاتە پلەی کاملبوون و ڕاستی ئاشکرا دەبێ.

لەم بارەدا لێکۆڵەر کۆمەڵێك گومان دەکات لەوانەیە گریمانەی (ع)، (س)، (و)، (ێ) ئەوکات دێ ئەم گومانانە یەك یەك یەکسان دەکاتەوە بە ڕووداوەکە، چونکە وەك وتمان ڕاستی ڕووداوەکە لە مێشکی لێکۆڵەر دانیە، بەڵکو لەناو ڕوداوەکە خۆیایەتی، لێرەدا پۆلیسی پەتی هەرسێ ڕێگە بەکاردێنێ کە ئەوانیش :

١.واعیبوون بە خۆی.

٢.قۆناغی دەرچوون.

٣.قۆناغی گەڕانەوە.

دیارە پێشتر هەر سێ قۆناغەکەمان زۆر بەڕوونی شیکردەوە، بۆیە لێرەدا هەر وەك سەرەقەڵەمێك ئاماژەی پێ دەدەین بەو هێزانەی کە یارمەتی دەوێ بۆ برایانی پۆلیس لە گشت بوارەکانی کارکردنیاندا.



بەشی چوارەم

# ڕاپرسیەکان

لەم بەشەدا ئێمە چوار پرسیارمان کردووە لە پێنج کەس، کە هەریەکەیان بە شوێن و بە پلە جیاوازن و هەریەکەیان هی شارو شارۆچکەیەکن. راستی پرسیارەکان زیاتر بۆ ئاشکراکردنی فکرەکانن، یانی مەبەستمان بە کەس نیە، بۆ نمونە کاتێك دەپرسی ئایا بەرێوەبەرەکەت خۆشدەوێ، مەبەستمان ئەوە نیە کە بەرێوەبەری پۆلیسی شارەکان باشن یا خراپن، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە پەیوەندی فەرماندەو خواری خۆی لەسەر چ بنەمایەکە، خۆشەویستی یان بەرژەوەندی یان... هتد، دواجاریش ئەو پەیوەندییە چۆن بێ باشەو، چۆن بێ خراپە، یانی مەبەستمان بوونی بنەمایەکە نەك شتیتر.

پرسیارەکانی دیکەش راستی تەنها بۆ ئەو مەبەستەن، وابزانم لە وەڵامەکانیشدا خوێنەر خۆی زیاتر ئەودیوی شتەکان دەبینێ، ئەو ناوانەش بەکارهاتوون هەموو نازناون، بەڵام کەسەکان واقعین و، وەڵامەکانیش هی کەسەکان خۆیانن، بەو هیوایەی ئەم بەشە زیاتر خزمەتی لێکۆڵینەوەکەی کردبێ.

**پرسیارەکان:**

پرسیاری (١):

لەبەرچی بڕیارتدا ببیتە پۆلیس و نەبیتە شتێکیتر؟

پرسیاری (٢):

ئایا بەڕێوەبەری پۆلیست خۆش دەوێ؟ گەر ئا، بۆ؟ گەر نا، بۆ؟

پرسیاری (٣):

ئایا ئاسودەیت کە پۆلیسیت؟ گەر ئا، بۆ؟ گەر نا، بۆ؟

پرسیاری (٤):

ئایا دەتوانی یاساییانە هەڵسوکەوت بکەی؟ گەر ئا، بۆ ؟ گەر نا، بۆ؟

**وێنەی یەکەم**

ناو: توانا

موالید: ١٩٨١

پلە: مولازم

وڵامی پ١:

تا گەیشتمە قۆناغی شەشەمی ئامادەیی بە هیچ شێوەیەك بیرم لەوە نەکرد بوەوە کە من رۆژێك ببم بە ئەفسەر، بەڵام خاڵێکم رۆژێکیان پێی وتم تۆ ئەگەر لە پۆلی شەشەم (٩٠) بهێنی، ئەبێ بچی بۆ کۆرسی پۆلیس، منیش وتم بۆ؟ وتی لە بنەماڵەی ئێمە تەنها ئەفسەرمان نیە، پێویستمان بە ئەفسەرێکە و منیش کاتی خۆی زۆرم هەوڵدا ببم بە ئەفسەر، نەمتوانی ببم، بەڵام من ئیستا کە دکتۆرم ئێستاش حەز دەکەم ببم بە

دکتوری (سەربازی)، دوای قسەکانی خاڵم پاش ماوەیەك خۆم پرسیارم دەکرد لە برادەرانی ترم لە ئەفسەر بوون، بۆئەوەی بزانم بارو گوزاری ئەفسەر چۆنە، ئەو خەونانەی من دامناوە لە خەیاڵی خۆم ئەتوانم لە ڕێگەی ئەفسەریەوە ببینم؟ پاش ماوەیەك بیرکردنەوەو تێفکرین منیش بڕیارمدا ببم بە ئەفسەر، بۆیە من ڕێژەی نمرەکانم ٧٥٪ بوو، کە زۆرترین ڕێژە بوو لەگەڵ ئەفسەرەکانی تری هاوبەشم لەگەڵ واستەیەکی زۆر ئینجا لە کولێژی پۆلیس وەرگیراوم و بڕیارمدا ببم بە ئەفسەر و خزمەتی خاکی کوردستان بکەم .

وڵامی پ٢:

من بەڕێوەبەرکەم خۆشناوێ، چونکە کەسێکی شیاو نیە بۆ شوێنەکەی، لەسەر ئەساسی حزب دانراوەو لە بەرپرسە حزبیەکان دەترسێ و بە یەك تەلەفۆن حەق دەکات بە ناحەق، کەسێکی قسەزان نیە توانای نیە بۆ ماوەیەکی درێژ قسە لەگەڵ پۆلیس بکات، لە کۆبوونەوەدا قسەی هەست بزوێنی پێ نیە. پیر بووە توانای ئیش کردنی نەماوە، چونکە بەڕێوەبەر دەبێ بەردەوام لە کار بێ و لە کێشەکانی خەڵك نزیك بن و بەردەوام سەردانی بنکەکانی پۆلیس بکات و لە نزیکەوە لە کێشەی بنکەکان بزانێ، ئەو هەر ئەزانی لە پشتەوەی مێزەکەی قاوە بخواتەوە و بە کلینس لوتی پاکش بکاتەوە.

وڵامی پ٣:

ئاسوودە نیم کە پۆلیسم، چونکە کەسانێکی زۆر بە ناحەق کراون بە پۆلیس، بە پۆخڵەواتاکانی کەسێتی پۆلیسیان شکاندووە لە هەموو کەس ماندووترە کەس بە هیچ نازانی هەر کێشەیەك بکەی کەس خۆی بە کەس نازانی، سەرباری نەمانە و زۆر

شتیتر مووچەی پۆلیس زۆر کەمە و بەشی بارو گوزەرانی ناکات.

ولامی پ٤:
من ناتوانم یاسا چۆنە ئەو هابم، چونکە دەوروبەرەکەم کاریگەری هەیە بە سەرمەوە، بەلام دەتوانم ٨٠٪یاسا چۆنە ئەوها بم.

**وێنەی دووەم**

ناو : سامان جەمیل ئەحمەد

پلە : پ. پ٤

موالید ١٩٦٩

ولامی پ١:
لە بەهاری ساڵی ١٩٩٧ خەریکی ئیشکردن بووم لە بازاری دەلاڵخانە، ئەوکات ئیشم زۆر لاواز بوو دەستکەوتم زۆر کەم بوو، رۆژێکیان لە بازار لە لافیتەیەکدا ئاگادارییەکەم خوێندەوە کە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر پێویستی بە دامەزراندنی (٥٠٠) کەس ئەندامی پۆلیس هەیە بە بڕی مووچە (٥٣٠ )دیناری ئەسڵی، لەبەرئەوەی من خاوەن بڕوانامەی دبلۆمم (دبلوم فنی)، بۆیە وام بە باشزانی کە دابمەزرێم بەڵکو بەو هیوایەی رۆژێك بێ بەو بڕوانامەیە ببم بە ئەفسەر، بەلام بە داخەوە نەمتوانی ئەم ئامانجەم بهێنمەدی.

ولامی پ٢:
رێزی تایبەتم هەیە بۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر لەبەرئەوەی خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و رێکوپێك و هۆشمەندە، بەلام خۆشم ناوێ لە هەمان کاتیشدا رقم لێی نابێتەوە، چونکە خۆشەویستی پەیدا دەبێ لە ئەنجامی گەلێك هۆکاری سروشتی، وەك هەبوونی

پەیوەندی خزمایەتی یان دۆستایەتی بەهێزو زۆر هۆکاری تریش. و من لەم دوو جۆرە پەیوەندیە دوورم.

ولامی پ٣:

لە سەرەتای دامەزراندنمدا زۆر ئاسوودە بووم، لەبەرئەوەی ئەو کات باری ژیانم زۆر باش بوو بەڵام ئیستا ئاسوودەنیم، چونکە باری ژیانم زۆر زەحمەت بووە و زۆر بێزارم، لەبەر کەمیی مووچە و گرانی کرێی خانوو و گرانی نرخی کەلوپەل لە بازارداو کەمی سووتەمەنی.

ولامی پ٤:

بێگومان ناتوانم یاسا چۆنە ئەوها بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵسوکەوت بکەم، چونکە ئەوە پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر هەیە لە بواری یاسادا، بەڵام لەبەرئەوەی من پۆلیسم لە بواری یاسا نزیکم و رۆژانە لە کارەکانمدا هەڵسوکەوت دەکەین بە پێی یاسا، بۆیە هەتا رادەیەك شارەزاییەکی باشم پەیدا کردووە لە بواری یاساداو، تا رادەیەك دەتوانم بەپێی یاسا هەڵسوکەوت بکەم .

**وێنەی سێیەم**

ناو : رێبوار

تەمەن : ١٩٧٦

پلە : پ. پ٤

ولامی پ١:

بە هۆی نەبوونیی نەمتوانی بخوێنم، بۆیە ژیانی ماڵەوە زۆر بە زەحمەت بوو بووە گرانی هەروەها با دوا رۆژیکم هەبێ ژیان زۆر

به زحمەتە، بۆیە بووم بە پۆلیس.
وڵامی پ٢:
نەخێر خۆشمناوێ لەبەرئەوەی دڵسۆزی پۆلیس نیە، ڕۆژێك سەردانمان ناکات، گوێ لە پۆلیس ناگرێ بزانێ چی دەوێ.
وڵامی پ٣:
هیچ ئاسوودە نیم لەبەرئەوەی ئەرکی زۆر گران دەکەن، هەقی پۆلیس نادەن بە هیچ شێوەیەك، هەروەها نەبوونی یەکسانی لە دامودەزگاکان.
وڵامی پ٤:
ناتوانی لە کوردستان یاسا بەرقەرار بێ لەبەرئەوەی حزب دەسەڵاتدارە.

## وێنەی چوارەم

ناو: هەڤاڵ
موالید: ١٩٧٨
پلە: عەریف

وڵامی پ١:
لەبەر نەبوونی بژێوی ژیان بووم بە پۆلیس هەروەها نەبوونی شەهادەیەکی بەرزو لە پاشەڕۆژێکی بەرز دەگەڕام بەڵام دەستم نەکەوت بۆیە بوومە پۆلیس.
وڵامی پ٢:
نەخیر لەبەر نەبوونی یەکسانی لە پۆلیس و پشت نەگرتنی هەروەها مەدەنییەك قسەی زۆر ڕێزی زیاترە لە پۆلیس و، بوونی گواستنەوەی زۆر بە واسیتە و خزمایەتی.



وڵامی پ۳:
نەخێر ئاسودە نیم کە بوومەتە پۆلیس چونکە بژێوی ژیانم دابین ناکات، هەروەها ڕێزم نیەو وەك مرۆڤ سەیر ناکرێم، نە لەلای خەڵك و نە لەلای بەرێوەبەرەکانمان.
وڵامی پ٤:
بەڵێ دەتوانم، بەڵام زۆرجار ڕێگە نیەو رۆتینات و واسیتە ناهێڵێ.

**وێنەی پێنجەم**

ناو: حاجی
تەمەن: ١٩٨٠
پلە: رائید

وڵامی پ١:
زۆرم حەز کردووە خزمەتی کوردستان بکەم و بیپارێزم چونکە ئەم کوردستانە پێویستی بە هەموومان هەیە، هەر وڵاتێك پۆلیس و ئاسایش یاسای ئەو وڵاتە نەپارێزن، ئەو وڵاتە بەرەو نەمان دەچێ، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم گرنگی باش بە دەزگاکانی پۆلیس بدات.
وڵامی پ۲:
بەڵێ، ئەگەر بەڕێوەبەرەکەی خۆم خۆشنەوێ ناتوانم یەك رۆژ دەوام بکەم، چونکە پەیوەندی نێوان بەرێوەبەرو پۆلیس و پۆلیسەکان پەیوەندی برایانەیە و یەکترمان خۆشدەوێ، ئەگەر یەکترمان خۆشنەوێ ناتوانین بە یەکەوە ئیش بکەین.
وڵامی پ۳:

ئاسوودە نیم چونکە دەبینم وەکو پێویست گرنگی تەواو بەم دەزگایە نەدرایەوە، بۆ نمونە زۆر شت هەیە خەمی خۆمان بۆمان ناکرێ، مووچەی پۆلیس لەناو حکومەتی مەرکەزی ٤-٥ هەزار دیناری سویسری دەبێ، کەچی مووچەی ئێمە نیوەی ئەم مووچەیەیە، لەلایەنی جلوبەرگ لە کاتی خۆی پێمان نادرێ، چونکە هەر وەرزێك پێویستی بە جۆرە جلوبەرگێك هەیە. من تا ئێستا خزمەتم ١٧ ساڵ دەبێ کەچی پۆلیس ماوەیان کەمە جا چۆن ئاسوودە بم، بۆیە بوونی دادپەروەری لە هەموو بوارێك پێویستە تا وەکو کەس هەست بە کەموکورتی و جیاوازی نەکات هیوادارم لەوە پاش باری گوزەرانی پۆلیس و هەموو فەرمانبەری حکومەتی هەرێم باش بکرێ.

وڵامی پ٤:

ئیشەکەی ئێمە جێبەجێ کردنی یاساو بریارەکانی دادگایە لەوانەیە تووشی هەندێ حاڵەتی نائاسایی بی، چونکە خەڵکانێك هەن حەز لە یاسا ناکەن، بەڵکو حەز دەکەن یاسا پێشێل بکەن و هەندێ کەس هەن بە ناوی حیزب دەست لە کاروبارەکانمان وەردەدەن، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵ بدات بۆئەوەی یاسایی سەروەر بێت و بە یەك چاو سەیری هەموو خەڵك بکرێ، پێشکەوتنی کومەڵگا لە پێشکەوتنی یاسادایە، یاسای بۆ رێکخستنی کومەڵگایە، بۆ نەهیشتنی تاوان و تاوانبارانە، بۆ رێکخستنی ژیانی رۆژانەی خەڵکە.

لە کۆتایی هیوادارم حکومەتی هەرێمی گرنگی تەواو بەم دەزگایە بدات و هەوڵبدات کەس نەتوانێ دەست لە باری یاساو پۆلیس وەربدات و، باری گوزەرانی ئێمەش باش بکرێ تاکو ببێتە هاندەرێك بۆ خزمەتکردنی یاسا.

## کۆتایی:

لە دوماهی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، جێی باسە ئەوە بڵێم بەشی دووەم کە بەشی راپرسیەکانە یاخود (کارەکی)ە، دەبوایە خوێندنەوەمان کردبا بۆ وەڵامی کەسەکان، یانی بە پێی تیۆریەکانی بەشی یەکەم رۆیشتباین لەگەڵ تەواوی ئەو کەسانەدا، بەڵام لێگەراین بۆ خوێنەر خۆی کە ئەو حوکمە بدات لەسەر چیەتی ئەو کەسانە.

هەروەها ئەم لێکۆڵینەوە دەکرێ لە داهاتوودا جێگەی گۆرانکاری یاخود گەشەکردن بێ، ئەمەش لێدەگەرێین بۆ ئەو کاتەی بزانین ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کوێدا جێی خۆی دەگرێ ئەوکات دەتوانین فراوانتری بکەینەوە بەسەر زۆر بواری دیکەدا. هیوادارم بەم لیکۆڵینەوە مەیدانیە توانیبێتمان خزمەتێکی گچکەمان بە ناوەوەی پۆلیس کردبێ، بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی دیکە بەیەکتر بگەینەوە. هەروەها سوپاسی بێپایانم بۆ بەرێز مامۆستا رێبوار سیویلی لە زانکۆی سەلاحەدین، کە ئەرکی پێداچوونەوەی بەم بەرهەمەمدا کرد و بە تێبینیەکانی ناوەرۆکەکەی بەپێزتر کرد.

دەبێ ئەوەش بڵێین گەر پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکان نەبا ئەوا ئەم لێکۆڵینەوەیە وەك زۆربەی کارەکانی دیکەم دەبایە لەناو گوێنیدا هەڵگرتبا. بەدەنگهاتن و خەمخۆری ئەوان بۆ من زیاتر ئەو هیوایەی لا گەشاندمەوە کە هێشتا خەڵکانێك هەن لەدوای قەزیەکەن، کە قەزیەی میللەتەکەمانە، من زۆر مەمنونیانم هیوام سەرکەوتن و سەرفرازیانە لە گشت کارەکانی دیکەیاندا.

داوای لێخۆشبوون دەکەم لەهەر کەموکوری و ناتەواویەك، ئامادەشم گەر دەرکەوت ئەم زانیاریانە جێی گومانن، بە شوێن ئەو گومانەدا بچێن بۆ گەیشتن بەراستی هەمیشەیی، ئەوەش بە پاڵپشتی ئێوە دەکرێ. زۆر سوپاس.



**سەرچاوەکان:**

*بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:*

١- ئیگۆوئید، فرۆید، و. یوسف عوسمان حەمەد، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری نما، زنجیرە (٤٩)، هەولێر، ٢٠٠٥.
٢- چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکەوە، دیکارت، و. حمید عزیز، خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٣- مێژووی فەلسەفە، هیگڵ، و. عیرفان مستەفا، دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠٠٦.
٤- کۆمار، ئەفلاتون، و. مهدی حسن - سۆران عمر - رێبوار قارەمانی، دەزگای وەرگێران، هەولێر، ٢٠٠٦.

ئەم کتێبەی دەیخوێنیتەوە، بەرلەوەی وەستان و رامان بێت لە پیشەو ئەرکی پۆلیس، رامانە لە هەموو ئەو رێگرانەی ((مرۆڤبوون)) لە پۆلیسدا دەکوژن. نووسەری ئەم کتێبە لە سنووری تواناو سەلیقەو خواستی خۆیدا بۆ دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی، بە توندی بەرگریی لە مرۆڤبوونی پۆلیس دەکات و لە دژی کوشتن و کەمکردنەوەی بەهای مرۆییە لە پیشەی ناوبراودا. سەرنجی نووسەری کتێبەکە، وێرای تێگەیشتنی لەو هۆکارانەی ئەم پیشەیەیان لە وڵاتی ئێمەو لەناو سیستەمی سیاسی ئێمەدا بە قەیران گەیاندووە، ئەوەیە کە بڵێت بەرلەوەی پۆلیس وەک (پیشە) دروستبکەین، پێویستە مرۆڤ ئامادە بکەین بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکێکی پڕ زەحمەت و پڕ لە بەرپرسیارێتی.. بۆیە نابێت رەخنەکانی ناو ئەم کتێبە بە گوناه و کفر دابنرێن و هێرشیان بکرێتە سەر، بەڵکو پێویستە بیروراکانی نووسەر بەهەند وەربگیرێن و لایەنەکانی پەیوەندیداریش لە خەمی ئەو رەهەندانەدابن کە نووسەر بۆ پێگەیاندنی پۆلیسی باش، بەرگرییان لێدەکات. من کاتی ئەم کتێبەم دەخوێندەوە، هەستمدەکرد بە شێوەیەکی سادە یارمەتیم دەدات لەوەی بەزۆر تێگەیشتن و بیروڕای جێگیربووی خۆمدا بچمەوە.

هەستم دەکرد یاریدەم دەدات تاکو دەست هەڵبگرم لە هەر شتێ کە زیان بەمرۆڤبوونم دەگەیەنێ و وێرانم دەکات، بۆیە دەکرێ هەموومان بەو مەبەستە کتێبەکە بخوێنینەوە، ئەگەرچی لە بنەمادا رووی نووسەر لەو خوێنەرانەیە کە بە پیشە پۆلیسن، یانژێ سەروکاریان لەگەڵ پۆلیسدا هەیە.

وڵاتی ئێمە و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای ئێمە پێویستیان بەوە هەیە دەرفەت بۆ ئەندامەکانی خۆیان برەخسێنن تاکو لەبوارەکەی خۆیاندا بیرکردنەوەکانی خۆیاندا بخەنەروو. کارێ کە نووسەری ئەم کتێبە کردوویەتی جێگەی چاولێکەری و پشتگیری پەیمانگای کوردستان بۆ پرسە سیاسیەکانیش لەم پرۆژەیە لە هەستکردن بە مەسئولیەتێکی زۆرەوە هاتووە. دەستخۆشی لە هەردوولا دەکەم.

ڕێبوار سیوەیلی



چاپخانەی منارە - هەولێر ٢٥١٩٨٤٤